# ژنێکی منگن

www.dengekan.com

RANJ رەنج

# شێرزاد حەسەن

(2) نۆڤلێت

# ـ خەونی جاڵجاڵۆکەکان

# - ژنێکی منگن

www.dengekan.com

www.dengekan.com

- ناوی کتێب : خەونی جاڵجاڵۆکەکانو ژنێکی منگن
- بابەت : دوو کورتە رۆمان
- نووسەر : شێرزاد حەسەن
- تایپو نەخشەسازی: فەرەیدون عەزیز
- بەرگ: قادر میرخان
- ساڵی چاپ : 2006
- چاپی : یەکەم
- ژمارەی سپاردن (    )ی 2006ی دراوەتێ.
- تیراژ : 5000 دانە
- نرخ: 3000 دینار
- چاپو بڵاوکردنەوە: چاپخانەی رەنج.

# خەونی جاڵجاڵۆکەکان

من کەسێکم بۆ هەمیشە لەناو خەونەکاندا دەژیم، هەمیشە بەر لە خەوتن تکاو نزام ئەوە بووە: ئەی خوداوەندی خەونە خۆش‌و ناخۆشەکان فریام کەوە، ئاوڕێك لە منی تەنیاو بێبەش بدەرەوە، منی بێیارو هاودەم، منی هەمیشە ڕەشبین‌و بەدبین‌و هیوابڕاو.. ئەمشەو فەرامۆشم مەکەو خەونێك لە خەونە خۆشەکانی خۆتم بۆ بکە بەدیاری، ژیانم وشك‌و برینگە وەك بیابان.. هاوارم وە بەر تۆ هێناوە بۆ کەمێك باران، قاقڕە دەشتی ڕۆحم.. دەپاڕێمەوە بۆ کەمێك سەوزایی، تاریکە ڕۆژو شەوانم.. سەرهەڵدەبڕم بۆ کەمێك ڕۆشنایی، ئیتر خواوەندی خەونەکان بە سەدەها شەو منی نائومێد کردووەو بە دەیەها شەویش سکی پێم سووتاوەو میهری نواندووەو

یەکێك لە خەونە خۆشەکانی خۆی کردووە بە دیاریم، ئەو شەوانە شەوی دەگمەنی ژیانم بوون، شەوی وەدیهاتنی خولیاو حەزەکانم، خەون بۆ من سەفەر بووە بەناو ژیانو نهێنییەکاندا، بینینی ئەو رەنگانە بوون کە لەسەر ئەم سەرزەمینەدا نین، یان بیستنی ئەو دەنگانە بوون کە هەرگیز نە لە ئادەمیزادەکانەوە بیستوومن، نە لە خەڵقەندەکانی ناو سروشت.

ئەو مەلو گیانلەبەرە سەیرو سەمەرانەی کە لە خەونەکانی مندا دەردەکەون بوونیان نییە، ئەو ژنو پیاوو منداڵو مەزنەی من لە خەونەکانمدا دەیانبینم کەسانێکی دیکەن جیاواز لەوانەی کە من رۆژانە لە هەموو شوێنێکدا ڕووبەڕوویان دەبمەوە، هەرگیز حەزم نەکردووە خەونەکانی خۆم شیی بکەمەوە، چونکە بڕوام وایە نە لای (فرۆید)و نە لای (یونگ)و نە لای (ئیبن سیرین) مانایەك بۆ ئەو خەونە عەنتیکەو هیچانەی من نییە، زۆر زەحمەت بوو باس لەو هەموو خەونە سەیرو جوانو ترسناکانەی خۆم بۆ کەسانی دەوروبەرم بکەم، خەونی وا هەبوو ئەوەندە شەرمەندەی دەکردم کە ئارەقە بە بەرد بکات، ئیتر شەوانی من پڕ بوو لە سیحرو جوانیو ترسو شەرم، زۆر جاران خەونەکانم دەبوونە چاوساغمو تەواو دڵنیا دەبووم کە رۆژی دواتر چ سەودایەك لەتەك دۆستو دوژمنەکانمدا بکەم، بە کام ڕێگادا سەفەری دوورو نزیکم بکەم، کێ بدوێنمو کێ فەرامۆش بکەم، ئەو کاتانەی هەموو دونیاو خەڵك فێڵو

درۆم لەگەڵدا دەکەن، چەند خەونێکم بەسە بۆ ئەوەی دەستخەرۆ نەبم..

من لەناو خەونەکانمدا سەفەر بەناو ئەم دونیایەدا دەکەم، دەتوانم لەنێوان مانگو ئەستێرەکاندا پیاسە بکەم، دەنێو دارستانەکاندا گەمە لەگەڵ شێرو پڵنگو مەیموونەکاندا بکەم، گەمە بەگوێی پانی فیلەکانو شاخی ئەستووری کەرکەدەنەکان بکەم، قسە لەگەڵ درەختەکاندا دەکەمو.. وەك ماسی بە سەعات بچمە ژێر ئاوو نەخنکێم، زۆر سووكو ئاسان دەچمە ناو ئاوێنەکانو دێمە دەرێ بێئەوەی ئاوێنەکان بشکێنو من بریندار بم، دێوو درنجو خێوەکان لە خەونەکانمدا هاوڕێمن، هەندێك جار کە دەکەومە ناو تەڵەو وەك مەلێك بە فاقەوە دەبم، کەسێك دێت وەك فریادرەسێك رزگارم دەکات، جاریش هەبووە لەو خەونەدا دەیەها ساڵ لەناو قەفەزدا دیلو بەندەوار بووم، یان لە گەرمەی شەڕێکدا سەد چەقۆم بەردەکەوێتو خوێنم لەبەر دەڕوات، کەسێك عیسا ئاسا دەست بە برینەکانمدا دێنێتو سارێژیان دەکات، لە رۆژانی تەنیاییو بێبەشیم لە سۆزو خۆشەویستی بۆ هەمیشە خانمێك لەژێر کراسێکی زۆر تەنكو سپیدا دەهاتو تا ماندوو دەبووین دەستبازی لەگەڵ دەکردم، هەموو جارێك کە دەمویست لە ماچو رامووسان بپەڕمەوە بۆ ئەودیو دیواری خەونو ئەو دیوی نادیاری لەزەتەکان.. دەستی دەخستە سەر دەمەو دەیوت: دە پەلە مەکە.. منو تۆ هەزاران شەوو خەونمان بەیەکەوە ماوە..

www.dengekan.com

ئەو خانمە خنجیلانەو سپی پۆشە بە وادەو بەڵێنی خۆش تا هەنووکە منی هێشتۆتەوە.. وای لە خانمی خەونەکان کە بەڵێن دەداتو نایە..

لە خەونەکانمدا هاوینم بارانەو زستانم خۆرسووتانەو بەهارم گەڵاڕێزانو پایزم نێرگزەجاڕە..

بەنێو بۆنە زۆر خۆشەکاندا وەك هوزارێك دەفڕم، بۆنێك دەمداتە دەست بۆنێكو رەنگێك دەمداتە دەست رەنگێك..

لەو خەونانەدا مەلو درەختو ئاوو با حەکایەتی خۆیانم بۆ دەگێڕنەوە، هەریەکەو بە زمانی خۆی، چیرۆکی عیشقو حەزی مەل لەگەڵ درەخت، ئاو لەگەڵ ماسی، با لەگەڵ پێدەشتی، خەونەکانم هەرگیز لەیەك ناچن، هەر مەلو مرۆڤو درندەیەك لە خەونەکانمدا دەربکەوێت، جارێکی دیکە بە هەمان رەنگو رووخسارو شێوە دەرناکەونەوە.. هەمیشە جیاواز دەردەکەونەوە.

خەونەکانم بەتەنها جوانیو سۆزو شەیدایی منو دونیا نییە، نا.. هەندێك جار خەونەکانم لێوانلێوە لە دڵڕەقیو سامناکی، لە منداڵیمەوە هەزاران جار ئەو خەونە دەبینم کە ڕاوەدوو دەنرێمو بریندار دەکرێمو دەکوژرێم، جار هەیە خۆم دەبینم لە گۆڕەپانێکداو لەسەر سەکۆیەکی بڵند هەر هەموو خەڵکی شار دادگاییم دەکەن، لەسەرچیو کام تاوان؟ نازانم.. یان بە سەدەها شەو خۆم دیوە لەسێدارە دراومو بەپەتی سێدارەکەوە شۆڕ بوومەتەوەو ناخنکێم، لە هەمان کات هەر خۆم لەناو حەشامەتەکەدا وەستاومو لە لنگەفرتێی خۆم دەڕوانم کە بەو ئاسمانەوە هەڵواسراوم، زۆر

جاران لەتاو ئازاری دەمارو ماسولکەکانی لەشم وە ئاگادێم، جار هەیە لەناو ئاگردا دەسووتێمو لەناو زەریایەکدا نوقم دەبمو هەوا لە ماسیو نەهەنگەکان قەرز دەکەم تاوەکو نەخنکێم، جار هەیە لەتاو پرسەی سەدەها کەسو خزمو خوێ لە ژوورەکەمدا ئەوەندە دەگریم تا ژوورەکەم دەبێ بە دەریاچەی فرمێسكو من مەلەی تێدا دەکەم، خۆمو هەر هەموو کەلوپەلەکانی ژوورەکەم دەکەوینە سەر نەرمە شەپۆلی فرمێسکەکانم کە لە دەرگاو پەنجەرەکانەوە سەر دەکاتو دەرژێتە دەرەوەو ماڵە دراوسێیەکانم پێدەزاننو لەناو ئەو دەریاچەی فرمێسکەی خۆمدا قورتارم دەکەن..

وای لە خەونەکانم کە پڕ دەبن لە مارو دووپشكو لە کەللە سەرو مرۆڤی بێ چاوو دەمو گوێ..

لەتەك پەتی سێدارەو تەوری دەم تیژی قەنارەو خنکانو سووتانو گریان هەمیشە ئەو خەونەی منداڵیم دەبینمەوە، ئەو خەونەی کە تیایدا دەستو قاچێکم شکاو دوو مانگ لەناو جێگادا خستمی، خەونێك لەو خەونە ترسناکانەی کە لەناکاو خۆت لەناو چاڵێکی پڕ لە مشكو مار دەدۆزیتەوە، یان لەپڕ لە شاخێکەوە سەرانگرێ دەبیتو رووەو ناو خەرەندێك بەر دارو درەختو کەپکە شاخەکان دەکەویتو هەرگیز ناگەیتە بنی، یان وەك ئەو خەونەی کە خۆم لە سەربانێکی پڕ لە مارمێلکەو جاڵجاڵۆکە ببینییەوە، بە تاقی تەنیا خۆیان چکۆلەو بەڵام دەمی هەراشیان بەقەد کەللەسەری من دەکرایەوە، ئەو خەونەی کە بۆ سەدەها

شەوی دواتر، لە ژیانما، دووبارەو سەدبارە بۆتەوە، وای لەو دوو زیندەوەرە ناشیرینەی کە من رقم لێیانە. هەر لە منداڵیمەوە لە جاڵجاڵۆکەو مارمێلکە ترساوم، ئاخر بە سەدەها مارمێلکەم بینیوە بەسەر دیوارەکاندا هەڵگەڕاوە، جار هەبووە، تەپ، کەوتۆتە ناو قاپی نسکێنەو شلە ساوار، بە سەدەها جاڵجاڵۆکەشم بینیوە کە بە بنمیچەکانەوە خۆیان هەڵواسیوە، لە ماڵی خۆمانو ماڵی کەسوکارو دراوسێ، هەزاری واتا ژیان لەگەڵ مارو مێروو.. زیاتر لە هەموو شتێك جاڵجاڵۆکەکان زەندەقیان دەبردم. قێزم لەو پشتە تووکنەیان دەکردەوە، لەو پەلەدرێژانەیان کە دزانە لەنێوان کونو کەلەبەرو گۆشەکاندا جێگۆڕکێیان دەکرد، کە منداڵ بووم بەیانێکیان کە هەستام دوو جاڵجاڵۆکە لەسەر سەرینەکەم بوون، راستو چەپیان لێ گرتبووم، شێتانە گەمەیان بە شاخە باریکەکانیان دەکردو رووەو کونی هەردوو گوێچکەم دەهاتن، دوو جاڵجاڵۆکەی رەشباوو قەڵەوو تووکن.. گەرەکم بوو پڕ بەو ترسە دونیا پڕ بکەم لە هاوار، هاوار لە قوڕگما تاساو دەرنەدەهات من لە خەودا بوومو کەچی وەك ئەوە وابوو وە ئاگابم، هەمووتان سەدەها جار لەنێوان خەونو بێداریدا ماونەتەوە، لەتاو ترسو تۆقینی خۆم راچڵەکیمو کە بەدەم هاوارێکی خنکاوەوە وەئاگاهاتم، دەقاودەق، خەون بوو بە ڕاستی، دوو جاڵجاڵۆکەی رەشو تووکن ڕووەو هەردوو گوێچکەی راستو چەپم دەهاتن، وەك پشیلەیەکی تۆقیو دەرپەڕیمو بەدەم ساتمەوەو بەسەر پلیکانەکاندا رەتم بردو سەرانگرێ بووم، جارێکی دیکە

بێدار بوومەوە نەخۆش و دەستو پێ شکاو خۆم لەژێر پەتۆیەکدا دۆزییەوە، دایكو خوشكو براو كەسوكار وەك لە مردوویەك بڕوانن بۆم دەگریان.. ئیتر شەوانە خەونەکانی من پڕ دەبوون لە مارو مێروو.. لە جرو جانەوەری ناشیرین، ئەوەی خەونەکانمی پتر شێواند حەکایەتە ترسناکەکانی نەنکم بوو کە بەرلەوەی باڵق بم بە باسو خواسی جەهەننەمو ئاگری نەکوژاوەی تۆقاندمی، دۆزەخێك کە تیایدا بەقەد ژمارەی گوناهەکانم تێیدا دەسووتێمو بەشیشی گڕدارەوە فریشتەکانی دۆزەخ تێم دەسرەوێننو هەزاران جار هەلاهەلا دەبمو نامرم.. ملیۆنەها مێروولەی ئاگر کۆم دەکەنەوەو دەبمەوە بەخۆمو دەسووتێمو لەژێرەوەش مارو دووپشكو مارمێلکەو جاڵجاڵۆکەی ئاگراوی بە هەموو لەشمدا هەڵدەگەڕێنو تا هەردوو چاڵی چاوەکانم دەکەن بە هێلانەی خۆیان، ئەوان گۆشتو خوێنم دەخۆن، گۆشتو خوێنو ئێسقانی کولاوم، کەچی تێر نابن، ئانو سات من هەر دەسووتێم، لەسەر چ گوناهێك شەوانە لەو دۆزەخەدا دەسووتام؟ نازانم، کە باڵق بوومو نەنکم وتی: ئیتر.. تەواو ڕۆڵەکەم دەنگت گڕ بووەو شەیتانی بوویت.. تەواو لەمڕۆوە بە هەزارەها فەرسەخ لە خواوەوە دوور دەکەویتەوەو لە شەیتان نزیکتر دەبیتەوە. هەموو هەواو هەوەسو خەیاڵو ختوورەیەکی خەراپ لەدڵتدا گوناهێکە کە بەسەدساڵ سووتان لەناو ئاگردا پاك نابێتەوە، تەنها نەزەرێکی حەرامت بۆ کچە دراوسێیەك

گۆڕەکەت پڕ دەکات لە مارو دووپشك، پێم دەوت، نەنێ گیان بەچی رزگارم دەبێت لەو ئاگرەی هەموو شەوێك دەمسووتێنێو لەدوای مەرگیشم لەپای هەر گوناهێك سەدەها ساڵ دەسووتێم، دەیوت هەتا زووە دەتنێرمە لای مەلا یونسو با قورئانەکەت پێ تەواو بکات، نوێژەکانت مەفەوتێنەو رەمەزان بەڕۆژووبەو رۆژانە قورئانەکەت بخوێنەو بەدەم گریانو پاڕانەوە داوا لە خودا بکە لە فڕوفێڵەکانی شەیتان قورتارت بکات، وەك نەنکم حەزی کرد قورئانم خەتم کرد، وازم نەهێناو هەوڵمدا لە مانا شاراوەکانی تێبگەم، لە سزاو پاداشتەکانی، لە تامی میوەکانی بەهەشتو لە گڕی هەمیشە نەکوژاوەی دۆزەخەکەی، کەوتمە خوێندنەوەی لێکدانەوەکانی خەونەکانو سەرسام بووم بە یوسف پێغەمبەرو خەونو پێشبینیەکانی، هەمیشە خەونم بەوە دەبینی کە وەکو یوسف گاڵتەم بە جوانیو عیشوەی هەر هەموو "زوڵەیخا"کان بێت، کەوتمە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە بڕوایان بە بەهەشتو دۆزەخێك نیە لە ئاسمان، گەر ئەوەیان خەونێك بێت، مەرجە خەونی ئەو بەهەشتەو دامەزراندنی لەسەر ئەم زەوییە بێت، ببوومە مۆرانەو کرمی کتێبان، دەبوو ئەو خودایەی کە لە ئایەتەکاندا ساتێك میهرەبانەو ساتێکی دیکە تووڕەیە باش بناسم، لە خوێندنەوەی تەوراتو ئینجیلو قورئانەوە سەیرم لە چیرۆکی ئادەمو حەوا دەهاتو سەرسامی ئەو مانا شاراوەیە بووم کە لە پشت ئەو چیرۆکەوە خۆی حەشار دابوو،

هەمیشە بیرم لە "گوناهی یەکەم" دەکردەوە، دەمپرسی: ئەرێ دەکرێ خودا لەسەر خواردنی گوڵە گەنمێك یان سێوێك لە دوو خەڵقەندەی تازە خوڵقاوی خۆی تووڕە بێتو نەفرەتیان لێبکاتو ڕووەو ئەم سەرزەمینە فڕێیان بدا؟ چ هەواو هەوەسێکی سادە بوو کە ئادەم ئارەزووی حەوا بکات، وای لە وەسوەسەی شەیتان ئەوکاتەی بەگوێی حەوادا چرپاندوویەتی تا لەو درەختە حەرامە بخۆن، وای لە نازو عیشوەی حەوا کە تەماعی خواردنی میوەی حەرامی خستە دڵی ئادەمەوە، لەسەردەمی مێردمنداڵیمەوە خوێندنەوەو ورد بوونەوەم لەو هەواو هەوەسی نێرو مێ بوو بە یەکەم خولیام، لە تەوراتو ئینجیلو قورئانەوە پەڕیمەوە بۆ فەلسەفەو کۆمەڵناسیو دەروونزانیو مێژوو.. دونیای ئەدەبو هونەر.. لەناو هەموو کتێبەکاندا نهێنی گەورەی گوناهی یەکەمی ئادەمو حەواو فەرزەندەکانیم لەلا قورستر دەبوو، بوو بە خولیام لە نهێنی ئەو پەیوەندییە رابمێنم، سەیرە لەسەر ماچێکی ئادەم بۆ حەوا لە بەهەشت دەربکرێین، خۆ خودا دەیتوانی دەستی ئادەمو حەوا بگرێتو نەهێڵێت لە حەرام بخۆن، یان شەیتان لەو دوو فریشتە تازەیەی خۆی دوور بخاتەوە؟ بۆچی نەیکرد؟ نەنکم دەیوت: لەو رۆژەوەی کە ئادەمو حەوا خوڵقاون تا قیامەت خودا تاقیمان دەکاتەوە، رۆڵە شیرینەکەم ئەم دونیایە جگە لە ئیمتحان هیچی دیکە نییە، کە گەورەتر بووم من ناوم نا گەمەی ئازادی، ئیتر لەو رۆژەوەی کە من

www.dengekan.com

له سەدەها کتێبو سەرچاوە دەگەڕام، بە سەدەها نووسەرو شاعیرو هونەرمەندو فەیلەسووفو کۆمەڵناسو دەروونناس ئاشنا بووم، دەگەڕام بەدوای نهێنی گوناهی یەکەمو هەواو هەوەسی ئینسان، هەر نووسەرێكو کتێبێك دەروازەیەکی بۆ دەکردمەوەو لەناو دەیەها پرسیارو وەڵامی دیکە ونیان دەکردم، بوو بە خولیام کە بۆ هەمیشە بەدوای پرسیارە سەرەخۆرەکانی خۆمدا بگەڕێم، ساڵان تێپەڕینو من سەرم بەسەر کتێبەکاندا شۆڕ کردەوە، نە جوانی ئاسمانم بینیو نە ئەو هەموو سیحرو جوانییەی کە رژاوەتە سەر زەوی، ئەوەندە بە حەزو تاسەوە لاپەڕەی کتێبەکانم هەڵدەدایەوە کە وام دەزانی گەر فریای سیحرو نهێنییەکانی پەیوەندی زۆر ئاڵۆزو خۆشو پڕ لە شەرمو گرێو ترسی نێرومێ نەکەوم زوو دەمرم، هەمیشە بیرم لە گوناهی یەکەم دەکردەوە، بەتەنها هەوەسو شەهوەتی ژیانی ئادەمیزادەکان خەمی من نەبوو، نەخێر.. بۆ من خوێندنەوە لەسەر هەموو شتێك کە شتە شاراوەو حەرامەکانم پیشان بدات، تەلیسمەکانم بۆ بپشکنێو ئەشکەوتە تاریکەکانی ناو رۆحی مرۆڤم بۆ ڕووناك بکاتەوە، وەڵامێکم بداتەوە.. کە من بۆ خۆم هەرگیز بەتەنها وەڵامێك دڵم ئاوی نەدەخواردەوە، ئەو خولیایە لەگەڵما گەورە بوو.. دوای حەزێکی زۆر شەرمنانەو زەماوەندیش.. ئەو حەزو خولیایەم گەورەو کوشندەتر بوو.. تا دوا جار لەناو خەونێکی خۆمدا ون بووم کە من بە دواخەونو شاخەونی خۆمی دەزانم.. راستترە بڵێم خەون نەبوو.. ئەوە خودی گەمەی نێوان ژیانو مەرگ بوو کە

سەرەتاو کۆتاییەکەی خەونێکی سەیرو سەمەرە بوو کە ئەگەر ئێستا بۆتانی دەگێڕمەوە ئێوەش بڕوام پێناکەن، چونکە ئێوەش لەگەڵمدا ون دەبن.. کەس نەما تەریقم نەکاتەوە، کەس نەما بە بێ ڕەوشتو بەدنیهادم نەزانێ.. کەس نەما ڕێنماییم نەکات لەوەی کە ئەو حەزو خولیایەی من ناشیرینو چەپەڵە.. ئێوە دەڵێن چی؟ من نازانم.. من تەنها بۆ ئەوە ئەو خەونە دەگێڕمەوە، چونکە ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت.. من لە حوکمی بەزەبرو سەیری ئەو خەونە دەرنەچووم.. تا ئێستاکەش من لەژێر جەبری ئەو خولیایە دەژیم کە نەفرەتی دونیاو قیامەتی بۆ هێنام، من گەرەکمە لەم خەونە ڕەشە دەرچم، چونکە خۆزگەمە خەونی دیکە ببینم، ئاخر کەستان قایل نییە بەوەی کە لەناو تەنها خەونێکدا دیلو بەندەوار بێتو هەرگیز نەیەیتە دەرەوە، بۆ یەکەمجار کە لە خەونەکە راپەڕیمو لەدوای هاوارێکی ناقۆڵاو بێنەو بەردەیەکی زۆر خەونەکەم بۆ هاوسەرەکەم گێڕایەوە.. دەرحاڵ وتی: ئاە.. کە خەونی بێزەوەر دەبینی، سێ چوار جار هێڵنجی داو رشایەوە، ئەو کاتەی ئەو رشایەوە.. من هێشتا هەر لەناو خەونەکەدا دیل بووبم.. یان لەناو هەناوی "پاکیز"دا بووم، چونکە من لەوە دڵنیام کە ئەو بەسەر مندا رشایەوە، چونکە کە رشایەوە من لەناو هەناوی ئەودا بووم.. یان لەوە دەچوو من لەناو رشانەوەکەوە کەوتبێتمە بەر دامێنی، دیسانەوە ئەو خەونەم کەوتەوە یاد کە لە وەڵامێکی دایکمەوە لەدایك

ببوو.. ئەو جارە بوو کە بۆ یەکەم جار منی چکۆلەو جیقن لێم پرسی:

" ئەرێ هۆ دایکە.. ئەمن کوو لەدایك بوویمە؟"

بـەترس‌و شـەرمێکەوە، وتـی: "جەرگەکـەم.. رۆژەکیـان.. ئـەمن زکـم زۆر دێـشا.. لـەناکاو رشـامەوەو ئـەتووم لـەناو رشانەوەکەی هەلگرتەوەو پاکم کردیتەوە.. خاوێن‌و باوێن.. هەتا هەنووکە گەورەم کردی..".

مـــن بـــۆ ســـەدەها جـــار خـــەونم بـــەو رشـــانەوەو لەدایکبوونەوەیەوە بینی.. رشانەوەکەی پـاکیزو دایکـم هـەر هەمان خەونی ناجۆرو سەیری خـۆم بـوو، پـەنام بـردە بـەر هەموو ئەو کەسانەی کە شتێك لـە خـەون‌و خولیـاو خـەیاڵ دەزانن.. هەموو دۆست‌و ناسیاوەکانم ئامۆژگارییان کردم کە ئەگـەر واز لـەو خـووە خەراپـە نـەهێنم.. خـووی خـەراپی کتێبـە حەرامـەکان‌و لـەزەت کـردن لـە بینینـی ئـەو هـەموو خەونە بێ سەروبەرە.. ئەوە کۆتایی من یان شـێتبوونە یـان ڕسـوایی.. وەڵێ مـن تـا دوا شـاخەونی خـۆم رۆیـشتم، تـا دوا خولیـاو خـووی خـەراپم.. هـەر هەمووشـی گونـاهی نـەنکم بوو.. نەنکم نا.. گونـاهی "گونـاهی یەکـەم" بـوو.. کـە وەك سزایەك لەم شاخەونەدا گیری کـردم کـە مـن گەرەکمـە لێـی دەرچم.. گونـاهی یەکـەم بـوو کـە خولیایـەکی وا جـوان یـان ناشیرینی لەلا دروست کردم..

ئـــەوەیان خولیایـــەکی زۆر خـــەراپ یـــان جـــوانی منـــە؟ نایزانم.. بەڵام هەر لە زووێکـەوە ئـەو خولیایـە هەوەسـێکی ســەیری لــەلا دروســت کــردووم، هــەر لــەدوای ســاڵانی

باڵقبوونەوە، خۆ لەوانەشە زووتر بووبێ، خولیای ئەوەی کە هەرچی لەسەر زاووزێو جووت بوونەوە نووسرابێ، حەزم کردووە بیخوێنمەوە.. شێتانە.. نا.. زۆر دەروێشانە دەگەڕێمو دەپشکنمو دەخوێنمەوە، هەرچی‌یەکم دەست بکەوێ: هەتا دەنێو ئەو کتێبە زەردو کۆنانەش کە لە کتێبخانەکاندا نیو سەدەیە فەرامۆش کراون، عاشقانە لەسەر ڕەفەکان دایان دەگرم، ناوێرم ئەو تۆزە ئەستوورو نیشتووەی سەربەرگەکانیان بتەکێنم، نەبا پەڕەکانی بەدەستمەوە هەڵبوەرێن، واش مەزانن بەتەنها شەیدای درکاندنی نهێنییەکانی جووتبوونی نێرومێی ئادەمیزادم.. نەخێر.. بەڵکو حەزم دەکرد بچمە بنجو بنەوانی.. هەر هەموو حاڵەتە شاراوەکانی.. هەر هەموو نهێنیو مەیلە حەرامەکانی نێرومێی مرۆڤو گشت ئاژەڵانو فڕندەکان.. ئاخر کە کەس نەبوو وەڵامی پرسیارە زۆرو سەرە خۆرەکانم بداتەوە، ناچار بووم خۆم بەدوای نهێنییەکاندا وێڵ بم. دەچوومە کتێبخانەکانو لەدوای خوێندنەوەی ڕۆمانو چیرۆکو شیعرو فەلسەفەو دەروونزانیو مێژوو دەهاتمە سەر خوێندنەوەی ئەو کتێبە حەرامانە، سەرمێزەکەم پڕ دەکرد لەو جۆرە کتێبانەو دەکەوتمە سەرگەرمی بەراوردکاری.. بەراودکاری خولقی سەیرو سەمەرەی مەلەکانو ئاژەڵەکانو زیندەوەرەکان کە چۆن لەدایک دەبنو.. گەورە دەبنو.. جووت دەبنو.. دەژینو چۆن دەمرن. دواجار زانیم کە زۆرێك لە گیاندارەکانو باڵندەکان

لـه مـن‌و تـۆ عاشـقترن، نێـره پڵنگێکـك دەنێـو بێـشەڵانێکی چڕدا نـەبێ لەگـەڵ مێیەکـەی جـووت نـابێ.. ئـاخر نایـەوێ گیانـدارێکی دیکـە ببینـێ، چـۆلەکەیەك، کوکوختێیـەك.. ماکەوێك کە لەژێر چنگی نێرەکەی هەڵدەفڕێ.. هی ئەوەیە نێرەکە نەیتوانیوە سەمایەکی عاشقانە بە دەوری مێیەکدا بکـات.. نـەیزانیوە شـەیدایانە بجریـوێنێ.. هەڵـەکردن لـە جووڵەیـەك.. لـە جریوەیـەك بەڵگـەی عیـشقێکی درۆیـە.. ئەوان بە هەق دڵدارو غەزەل خوانن.

لـەو خولیـاو خولقـە خـەراپترە کـە هـەمبوو: هەرچـیم سەبارەت بەو نهێنییانە دەزانی، هەر هـەموویم بـۆ کەسـانی دەوروبەرم دەگێڕایەوە، دەمویست سەرسامیان بکەم، چەندە پتر کەسی بەرامبـەرم شاگەشکە بووایـەو زاری داپـچڕیبایە، من ئەوەندەی تر تۆخم دەکردەوەو زێدەڕۆییم تیـا دەکـردو جاروبـاریش درۆی جـوان دەیـبڕدەم. لـە هـەمووان سـەیرتر هەڵوێستی "پاکیز"ی هاوسەرم بوو کە وای لێ هاتبوو چیتر بـڕوام پـێ نـەکاتو پـێم بڵـێ: تـۆ درۆ بـۆ ئـەو بوونـەوەرە بەسـتەزمانانە هەڵدەبەسـتی، هــەر وای دەزانــی خــەیاڵی شاعیرانەی خۆمە ئەو قسانەم پێ دەکا یان ئەو درۆیانەم پێ دەخـولقێنێ، دیـارە "پـاکیز" نەیـدەوت خـەیاڵی شـاعیرانە، بەڵکو بە خەیاڵێکی زۆر بەدی منی دەزانـی.. منـی بـەدخوو کـە واز لـە ژیـانی پـڕ لـە نهێنـی مـرۆڤو ماسـی‌و مارمێلکـەو مراوی‌و قالۆنچەو جاڵجاڵۆکـەکانیش نـاهێنم. ماوەیـەك لـێم کەوتە گومان‌و دڵی لـە مـن کرمـێ بـوو، گومـانی ئـەوەی کـە کەس هەیە لەدوای خوێندنەوەی هەموو بەرگەکانی جەنگی

جیهـانی یەکـەم‌و دووەم.. لـەدوای خوێندنـەوەی هیگـڵ‌و کانـت‌و دیکـارت.. لـەدوای خوێندنـەوەی هـەر هـەموو رۆمانـەکانی دۆستۆیڤـسکی‌و کافکـاو مـارکیز.. لـەپاش خوێندنـەوەی چـی‌و چـی.. کۆتـایی خوێندنـەوەکانی بـەوە بینیّ: بزانـیّ کرمـی ئاوریـشمین‌و مـێش‌و کـەمتیارو مـشك‌و سیسارکە کەچەڵ‌و سـیخوڕو مـەیموون چۆن چۆنی جـووت دەبن‌و زاووزیّ دەکەن.

وەلیّ ئەوەیان درێـژەی نەخایانـد، لـەو شـەوەوەی کـە خـۆم لەو خەونە ناخۆشە راپەڕیم‌و زەنـدەقی ئـەوم بـرد، لـەدوای ئەو مۆتەکەیە ژینی من خۆی بۆتە خەونێکی ناخۆش‌و لێی وەئاگـا نایـەم.. خـەوزڕانێکی ئەبـەدی.. کەوتوومەتـە نێـو تاریکی‌یەکی لینـج.. لینج وەك منداڵدانی دایکم.. ئەو شـەوە هـەردووکمان تـا بـەیانی خـەومان لیّ زڕا.. یـان لـەو شـەوەوە هیچ بەیانی‌یەکی دیکەمان نەدی.. لەوە دەچیّ بۆ یـەکجاری خـۆر کوژابێتـەوە.. لـەو شـەوەوە تـەواو لێکـدی بزربـووین.. دووکـەڵ‌و تـاریکی کـوێری کـردین.. هـەر ئـەو شـەوەو زۆر زووتـریش سـوێندی دام‌و کـە چـیتر لـەو جـۆرە کتێبـە لەعنەتی‌یانە نەخوێنمـەوە.. دوا بەڵێنیـشی لیّ وەرگـرتم کـە ئەگـەر بکـریّ بـۆ لەمـەودوا لـەو بـاس‌و خواسـانەی بـۆ نەگێڕمـەوە.. واز لـە خوڵـق‌و خـووی ئـاژەڵان‌و مـەلان‌و زیندەوەرەکان بێنم.. هەرچەندە بەڵێنم پێیدا.. بەڵام منـی خـوو خـەراپ بـۆم نـەدەکرا واز لـەو جیهانـە پـڕ لـە سـەیرو سـەمەرەیە بێـنم. وەی خـودا بـە چ خۆشـی‌و لەزەتێکـەوە،

بەدزییەوە، کتێب لەدوای کتێبم دەخوێندەوە، لە دەفتەرێکی گەورەدا سەرنجو تێبینیەکانی خۆم تۆمار دەکرد، تا رۆژێکیان هەر بەرێکەوت دەفتەرەکەمی دۆزییەوە، سەیری پێ هات کە لەپاڵ تێبینیو سەرنجەکانمدا وێنەی گیاندارو زیندەوەرەکانم لە باری جۆراوجۆری جووتبووندا کردووە، بوو بە هەراو دەمەبۆڵەو تەواوێ لێم لالووتو دڕدۆنگ بوو.. ئەو شەڕو بەدحاڵی بوونەش هەر لەو شەوەوە دەستی پێ کرد، یان با بڵێم کۆتایی پێ هاتو منی دووچاری خەوزڕانێکی ئەبەدی کرد.. یان هەردووکمانی دەنێو تاریکیدا لوول دا.. هەردووکمانی لەنێو دووکەڵدا خنکاند.. یان بەتەنیا منی لەگۆڕنا.. لە شەوێکی درێژو نەبڕاوەی هاویندا کە مانگو هەر هەموو ئەستێرەکان تیایدا بە فوویەکی "پاکیز" کوژانەوە.. لەو شەوەدا بوو کە لە خەونمدا هەردووکمان ببووین بە دوو جاڵجاڵۆکەی نێرو مێ. خۆ من دەزانم خەڵکی خەونی لەوە سەیرترو خەراپتر دەبینن، کەچی هەر کەسەو خەونی خۆی تەقەت دەپارێزێ، یان لەبیری خۆی دەباتەوە، رەنگە یەکێك لەوان بڵێ: ئای لەو خەونە سەیرە.. چی وای لێ کردم خەونێکی ئاوا عەنتیکە ببینم..؟ هەندێ جار خەونەکان ترسناکن.. دەکەوینە ناو چاڵێك کە بنی نییە، دزێك ڕاومان دەنێو کەچی بەدەم بای غارەوە ساتمە دەکەین.. کە هەڵدەستینەوە رابکەین پێمان لە دوو نایە.. گەشتیاری سەرپاپۆڕێکینو نوقم دەبێ.. نەهەنگێك قووتمان دەدا.. لە شاخێکەوە هەڵدێراوین.. دەمرینو.. دەکوژرێینو.. کەچی

www.dengekan.com

هەر زیندووین.. زۆر خۆزگەو ئاواتو ئارەزووش هەن هەر دەنێو خەونەکاندا دێنە دی.. دەتوانین بفڕین.. بگەین بەدڵخوازەکانمانو.. گەنجینە بدۆزینەوە.. خۆ لە ژمارەش نایەن خەونە زۆر حەرامەکان..

یەکەمین بەدحاڵی بوونو دوو دڵیو گومانو دڵ کرمێ بوونی "پاکیز" هەر لەو شەوەوە دەستی پێ کرد.. لەو شەوە درێژو نەبڕاوەی هاوینی ئەمساڵ.. یان پار.. نا.. پێرار.. یان لە شەوێکی زۆر لەمێژەوە بووە کە مەحاڵە من بیرم بکەوێتەوە.. ئەوەندە دەزانم کە مانگ لە چواردەدا بوو.. هەردووکمان لە سەربانەکە جێمان داخستبوو.. هێدی هێدی دەنگو هەرای خەڵکی گەڕەك لەناو حەوشەو سەربانەکانەوە کەمتر دەبۆوە.. دەستم لەژێر سەری "پاکیز"دا سڕ ببوو.. تا هەنووکەش ئەو دەستەم سڕە.. هەر بۆیە لە یادمە.. بێ ئاگا لەخۆم باسی خولقی ناچیزەی جۆرێك لە جاڵجاڵۆکەم بۆ دەکرد کە تازە لە کتێبێکدا خوێندبوومەوە.. دە جاران لە پی خستە سەر دەمەو دەیوت: "توو شەرەف وازبێنە.. خۆت بەلێنت دابوو..!" منیش سوێندی درۆم بۆ دەخوارد کە ئەوەیان دوا سەرگوزشتە دەبێ.. بە سەرەتایەکی جوان دەستم پێ کرد کە فێڵو تەڵەیەك بوو تا گوێم لێ بگرێ.. وەك کچۆڵەیەك بترسێو خۆ لە باوەشی باوکیدا بشارێتەوە خۆی مت کرد.. ئاواهی دەستم پێ کرد.. وەلێ خەراپ کۆتاییم پێ هات..

www.dengekan.com

"با بەر لەوەی بێمە سەر جووتبوونی جاڵجاڵۆکەکان، ئەو ئەفسانە زۆر جوانو پڕ خەفەتو پڕ خەمەت بۆ بگێڕمەوە:

لە وڵاتی ـ لیدیا ـ ی زۆر کۆنو دێریندا کچێك هەبووە تا بڵێی جوانو دەست رەنگین کە ناوی "ئاراکنیا" بووە، سەرگەرمی چنینی جۆرە قوماشێکی گرانبەها بووە، ئەوەندە دەست رەنگین بووە کە ئیدی "ئەسینا"ی خوداوەند بەغیلی پێ بردووە، خواوەندی هونەرو نەخشکارو وردە چنینی ژنانەو بەناز پەروەردەی باوکی، باوکەش کێ بێ؟ "زیۆس" گەورەی هەر هەموو خوداوەندەکان. باوکەو کچە لەداخی دەست ڕەنگینی "ئاراکنیا" وەختە بووە شێتو هار بن.. سەیر نییە.. وا زانراوە کە خوداوەندەکانیش بەغیلیان بەیەك بردووە، هەروەك شا ئەستێرەکانی سینەماو هونەر لەمرۆکەدا، هەر بۆیە رۆژێکیان ئیرەیی وا گڕ لە دەروونی "ئەسینا" بەردەدا کە پارچە قوماشێکی زۆر ڕەنگینو دەستکردی "ئاراکینا" شندڕو ونـدڕ بکا. "ئاراکینا"ی بەستەزمانیش کە لەتو کوتی قوماشەکە دەبینێ خەم دەخواو لە داخی ئەو کارە هەر بەو تیلمە دڕاوانەی قوماشەکە کە بەیەکەوەیان دەبەستێ.. خۆی هەڵدەواسێو دەخنکێ.. جا من نازانم لە سۆنگەی چی بووە.. بەڵام گەر لە سۆنگەی پەشیمان بوونەوە بووبێ لەو تاوانە یان تۆڵەی زیاتر بێ لە "ئاراکنیا".. خوداوەندە زۆر بەغیلەکان بە رابەرایەتی "زیۆس"ی باوكو "ئەسینا"ی کچ لەتو پەتی قوماشەکە

کۆ دەکەنەوەو دەیکەن بە کراسو "ئاراکنیا"ش دەگۆڕن بە جاڵجاڵۆکە." تۆ دەزانی هەر لەبەر ئەوەشە کە جاڵجاڵۆکە ناوێکی دیکەشی هەیە کە ئەویش "ئاراکنیدا"یەو بۆ خۆشکردنی مۆسیقای ناوەکە بۆتە "ئاراکنیا". هەر بۆیە پێت سەیر نەبێ کە تا ئەمڕۆکەش جاڵجاڵۆکە سەرگەرمی تەون چنینە، حەزیش دەکەم بزانیت کە دوو سەد ملیۆن ساڵ بەر لە منو تۆ هەبووە، کەواتە تەمەنی جاڵجاڵۆکە سێ سەد ملیۆن ساڵە، کە دیم "پاکیز" بە سەرسامییەوە دەمی داپچڕی، حەزم دەکرد سەد ملیۆنێکی دیکەی بخەمە سەر.. سەرسامییەکەی دڵخۆشی کردمو وتم: وەڵێ هەزار جار بەداخەوە دەنێو ئەو هەموو خووە سەیرو جوانانەی گیاندارانو مەلانو زیندەوەرەکان بۆ مەسەلەی جووتبوون، هی جاڵجاڵۆکە لە هەمووان سەیرترو بێزەوەرترە، تا ڕادەیەك زۆربەی زیندەوەرە هەرە بچکۆلەکان لە چاو ئاژەڵو مەلو مرۆڤ زۆر بە خاوو خلیچکی جووت دەبن، دیارە هی جاڵجاڵۆکە لە هەمووان درێژتر دەخایەنێ، بۆ خۆشی پترە یان تەمبەڵیو سستی؟ کەس نازانێ.. مرۆڤ تەماعێکی وای هەیە.. کە بە تی چاوێك لە "پاکیز" ڕامام، لەژێر تریفەدا ڕووخساریم بینی کە لەنێوان ترسو قێزو سەرسامیدا گرژو مۆن دەینواند، خۆم گێل کردو لەسەری ڕۆیشتم.. زۆر سەیرە هەندێکیان تا بڵێی دڕندەنو خوویەکی زۆر بەربەریانەیان هەیە، ئەو وەختەی تێك دەئاڵێن.. هێدی هێدی.. زۆر لەسەرخۆ.. لە گەرمەی

راموسانو دەست لەملانێدا مێیەكە نێرەكەی دەخوات.. بـەخوا درۆ ناكـەم.. خـۆی وایـە.. لـەدوا ترۆپكـی لـەزەتی هەردووكیاندا نێرەكە قووت دراوەو بۆتـە پارووپـەكی گـەرم دەنێوسكی مێیەكەدا.

ئیـدی لێـرەدا بەنـدی تەحـەمولی پـچڕاو بـەتووڕەییو سەرسـامییەوە سـەری بـەرز كـردەوە، هـەردوو دەسـتی دەلەرزین.. سەری دەلەرزیو پێی راگیرا نەدەكرا.. لێوەكانی كەوتنە تەتەڵە وەك كەسێك بیـەوێ بگـری.. تـاوێ لـە مـن راما.. خۆشەویستیو ڕق بەیەكەوە دەنێو چاوانیدا مـەیی بوون.. دیسانەوە خۆم لە گێلیداو پرسیم:-

"بیر لە چارەنووسی ڕەشی "ئاراكنیا" دەكەیتەوە.. كچێكی نەگبەت بوو.. وانییە؟"

لە داخانا دەنگی دەلەرزیو بەیەك هەناسە پێی وتم:

"تـوو شـەرەفت شـەرم ناكـەی؟ زەلامێكـی زلو زەبـەللاح خـۆت بەخوێنـدەوار دەزانـیو درۆو بوختـانی وا قەبـە بـۆ جاڵجاڵۆكـە هەڵدەبەسـتیت.. دەتـەوێ بڵێـی چـی؟ مێیەكـە دڕندەیــە.. پاشــان جاڵجاڵۆكــە خــۆی هەیــە تــا لــەزەتی راموسـانو قـسەی قـۆڕ بزانـێ.. تـۆ بـۆ ئەوەنـدە خـەیاڵت خەراپە كابرا؟"

ویستم بـەو پـەڕی نـەرمو نیانییـەوە بـدوێمو وای پیـشان بدەم كە مەسەلەكە خووەو هیچی تر، ویستم دڵنیـای بكـەم كە من هیچ بەدنیهادیو نیازێكم لەپشت ئەم قسانەوە نییە، ویستم بەسـەری پەنجـەی شایەتمانە ئـەو پەرچـەمەی سـەر

ئـەبرۆی چـەپی بـۆ نـاز ڕاگـرتن لابـدەم، نەیهێـشتو سـەری خۆی لێ دوور خستمەوە.. پێم وت:

"بەڕاسـتیمە.. ئـاخر مـن کتێبـێکم لەسـەر خوێندۆتـەوە.. خـۆ مـن نـەموتووە هـەموویان.. جۆرێکیـان ئـەو خـووە خەراپەی هەیەو بە ((بێوەژن ناسراوە))

((جا بۆ بێوەژن؟))

((چـونکە جاڵجاڵۆکەیـەکی ڕەشـە.. هەنـدێ لـە نێرەکـانی ئەوەندە بەدخوون کە دەچنە گژدایکیان))

((لە خەوندا؟))

((نا بەڕاستی))

((پێم ناڵێی چ لەزەتێکی هەیە ئەم شتانە بزانیت؟))

((ئەی چ لەزەتێکی هەیە گەر نەیزانیت؟))

((بــەس ئــەوەی تــۆ دەیلێــی زۆر ترســناکە.. مێیەکــە لەوەختی چی؟))

((ڕامووساندا..))

((ئا.. لە وەختی ڕامووساندا نێرەکە بخوات))

((بڕوات بێ))

نەموێرا چیتر لەمەڕ جاڵجاڵۆکەو خووی سەیری بچمە ناو وردەکارییـەکانی ئـەو زینـدەوەرە سـەیرە کـە لـە کتێبـە پیرۆزەکـانو ئەفـسانەکاندا نـاوی هـاتووە، کـە دیـم تـەواوێ پەستو تووڕەیەو گیانی دەلەرزێ، ماتو بێ دەنگ بووم، بە غەمێکەوە لە مانگ ڕامام، ئەو نیازەم فەرامۆش کرد کـە لـە ئێوارەوە خۆم بۆ ساز دابوو، بوو بە تەمێكو ڕەوییـەوە، بـێ

هوودە بوو ڕیش تاشین، خۆ خنکاندن لەژێر بۆندا، ئەو بۆنەی ((پاکیز)) خۆشی لێ دەهات، ئەو هەموو غەزەلو مەرایییەی سەرلەئێوارە.. هەر هەمووی چیرۆکی جاڵجاڵۆکە تێکیدا، بەترسەوە کەوتمە دەستبازی، شیعرێکم خوێندەوە، ئەو شیعرەی هەموو جار لەبەر خۆمەوە دەموتەوە ((خەمێك لەژێر تریفەی مانگ))دا:-

((ئەی بەهاری هاتوو لە چاوانی ئەودا..
ئەی ـ کەنار ـ ی سەفەر کردوو لەژێر تریفەدا..
دەببمە بۆ لای ئەو
چ وەك شیعرێکی دڵداری..
چ وەك جێ خەنجەر
منم دەربەدەرو بریندار
عاشقم بە بارانو ناڵەی شەپۆڵە دوورەکان))

زۆر بێ باکانە وتی ـ ((نایخوات.. بۆ خۆتی بخوێنەرەوە.. با نەبم بە جاڵجاڵۆکەو بتخۆم..!))

هیچم نەوت.. دەزانی هەرچییەکی کە دەیڵێم بێ هوودەیەو پتر لە زەوقی دەدەم، هەرچی جاڵجاڵۆکەی سەر زەوی هەیە بە نەفرەتی کرد.. لەژێر تریفەی لەرزیوی مانگدا نیوە ڕووت پاڵ کەوتبووم، کتو پڕ هەستم کرد ماندووم، زۆر ماندوو، وەك ئەوەی لە راوەبەراز هاتبمەوە، دۆشەگە گەرمەکەی ژێرم.. گەرم بە هەتاوی ئەو رۆژەی هاوین لەسەربان بۆ تاوێك خەیاڵی بردم، گەرمی لەسەر بێجامەکەوە دەگەیشتە بڕبڕەی پشتمو خوێنی شی دەکردمەوە، شنەیەکی فێنك کە لەگەڵ ئەو شەوە گەرمەی

www.dengekan.com

هاوین یەك نەدەهاتەوە لەڕووی دام، لە ئەستێرەکان رامامو ویستم راوی جریوەیان بکەم، بەیادی سەردەمی منداڵی بیانژمێرم، ژماردنیان لێم تێکەڵ بیٚو سەرلەنوێ دەست پیٚ بکەمەوە، گوێم لە دەنگی مەلێکی کێوی بوو کە لە دوورەوە بە غەمەوە دەیچریکاند، تێکەڵ بە زریکەی ناوەختی منداڵێك بوو کە لەسەر یەکێك لەو سەربانە نزیکانەوە دەگەیشتە من، کۆکینی پیرەمێردێكو پاشان قرخەیەك کە پتر لە قرخەی سەرەمەرگ دەچوو، قریوەی لەپڕ تەقیوی هەرزەکارێكو لەپڕ خنکانی ئەو قاقایە، دەمە بۆڵەیەکی نیوەشەوی ژنو مێردێك کە وەك دوو خنکاو بدوێن وابوو.. پاشان خامۆشیو بێدەنگی، دەمویست قەهری ئەو دڵڕەنجانەی ((پاکیز)) لە چیرۆکی جاڵجاڵۆکەکان بەگوێگرتن لەو دەنگانەو بەتێڕامانم لە تریفەی مانگ بکوژم، پتر خاو بوومەوە.. هەستم کرد گەر بنووم تا بەیانی کەلەکە ناگۆڕم، وەك بەردێك بکەوێتە بن گۆمێکی قووڵ دەکەومە نێو باوەشی خەو، تا خەو بردمییەوە بە خەمەوە لەو مانگە رامام کە لەژێر پەڵە هەورە سپیو شی بووەکانەوە چاوشارکێی لەگەڵ من دەکرد، ئەوەندە لێی ورد بوومەوە تا چاوانم لێڵ بوونو رەشکەو پێشکەیان دەکرد، بە بەرچاومەوە وا دەرکەوت کە جاڵجاڵۆکەیەکی زلو زەبەللاح بە هەودایەکی ئەستوور خۆی شۆڕ دەکاتەوە خەریکە بگاتە ئەو سەربانەی منو پاکیز لێی خەوتبووین، لە ترسانا چاوانم نوقاندو دڵی خۆم بەوە دەدایەوە کە بیٚ گومان

www.dengekan.com

سبەی شەو شاعیرانە قسە لەسەر جووتبوونی كۆترەكان دەكەم كە ئیدی ئەوەیان جوانترین جۆری غەزەلبازی نێو مەلەكانە، هەر خۆیشم دەزانم چۆنی دەڕازێنمەوە، نازانم خەوتبووم یان ئەوەی كە دیم زیندەخەو بوو..

دواجار لەگەڵ هاوارو قریشكەی خۆم وەئاگا هاتم، كە لە هاواری كەسێك دەچوو بخنكێ، دانەچۆقەم پێ كەوتبوو، هەموو لەشم كەوتبووە سەر ئاوو ئارەقەو.. لەرزوتا، هەر بەو هاوارە ((پاكیز))یش لە گەرمەی خەوێكی قووڵدا راچەنی‌و باوەشی بۆ كردمەوە، شڵەژاو.. ترس‌و تریفەی مانگ ئەوەندەی دیكە رووخساری ئەمیان شین باو كردبوو، لە باوەشێی كردمەوەو دەستی برد بۆ جامە ئاوەكەی ژوور سەری‌و نای بە دەممەوە، ئاوەكەم خواردەوە، كەمێك هەناسەم هاتەوە بەر، هێشتا قریشكەی خۆم لەناو كەللەمدا دەرزنگایەوە، خۆم كێل كردەوەو پشتم دا بە شوورەكەو بە دەنگێكی خنكاوەوە وتم:

((دیسانەوە خەونێكی ناخۆشم بینی.. شەو چ وەختە؟))

بەوپەڕی شپرزەبوون‌و خۆسەغڵەت كردنەوە وتی:

((نازانم.. ڕەنگە دەمەوبەیان بێ، سەعاتەكەش دیار نییە..!))

هێدی هێدی وەك ئەوەی منداڵێكی هەترەش چوو هێور بكاتەوە هێمنی دەكردمەوە، لاوونیو لەژێر تریفەی شین باودا ئارەقەكانی سەر تەوێڵم‌و هەردوو لاجانگی بۆ دەسڕیمەوە، بەدەم هەناسەبڕكێوە لە چاوانی خەو تێشكاوی

ورد دەبوومەوە کە پڕ بوو لـە ئـاو.. وەلێ تـووڕەیی پـاش دڵ ڕەنجانەکەی بەر لە خەوتن هێشتا وا بە ڕووخسارییەوە.

تکام لێ کرد کە هەوڵدا بخەوێتەوە:

((تەواو خەوم زڕا.. واز بێنە))

ویستم پتر سۆزی بەلای خۆمدا رابکێشم.. بە مەلوولییەوە وتم:

((ماوەیەکــە خــەونی زۆر نــاخۆش دەبیــنم.. خــەونی ئەمـشەوم لـە خـەونی هـەموو شـەوەکانی دیکـەم ناخۆشـتر بوو.))

((خەونی چی؟))

نـەموێرا یـەك وشـە بـدرکێنم، لـەدوای مـشتومڕو بێنـەو بەردەیـەکی زۆر دڵـی کەوتـە سـەر ختـووره، دەشمزانـی کـە بـەدزی منـەوە جۆرەهـا خـەون نامـە دەخوێنێتـەوە، جگـە لەوەی کە حەزی لە دەست گرتنەوەو خوێندنـەوەی فنجانی قاوەو ڕەمل لێـدان دەکـرد، ویـستم قەناعـەتی پـێ بکـەم کـە خەونەکەی ئەمجارەم هیچەو ئەوەندەیتر دڵی لێم دەرەنجێ، دڵنیای کردمەوە کە زویر نابێو سوێندی خوارد کـە ئاسـایی وەری بگرێ.. دواجار وتی:

((کەی خەون باجی لەسەر بووە؟))

کە وتم ـ ((لەو خەونەدا منو تۆ، هەردووکمان، ببوین بـە جاڵجاڵۆکە))

ڕەنگی پێ نـەماو ئەوەنـدەی تـر زەرد هەڵگـەڕا.. تاوێـك و بێ دەنگ بووم.

وتـی ـ ((مەوەسـتەو تـەواوی كـە.. دواجـار خەونـە.. هـەر هیچ نەبێ بە گێڕانەوەی خەونەكە خۆت لە پاشماوەی ئـەو خەونــە ترســناكە قورتــار دەكــەی.. قــسە بكــە.. بــەس بــە چرپە)) راكشامەوەو هەردوو دەستم خستنەوە ژێـر سـەرمو لەو مانگە دەگەڕام كە بزرم كردبوو.. دواجـار بـەرزو بڵنـدو دوور بە بەری قیبلەدا دۆزیمـەوە.. بـۆم گێڕایـەوە كـە چۆن منو ئەو ببووین بە دوو جاڵجاڵۆكەی گەورۆنەو لە گەرمەی دەست لەملانێدا بووین كە بـە قـەپاڵ دایگرتمـەوەو قـووتی دام.. چەندە پاڕامەوە كە نەمخوات.. بـێ هـوودە بـوو.. تكاو پاڕانەوەم دادی نەدا.. ئەوە بوو لە ترسانا راچەنیم.

هاتەپێــشێو بــەری تریفــەی لێگــرتم، لــێم ورد بــۆوەو بــەتوورەبوونێكی تێكــەڵ بــە ســۆزێكی كۆنینــە كــە قــەت نەیدەتوانی لە بەرامبەردا دەست بەرداری بێ.. پرسی:

((ئێ هەر ئـاواهیو بـە هـەوەس هاتمو تـۆم خـوارد؟ یـانێ تۆ.. تۆی بەدڕەفتارو بـەدخوو هیـچت نـەكردبوو.. كـەی تـۆ ئەوەنـدە پاروویەكی ئاسان بووی؟))

خودا هـاوار.. لـەوە دەچـوو ئـەو شـەوە خـەراپترین شـەوی مـنو ((پـاكیز)) بـووبێ، هـەر بەرێكـەوت زینـدەوەرێك كـە لـەژێر تریفـەدا شـێوەی جاڵجاڵۆكـەی دەنوانـد لـە پـایینی پێخەفەكەوە نەرمە نەرمە دەجـوولا، هەرچـەندە بـڕوام بـە كوشتنی هیـچ زیندەوەرێك نەبوو، وەلێ ئامـاژەم بـۆ ئـەو كـرد كە بیكوژێ، دەمویست بە شتێكی دیكەوە خۆ خـەریك بكـاو وازم لێ بێنـێ، هەرچـەندە لـە هـەموو مـارو مێروولەیـەك دەترسـا، كەچـی دەسـتی بـردو تاكێـك لـە سـۆلەكەی خـۆی

هـەڵگرتو هـەر لـە جێـوە بـەحاڵ سـۆڵەکەی مـاڵی بـە زیندەوەرەکەو کوشتی.

بـۆ تاوێـك هـەردووکمان لـەو پەڵـە ڕەشـە رامـاین کـە فلیقانەوەی زیندەوەرەکە جێی هێشتبوو، لـە دڵـەوە گلـەییم لە خۆم کرد کە بۆچی دەبێ لـەنێو ئـەو هـەموو خەڵقەنـدە جوانانە، ئەو هەموو مەلە خۆشخوانانەدا ئەو شەوە شـیرینە بە چیرۆکی جاڵجاڵۆکە بکوژم، ئەو خەونە بێـزەوەرە.. کـەی ئەوەندە زەوق سز بووم..؟ تێ هەڵچۆوە:

((مەوەستە.. قسە بکە.. گوێم لێتە))

((دوورو درێژە.. بەیانی زوو هەڵدەوەستیو منیش تا ئێوارە لە دەرەوە دەبم))

((بووەتە مەراقو خەوم لێ زڕاوە.. بیگێڕەوە))

((دەترسم خەونەکە خەراپ شی بکەیتەوە..))

قژی پڕو پەرێشانی داکەوتوو بەسـەر ڕووخساری وەلاداو بـە سەرسامیەیەوە.. سەرسامی تێکـەڵ بـە شکانی خـەو لـە چاوانیدا.. وتی:

((نەو.. مەترسە.. تۆ بڵێی لەسەر ئەو خەونـە بـەم شـەوە دادگاییت بکەم؟ پاشان لەو خەوەدا من تـۆم خـواردووە.. تـۆ منت نەخواردووە.))

((ئاخر.. واتا تۆ زاڵ بووی))

((جا چی تیایە؟ کە وەئاگاین جەنابت زاڵە.. با لە خەوندا من زاڵ بم))

بە مەکری زانایەکەوە پێم وت:

www.dengekan.com

((خۆی وایەو خەون دیوی دووەمە.. قەرەبووی حاڵەتێکە، واقیعێکــە، ئــاوات‌و ئارەزوویەکــە کــە نەهاتۆتــە دی))

مەکربازانەتر وتی:

((باسی چی دەکەی؟ دەتەوێ بڵێی چی؟))

((زۆر بە سادەیی دەمەوێ بڵێم خەونی شەو خۆزگەیەکە کە بە ڕۆژ نەهاتۆتە دی))

شێتگیرانە قسەکەی پێ بڕیم ــ ((دەتەوێ بڵێی من ئەوەندە شەڕانگێزم.. نەخێر مێردی میرخاس.. لەوانەیە ئەو خەونە دیوێکی دیکەی هەبێ)).

((کام دیو؟))

((بۆ نموونە.. لەوانەیە تۆ لەپای گوناهێك کە کردووەتە حەزت کردووە لەناو بچیت.. بۆیە حەزت کردووە لە تۆڵەی ئەو گوناهەت بۆ پاکبوونەوەت من بتخۆم)).

((دەستت خۆش بێ‌و عافیەتە))

بۆ ئەو وەڵامە دەست‌و برد خەنییەوەو کەمەکێ دەمارە گرژبووەکانی رووخساری خاوبوونەوەو وتی:

((مەیکە بە گاڵتە))

((نا.. بەڕاستمە.. لەوانەیە ترسی خۆم بێ.. ترسی من لە ژن.. کە ڕەنگە بگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی))

((خۆ لەوانەشە خەون بێ بەوەی کە بگەڕێیتەوە قۆناغی دەڵەمــەیی‌و.. خــەون بــێ بــە چــوونەوە بــۆ نــاو رەحمــی دایکت..!))

((چۆن دەیزانیت؟))

((لە بەرمە.. تا ئێستا سەد جاران هەر لە خۆت ئەم قسانەم بیستووە))

سەرم لەقاند، بێ ئەوەی تەریق ببمەوە، من دەمویست پترو بە ئەنقەست خوێ بەسەر برینەکەوە بکەم، تەڵەم بۆ دادەنایەوە، هێدی هێدی تووڕەم دەکردو خاوم دەکردەوە، من مەیلێکی خەراپم هەیە، جوانترین دەست لەملانێ لەدوای ئاشتبوونەوەی پاش تۆرانێکی گەورەوە دێ، دەمزانی ئەو بەرگەی تووڕەبوونی من ناگرێ، هەرچەندە خۆی گیف بکاتەوە، لە کۆتاییدا ساناتر خۆ بەدەستەوە دەدا، چەندە خوێناویتر بجەنگێ، ئەوەندە زووتر هەرەس دێنێ، ئەم جەنگە ئەبەدییەو یەکێکیان دەیەوێ یان چاوەڕێیە بەرامبەرەکەی بیدۆڕێنێ.. هەروایە.. چەند جارێکی دیکە بە ئاژاوەو تووڕەبوونو مۆڕەکردن لە یەکدی دەستی پێ کردووە، پاشان گریانو دادو فیغان، دواییش تکاو پاڕانەوەو لێکدی خۆش بوون.. ماچو دەست لەملانێو راموسانو.. دواجاریش تێکەڵبوونێکی شێتانە بەدەم هەنسکەوە.. ئەو کاتانەی تامی فرمێسك لێ ناگەڕێ بزانیت تامی لێوان چۆنە.

لەم خەیاڵو ختوورەیە دابوومو کە وتی ـ "قسە بکە.. واز ناهێنم.. تۆ کەی ئەوەندە بڕوات بە خەون بووە؟"

"نا وا نییە.. خەون نەبووایە مرۆڤ بە دەم خەمو قەهرو ئارەزووە خنکاوەکانی خۆیەوە دەمرد"

"کەواتــە خــەون حاڵەتێکــە هاوشــانی ژیانــەو لێــی جیــا نابێتەوە".

"دەکرێ ئارەزوویەك بێو لە بەرگێکی پـڕ لـە ڕەمزکاریـدا خۆ بنوێنێ".

"بە واتا من حەزم کردووە بتکوژم؟"

"مەرج نییە..!"

"ئەی چی مەرجە؟"

"لەوانەیە ئەوپەڕی خۆشەویستی بێ کـە لـەناو هـەناو تـا تەقەت بمپارێزی.. یان وەك زووتر پێم وتی ئارەزووی خـۆم بووبێ تا بۆ یـەکجاری بگەڕێمـەوە نـاو منداڵدان، ئاسوودەو ئـارام دەنێـو ئـەو وێڵاشـەدا خـۆم بزرکـەم.. لـەوێ دوور لـە مەترسی بژیم.. نە سەرمام بێو نە گەرما.. نـە برسـیو نـە تینوو."

"دەزانـی ئـەو قـسانە بـەس بـە کـەڵکی خـۆت دێ.. بـەس منیشی پێ کەر دەکەی"

"وا نییە.. گرفتی هەریەك لە ئێمە ئەوەیە کە بایـەخ بـە خەونــەکانی خــۆی دەداو کەچــی بــە گاڵتــەوە گــوێ لــە خەونــەکانی بەرامبەرەکــەی دەگــرێ.. تــۆ ســەرنجت داوە چەندە حیساب بۆ خەونەکانی خۆت دەکەی؟"

"دەنگت هەڵمەبڕە.. خەڵکی لەسەربان نووستوون"

کەمێ تـەریق بوومـەوە، بـێ دەنـگ تێـی ڕامـام، هێـشتا لـە گێــژەنی پاشمــاوەی ئــەو خەونــە ترســناکو نابەجێیــە نەهاتبوومە دەرێ. نەمـدەزانی چـی بکـەم..؟ لێـی تـووڕە بم یان هێوری بکەمەوە، لە تنۆکە ئارەقەکانی سەر تەوێڵی ورد

دەبوومەوە کە لەژێر تریفەدا دەبریسکانەوە، دەتوت چەند دانە مروارییەکی شین باون، لە ناکاو ویستم بارستایی گوناهی بوون بە جاڵجاڵۆکەو خواردنم کەم کەمەوە بەوەی کە وتم:

"دەبا بزانی کە هەر بە تەنها منو تۆ نەبووین، ئەو شوێنە نازانم کوێ بوو.. بەڵام پڕ بوو لە جاڵجاڵۆکەی وەك منو تۆ.. بە سەدەها جاڵجاڵۆکەی گەورۆنەو سەر قژن بۆ ڕاو هاتبوون، قاچو قول درێژ کۆلە، سەوزەڵەو لەش چکۆلە، چەناگەو شەویلاگ باریك، هەندێکیان رەشو برشو زلە کە گران پاشەڵیان لە زەوییەکە دەخشاند، هی دیکەش هەبوون، رەنگاو ڕەنگ، دەدرەوشانەوە، چاوتیژ یان خیڵ و خوار، شەویلاگ ڕێكو دەمکراوە بۆ هەڵلووشینی نێچیرەکان، هەندێکیان بۆ پێشەوە ملیان دەناو هەندێکیان بە هەمان تاو بۆ دواوە، هەندێکیان لەسەر لا دەڕۆیشتن بێئەوەی هەنگاویان تێکەڵ بێت، خوێنی مێش بە لالێویانەوە، هەندێکی دیکەشیان غەریقی ژێر تۆزی هەڵاڵە، هەندێکیان ڕەشو برشو هەندێکی دیکەیان ڕەنگی ئەو گوڵە زەردو سوورانەیان گرتبوو کە لەو دەوروبەردا کێویانە ڕوابوون.

هەر لە کەلاوە کۆنێك دەچوو.. هەر هەموو جاڵجاڵۆکە مێیەکان سەرگەرمی قرتاندنی چوار پەلو سەری نێرەکانیان بوون.. پاشان کەوتنە خواردنیان.. ئەوانی تر بێ دەست لەملانێو راموسان نێرەکانی خۆیان قووت دا.. کەچی منو تۆ، ئاخ لە منو تۆ، چەندە بە ناسکی تێك

www.dengekan.com

ئالأبووین.. خۆ من تووڕە نیم.. بە شەرەف هەر بە خۆشم نەزانی.. کاتێکم زانی وام لەناو هەناوتاو.. من خۆم هەر لە هیچە، بەو بۆنو بەرامەی سینگو بەرۆکت لە باوەشتا توابوومەوە".

تووڕەتر هاتە بەردەمو بە دەنگێکی لەرزۆكو خنکاوەوە پشیلە ئاسا دەیمڕاند:

"دەزانی بێ شوورەیی تۆ لەکوێ دایە کابرا.. تۆ دەتەوێ درنــدەییو چــەپەڵی مــن بڕازێنیتــەوە، یــانێ مــن تــۆم خواردووە.. نا.. تۆم لەتو پەت کردووە، پاشان ئەوەندە بە ناسکی تۆم خواردووە کە ئیدی تۆ لە خۆشیانا شاگەشکە بووی.. تۆ دەتەوێ بە ژنێکی "سادی"م لەقەڵەم بدەی؟".

"نا وا نییە کەسەکەم.. من خۆم کابرایەکی "ماسۆشی"م. حەز بە ئازاری خۆم دەکەم، پاشان من پێم وتی کە گوناهی تۆی تیا نەبوو.. تۆ ببووی بە جاڵجاڵۆکەیەکی برسیو گەوروۆنە.. زۆر بە هێوری قەپاڵت لەسەرو کەللەم گیر دەکرد.. خۆی ماچو مووچەکەی تۆ وابوو.. من.. من ئازارم پێ نەدەگەیشت.. بەڵکو پێم خۆش بوو.. ختووکەم دەهاتیو قدیلانەم دەبۆوە.. تەنها ئەوکاتە ترسام کە تۆ ویستت سەرم بقرتێنیو قووتی بدەی.. بەڵام ئەوەندە سڕو سستی ئەو لەزەتی تێکەڵبوونە بووم کە حەزم نەدەکرد لێت بپاڕێمەوە تا نەمخۆی.. خۆ دەمتوانی تکات لێ بکەم.. هەتا بیرمە لە خەوەکەدا پرسیت: ئەوە چییە.. ئەو ترسو تۆقینە چییە دەنێو چاوانت؟ من وتم: هیچ نییە.. لە خۆشیانا خێل بوویمە..!".

"مەکرباز.. لە خۆشیانا خێڵ ببووی.. ئێ؟".

"ئـا بـەخوا.. درۆ ناکـەم.. هـەتا مـن وتم: بمخـۆ گیانەکـەم بمخۆ.. ئەمشەویش نەمخۆی.. شەوێکی دیکە هەر دەمخـۆی.. کـە تـۆم بینـی ئەوەنـدە برسـیتە.. قەسـتم دەکـرد ببمـە پارووێـەکو نـاو هـەناوت گـەرم بکەمـەوە" بـەدەم گلـەیی ژنێکی میهرەبانەوە وتی:

"تـۆ چـۆن زاتـت کـرد خـەونی وا ببینـی؟ ئـەو خـەیاڵو ختـوورە خەراپـە چـییە؟ چ رۆژێـك دیوتـە سـۆزو تاسـەو مـەیلی مـن گـەرمو گـوڕ نـەبێ؟ کـە تـۆ بـەحاڵ تووشـی ژانەسـەرێك دەبیـت.. ئیـدی مـن حـەجمانم لەبـەر دەبـڕێ.. تووخوا واز لەو کتێبە دۆزەخییانە بێنە".

"ئێ.. هەر تینو تاوو گەرمی ئەو سۆزو مەیلەیە وا دەکات کـە تـۆ بمکـەی بـە پاروویـەکو قـووتم بـدەی.. ئـەو سـۆزە گەرمەیە وای کردووە تۆ لـەناو خۆتـدا بمـشاریتەوە.. پاشـان ئـەو ترسـی هەڵلوشـینو لەناوچـوونە پەیوەنـدی بـە تـۆوە نی‌یە".

"چۆن.. من لەو خەونەدا تۆم نەخواردووە؟"

"بەڵێ.. بەڵام ئەوەیان بەدەسـتی مـنو تـۆ نییـە.. هـەموو پیاوێـــك لـــەوە دەترســـێ ژنێـــك لـــەوەختی جووتبوونـــدا هەڵیلووشێ.. زۆرن ئەو ژنانەی حەز دەکـەن پیـاو بوونایـە.. کە ناتوانن.. لەوانەیە لە خەونەکانیاندا پیاوەکانیـان قـووت بدەن..".

www.dengekan.com

کــه زانــیم لــه حەژمــەتانا ســەری دەلــەرزێو پەنجــەی شــایەتمانەی خــستۆتە نــاو دەمــیو بــە ڕقــەوە نینــۆك دەقرتێنــێ.. وەســتام وەك کەســێك پێــشبینی هــەواڵێکی ترسناك بکات لێمی پرسی:

"چیتر؟"

"دەکرێ هەر هەمووی ترسی پیاو بێ لەوەی سەرلەنوێ لەو دۆڵانە تاریکەی ئافرەتەوە قووت بدرێو لەناو هەناویدا تا ئەبەد.."

دیسانەوە بێ دەنگ بوومو نەموێرا رستەکە تەواو بکەم. تووڕەتر هاتە بەردەممو سەری لووتی بەر لووتی قەڵانگم کەوت.. وەك لە منالْ بخورێتەوە.. وتی ـ "تەواوی کە.."

"هەندێ جار لەناو هەناوتا کە دەخەوتم لەناکاو تلت دەداو من رادەچەنیم.. وام هەست دەکرد گەمە لەگەڵ دۆستێکی تازەتدا دەکەی.".

"دەی باشە.. ئەمەیان زۆر تازەیە.. یانێ دۆستیشم بۆ پەیدا دەکەی؟"

"خەونە.. مردوومراو.. خەونە.. لەجیاتی ئەو هاتو هاوارو خۆسوورکردنەوەیە وا چاکە بە جووتە خەونەکەمان شی بکەینەوە".

"مەڵێ خەونەکەمان.. خەونی تۆیەو بەس.. شی بکەینەوە ها.. دەی چاکە..".

"جارێکیان هێشتا زیندوو بووم لە هەناوتا.. پەیامێکم بە خوێنەکەتدا نارد بۆ دڵت، سکاڵای ئەوەم کرد کە ناکرێ

ئەوەندە دڵڕەق بیت.. کەچی تۆ لە ڕقی من مانت گرت لە خواردن.. خەریك بوو لە برسانا بمکوژی.. جووڵەکانت زۆر شەڕانیو دڕندانە بوون.. لە درزە کراوەکانی سکتەوە، لەو قەفەزە زۆر جوانو ئاوریشمینەی جارانی خۆم دەڕوانیو خۆزگەم بۆی دەخواست.. بەڵام تازە هەموو شتێك تەواو ببوو.. مەحاڵ بوو لێ بگەڕێی بێمە دەرەوە."

نائومێدانە وازی لێ هێنامو یەك تەختە وەك ئەوەی ببورێتەوە بە پشتدا کەوت، لەسەر پێخەفەکە راکشا، بە چەند جووڵەیەکی منداڵانە خۆی خەریك کرد، شەرمو ترسو تووڕەبوونێکی دەشاردەوە.. لەناوەوەش دەکوڵا.. چاوەڕێی تەڤینەوەیەکم لێ کرد، لە بۆشایی ئاسمان ڕاما، کەلەکەی گۆڕی، کەوتە سەر لای چەپی.. پاشان راست.. خۆی بەدەمدا خستو خۆی مات دا.. نەمدەوێرا هیچ بڵێم.. کتو پڕ خۆی کێل کردەوەو وتی: "تازە تەواو.. خەوم زڕاوە.. خەونەکەم بۆ تەواوکە." خۆم گران کرد، ویستم نەیگێڕمەوە، هەڕەشەی لێ کردم کە ئەگەر نەیگێڕمەوە هەر هەموو دەورو دراوسێیەکانم لێ کۆ دەکاتەوە.. دەشمزانی راست ناکات.. نائومێدانە وتم:

"لەکوێوە بیگێڕمەوە؟"

نائومێدانەتر وتی ـ "بەرلەوەی کە بتخۆم.."

"من لە هەناوتا بووم کە.."

شێتانە ڤیژاندی "وتم بەر لەوەی بچیتە ناو هەناوم..واز لەو هەناوەم بێنە.. هەناوم داڕزێ"

"ئەوە دەگێڕمەوە کە بیرم ماوە"

"ڕازیم.."

"منو تۆ لەو کەلاوە کۆنەدا بە یەك گەیشتین، نازانم بۆ لەو شوێنە پیسە بووین؟ لەوە دەچوو جێ ژوانی منو تۆو سەدەها جاڵجاڵۆکەی دیکە بووبێ، من بەر لە تۆ لەوێ بووم، بۆ بەدبەختی دەیەها جاڵجاڵۆکەی جوانکیلەو ڕەنگاوڕەنگ دەوریان دابووم، قسەم بۆ دەکردن، قسەیان بۆ دەکردم، قاقا دەنێو ئەو کەلاوە کۆنەدا نوکتەی بێزەوەرو زۆر ناشیرینمان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە، بەدەورما دەهاتنو دەچوون، بۆنیان پێوە دەکردم، عاشقانە بەگوێمدا دەیانچرپاند.. کە تۆ کتو پڕ دەرکەوتی.. چاوت چووە پشتی سەرت.. کەچی زۆر هێمنو عەییارو زیرەکانە خۆت لە گوورە نەبرد.. بە دەنگێکی ناسك وتت:

"ببوورە کەمەکێ دواکەوتم.. تا لەو گردە پەڕیمەوە هەر چوار پەلم شکان".

من گوێم لە تۆ بوو.. کەچی سەیری ئەو هەموو جاڵجاڵۆکە تۆقیوەم دەکرد کە تۆیان بینی لە چاوتروکانێکا پاشەڵیان لە من کرد.. سەیر بوو.. دوو پژدێنەی زێڕین سەرشانەکانتی ڕۆشن کردبوۆوە، قەت وا ئاڵاو واڵا نەمدیبووی، دەتوت خۆت بۆ زەماوەندێك لە تەل داوە، لەدوای کەمێك رامووسانو دەست لە ملانێ بە حاڵ دوور کەوتیتەوەو بە چوار دەورمدا بازنەیەکت رەسم کرد، وام

زانی لە خۆشیانا سەما دەکەی، هەر لەو خەوەدا تۆم بینی زۆر بە شێنەیی تەونێکم بەدەوردا دەچنیت، زوو زووش دەتوت: مەترسەماڵێکە لە ئاوریشم.. بۆ خۆمو بۆ خۆتە، لەبەر دیدەما ڕەنگو شێوەی جیات وەردەگرت.. دەتوت: مەترسەو هەستە سەما بکە.. گوێت لەو مۆسیقایە نییە لە دوورەوە؟ من لە پەلوپۆ کەوتبووم، لە چاوتروکانێکا خۆم بینییەوە وام دەنێو تەونە چنراوەکەی تۆ، چەندین رایەڵو بازنەی دیکەت بەدەورمدا توند کرد، چنین دوای چنین، هەڵقاوهەڵق تاوڵی وردو باریك.. بەڵام توندوچڕ.. بوون بە تۆڕی دەوری گیانم، تاوێك جاڵجاڵۆکە جوانکیلەکان ترسیان شکاو لە تۆڕە چاك چنراوەکەی تۆ نزیك دەکەوتنەوە، لەو هەودا ڕەنگاو ڕەنگانە ورد دەبوونەوە، لە تۆی دەست ڕەنگین، لە منی بەندکراو لەودیو هەودا باریکەکانەوە، نەیانزانی مەسەلە چییە، ئەمەیان خانۆچکەیەکی بەهەشتییە یان زیندان؟ لێت ناشارمەوە من لەژێر چاوەوە لە دونیای دەرەوەم دەڕوانیو خەونم بەو سەربەستییەوە دەبینی کە تۆزێ لەمەوبەر هەمبوو.. هەنووکە لە دەستم دا، بە چوار دەوری خۆمەوە گوێم لە نرکەو ناڵەی جووتە تێك ئاڵاوەکان بوو کە سەرمەستانەو عاشقانە بێ ئاگا لە خۆیانو غەرقی لەزەت تەونەکانیان بەسەرخۆیاندا دەڕماند، من جووڵەم نەدەکرد.. بگرە شاخەکانیشم نەدەبزواند، جاڵجاڵۆکەیەك زاتی کردو داوێکی لەو تەونە چنراوەی دەورم قرتاند، لە چاو تروکانێکدا دوو قاچی

پێشەوەت درێژ کردو قەپێکت لە پشتی ملی گیر کردو دەرحاڵ خنکاندت، وتت: ئەوە یەکێکیان، ئەوانی دیکە هەر لەجێوە سڕبوون، ئەوان کە بۆ گەمەیەك هاتبوون لێیان قەوما، دووەمیانت دەنێو هەندێ هەوداو داوەکاندا لوول داو بزر بوو، سێیەمیان خۆی هاتە ناو دەمتو تۆش قووتت دا، پەلاماری چوارەمیانت دا چزوویەکت لە پشتی ملی راکردو لەجێوە هەر هەموو پەلەکانی شکانو کەوتە سەردەم، ویستی راست بێتەوە، چەپۆکێکت پێداماڵیو پلێشایەوە، هێرشت کردە سەر پێنجەمیانو شلەیەکت لەدەم هاتە دەرێو رشتت بەسەر باڵایدا.. هەر زوو دیم توایەوە، بەتەنها خاڵێکی ڕەش لە شوێنی ئەودا بەجێماو هیچی تر، بەدەوری جاڵجاڵۆکە مردووەکاندا دەخولایتەوە، هەرکامەیان بەحاڵ شاخی یان قاچێکی بجووڵایە.. تۆ بە چەپۆکێك رۆحت دەکێشا، لمووزت لە یەکەیەکەیان گیر دەکردو دەرزییەك لە دەمتەوە دەردەهاتو دەمدی کە چۆن خوێنیان دەمژیت، دەمدی تا دێ گەورەترو قەڵەوتر دەبیت، هەر دەتوت خوێنی ئەو دوژمنانەت شیلەیەو تۆ هەڵیدەمژیت، جاروباریش کە دڵنیا دەبوویت جووڵەت نەدەکرد، بەڵام لە ناوەوە خۆت بۆ جەنگێك ئامادە دەکرد، دەبوو پێشتر لە رۆحی پڕ لە غیرەو بەغالەتت ئاگرێك دابگیرسایە، ئاگری رقو تۆڵەیەك دژ بەو جاڵجاڵۆکە جوانو خنجیلانەی هاوتوخمی خۆت بوونو دژی ئەوانەشی کە لە ڕاوو ژوان نەدەکەوتنو هاوتوخمی من بوون، هێدی هێدی لێت نزیك دەبوونەوە، بەنیازی سڵاوو چاكو چۆنی، کە

www.dengekan.com

لمووزت دەخشاند لە لمووزیان، ئانو سات دەمەدی کە لاشەی هەرکامەیان بەدەم ئازارێکەوە گرژ دەبوو، وێك دەهاتەوەو دەپووکایەوە، دەمەدی کە زارو زمانت، کەڵبەو ددانت دەخستە ناو دەمی یەکەیەکەیان، خوێنی هەموویانت دەمژی، تا دوا دڵۆپ، ئەوسا وەك هەر لاشەیەکی ساردو سڕو مردوو جێت دەهێشتن، جاروباریش کە دڵنیا دەبووی لە مەرگی ئەوان، چەپۆکێکت بە مندا دەماڵی، من وام دەنواند کە تۆ حەزت لە گەمەیەو مەکربازانەو بەدرۆو وەڵێ کینە لە دڵ دەموت: دە واز بێنە.. دە مەکە.. دە عەیبە.. نا.. تۆ وازت نەدەهێنا، دەگەڕایتەوە سەرمو ناو دەمی منت پڕ دەکرد لە خوێنو من فزەم نەدەکرد، لەوە بەهێزتر بووی خۆم بێ عەقڵ بکەمو تۆڵەی خۆم بکەمەوە، زاتم کرد بەناو تەونەکەتدا مل بنێمو ڕێگەیەك بۆ خۆم بکەمەوە، کە ویستم بچمە سەر قوربانییەکانتو سەیریان بکەم.. دەتوت:

"بە مردوویش واز ناهێنی؟ بەسەریان دەکەیتەوە؟"

دەموت:

"ئاخر گوناهن..!"

دەتوت:

"بکشێ وە.. کەس گوناه نییە.. تۆ نەبێ"

وای لە تەماست کە لە پەلوپۆی دەخستم، شلی دەکردمو تاوێكو زیندووی دەکردمەوە، دەتوت: ئەها تۆ ئێستاکە غەمگینی، کە غەمگین دەبیت، من بە لەمسەیەك ڕووناکت دەکەمەوە، بە ترپەی دڵم دەتزانی لە چ دۆخێکدام، لەرەی

www.dengekan.com

دەنگم.. هەناسەم کە هەوای دەورمانی دەشڵەژاندو شتەکانی دەوروبەر دەلەرزین.. دەتزانی من خەیاڵم لەکوێیەو بیر لە چـی دەکەمـەوە، شـنەبایەك کـە هـەودا باریکـەکانی تەونەکـەمانی دەجووڵانـد دەتناسـییەوە، شـێوانی هـەوا بـە هـاتنی جاڵجاڵۆکەیـەکی عاشـق جیـابوو لـە باڵـەفڕەی پەپوولەیەك کە گێلانە دەکەوتە ناو تـۆڕی تەڵەو داوەکانی تـۆ، لـە دووری دوورەوە دەتزانـی هـەر زینـدەوەرێك نیـازی چـییە، تـۆ بەداوەبـەنێکی ئەسـتووری ئاوریـشم منـت دەبەستەوە کە نەپچڕێت، بۆ هەرکوێ دەچوویت لەڕێی ئەو دەزوولانـەوە ئاگاداری هـەموو جووڵـەو هەسـتو خوسـتێکی من بوویت: لە کوتەکوتی ناڕێکی دڵـم، لـە خـەیاڵی خـەراپم ئەوکاتـەی دەمویـست رابکـەمو فورتـارم بێـت.. کەچـی لـە تـەونو ڕایـەڵی خانۆچـکەکەمان گـیر دەبـووم، ئـانو سـات بوویتـەوە بـەو (پـاکیز)ەی ئێـستاو جاڵجاڵۆکـەکانت دەخـواردو دەتکرمانـدن، نـاو گـەڵت لێ بڵاوکردبـۆوەو هـەر هـەموو جاڵجاڵۆکـە نێـرو مێییـەکانت هەڵدەلووشـی.. لـە دامێنتـەوە.. دەتـوت دەچـنە نـاو دەمـی ئەشـکەوتێکی تاریکەوە، دەموت: بـۆ جاڵجاڵۆکە مێیـەکان تێگەیـشتم بـۆ.. بەڵام نێرەکان چییان کردووە؟

دەتوت: تۆ نێر نیت.. گەرەکمە توخمەکەت ببڕێتەوە..!

چەندە پتر جاڵجاڵۆکەکانت هەڵدەلووشی، پتر دەئاوسایتو گـەورەتر دەبـووی، ئەوەنـدە گـەورەو بڵنـد کـە مـن نەدەگەیشتمە قوله پێت، لە دوورەوە هـەر دەتـوت دامێنـت سێگۆشـەی بەرمۆدایـەو شـتەکانی دەوروبـەر قـووت دەداتو

هەڵدەلووشێت، لەبەر دەمتەوە گەردەلوولێك جاڵجاڵۆكەكانی كۆ دەكردەوەو رایدەماڵیو بە موعجیزەیەك كە هەر لە خۆت دەهات لەناوخۆتدا بزرت دەكردن، تا گەردەلوولەكە نەمترسێنێت تۆ چنگت گرتبووە من، من لەناو لەپتدا لە ترسانا وێك دەهاتمەوەو دەچوومەوە باریەك كە دواجار هەر بەقەد بێچووە جاڵجاڵۆكەیەكم لێ مابۆوە، ناو چنگت ئەوەندە گەرم بوو كە وەنەوزم دەداو خەو دەیبردمەوە، هەر هەموو هێلكەكانیشت هەڵدەلووشی، دەمپرسی: ئاخر بۆ؟

دەتوت: من دەزانم كە تروكانو گەورە بوون.. چییان لێدێت؟

"ناچار پاشەو پاش كشامە دواوە، هەر كە دەمویست بجووڵێم، تۆ بەدوو هەنگاو دەگەیشتیتە سەرمو قەپت دەگرتە قاچێكم دەتقرتاند، من دەمویست بتگەڕێنمەوە رۆژانی یەكەمینی حەزو دڵداری، شەوانی شەیدایی.. بیرت بێنمەوە كە تۆ خەیاڵت خەراپ كردووە، ئەو جاڵجاڵۆكە وردیلانە حەزیان لە گۆڕینەوەی رازونیازە.. دەموت: ئەها دە تۆ سەر بەرز كەرەوە.. ئەها بەم شەوە مانگو ئەستێرەكان چ ورشەو تریفەیەك دەبارێنن.. ئەها چەند جوانن، تۆش دەتوت: "غافڵم دەكەی؟ بەو هەورو هێڵە كوا مانگو ئەستێرە دیارن؟"

لەو خەوەدا زۆرم برسی بوو، حەزم دەكرد شتێك بخۆم، هەر شتێك.. هەر هیچ نەبێ ئێسكو پروسكی قوربانییەكانت بخۆم، نەتهێشت.. دەتوت:

www.dengekan.com

"مـن دەزانم گۆشـتی ئـەوانت لـەلا شـیرینەو حـەز دەکـەی بیانخۆی..!"

من دەمپرسی:

"ئەی چی بخۆم؟"

تـۆ زۆر بێـشەرمانە قاچـێکت هـەڵبڕیو ناوگـەڵی خـۆت پیشان دەدامو دەتوت ـ "ئا ئەوە بخۆ..!"

لەو خـەوەدا چ شـەرمو حـەیا هەیـە، نـەتمابوو.. دڵڕەقانـە دەتوت: ـ "گەر تینووتە با چۆڕێك میزت بۆ بکەمە ناو ئەو قاپولکەیـە." لـە حەژمـەتانا هـۆن هـۆن دەگریـام، بـڕوام بەگوێو چاوەکانی خۆم نەدەکرد، زۆر بێ بەزەییانە قسەت فڕێ دەدا، چاوەکانت هەر ئـەو چاوانەی خـۆت بـوون.. وەلێ پڕ بوون لە مەزاقو ڕقو کینە، منت گەڕاندەوە ناو ماڵی لە تـەون چـنراوت، مێـشێك ڕێـی هەڵـە کـردو هاتـە نـاو ماڵەکەمان.. بە گیزە گیـز بەسـەر سـەرمانەوە دەفـڕی، تـۆی غەزەب فوویەکت لێ کـردو باڵـەکانی هـەڵوەریو کەوتـە بـەر دەمی من..

وتت: "دەی بیخۆ..!"

پێم وت: "کەی دیوتە من مێش بخۆم؟"

تـۆش عـەییارو بەدنیهادانـە پرسـیت: "ئـەی بـۆ گۆشـتی جالجالۆکە دەخۆیتو هی مێشت پێ ناخورێ؟"

هــەر لــەو خــەوەدا تــۆ مــوعجیزە بوویــت، فوویــەکت لەمێشەکە کردو زیندوو بۆوەو فڕی، بۆ بەدبـەختی بەسـەر سەری منەوە نیشتەوە، ئەوەنـدە مانـدوو بـووم نەمـدەتوانی لە خـۆمی دوور بخەمـەوە، دەتـوت کێوێکـە.. نـەك مێـشێکی

چـکۆلەو هـیچ، خـەریك بـوو سـەرم بـەردەبۆوە، کەچـی نەدەفڕی.. تۆش قاقا پێدەکەنیت، لەلاتەنیشتەوە هەردوو چاوە شووشەییەکانت دەدرەوشانەوە، بریسکەیەکی شەڕانیم تیا بـەدی کـردن کـە لەناوقـەدەوە دوو لـەتی دەکـردم.. تـۆ دەتوت:

"سەر هەڵبڕە واز لە مـانگو ئەسـتێرەکانت بێنـە، سـەیری باڵەکانی ئەو مێشەی سەر سەرت بکە کە هەر دەڵێی گەڵای پڕ لە وردە دەماری درەختێکن".

زاتم کردو دەمم هەڵهانیو وتم:

"چەندە بێ زەوقیت!"

تفێکت لێ کردم وتت:

"دەمت داخە.. ئەگینا بۆتی پڕ دەکەم لە خوێن..!"

تـاوێکی پـێ چـوو.. هـەردووکمان بـێ دەنـگ بـووین.. نەمـدەتوانی سـەر ڕابوەشـێنمو مێـشەکە لـەخۆم دەربکـەم، ئانو سات جاڵجاڵۆکەیەکی جوانو وردیلەتر گەرەکی بوو لـە شـوورەی ماڵەکـەمان نزیـك بێتـەوە، نـەمزانی چ زوو.. لـەکوێوە هاتـە بـن دەواری تـەونی چـنراومان، لەشـێکی ڕەنگاوڕەنگ، دووچاوی ئاوی، پەلوپۆ درێژ، ناو قەد باریك، پاشەڵ بەرز.. بـە چەپو راسـتدا دەیڕوانـی وەك ئـەوەی لـە ڕاوێك بگەڕێ، بە لەنجەولار بـە چـوار دەوری منـدا دەهـاتو بەرسـکی سـپی لـە زەویەکـە دەخـشاندو نرکەیـەکی شەهوەتبازانە لـە هـەموو ئـازای جەسـتەیەوە دەهاتـە دەرێ، تۆ وا خۆت دەنواند کـە نەتـدیوە، هەردوو قاچی پێشەوەی

بەرز کردەوە وەك یەکێك بیەوێ سەما بکات، کەچی من بینیم قاچە باریکەکانی لەخۆڵو تۆز پاك دەکاتەوە، لەو ژنە پاكو خاوێنانە دەچوو کە تازە لە گەرماو دێنەوەو خۆ لووس دەکەن، بینیم دوو باڵی لێ ڕوا، تاوێك لە زەوی بەرز بۆوەو فڕی، نیشتەوەو شەرمنانە ئاوڕێکی لای تۆی دایەوە، لەو ژنە چاوتیلانە دەچوو کە ئەگەر خێل نەبن هیچ جوانێکیان تیا نابێ، هەر لە خۆیەوە وەك ئەوەی لە دەرەوە باران تەڕی کردبێ‌و بیەوێ جل لەبەر خۆی دابکەنێ‌و کاژێکی تەنکی لەسەر پێستی خۆی فڕێدا.. دوو کاژو.. سێ‌و.. چوار کاژ.. تا وای لێ هات لەژێر پێستێکی سپی‌و سافو تەنکدا شەپۆلی خوێنی ئاڵی ببینم، دیسانەوە زەوقێك کەللەمی تەزاند، هەوەسێکی گەرم وەك پشکۆ لە هەناومدا دەسووتا، تۆش ورد ورد نیگای هەردووکمانت دەکرد، کە زانی من لە پەل‌وپۆ کەوتووم.. لە ترسی تۆ ناجووڵێم، ئەو سێ جاران بە چوار دەورمدا خولایەوەو بازنەی بۆنێکی بەدەورمدا ڕەسم کرد کە تەواو شل‌و خاوی کردمەوەو کە لەبەرچاومدا دەخولایەوە لەوە دەچوو منیش وەك ئەو لەتاو ئەو بۆنە خۆشە خێل بووبم، کە خێل بووم تۆم لێ بووی بە دوو.. بە سێ.. بە چوار.. بە دە جاڵجاڵۆکە.. لە دە لاوە تۆ هێرشت کردە سەر ئەو جاڵجاڵۆکە ساواو بەستەزمانەو کردت بە دە پارچە.. من سەرکزو زەبوونانە لەو قاچانەی ورد دەبوومەوە کە لەپاش مردنیشی هەر دەجووڵان، کە وەئاگا هاتمەوە.. سەیرم پێ هات کە لەو ماوە کورتەدا ئەو قەسابخانەیەت دروست کردووە، ئەو ماوە

کورتـەی کـە مـن تیایـدا بـێ ئاگـا لـە خـۆم خێـل ببـووم.. نەدەچـووە عـەقڵم ئـەو هـەموو خوێنـە ڕژاوە هـی تـەنها جاڵجاڵۆکەیەك بێ.. کتو پڕ هاوارت کردو من ڕاچەنیم:

"ئەو دەمامکی زەبوونییە لەسەر ڕووخسارت لابـەرە، ئـەو چاوانەت وا تەڕ مەکە، وای مەنوێنە کـە حـەز لـە هـیچ کـام لەو جاڵجاڵۆکە ساوایانە ناکەیت، تۆ چەندە خۆت بـێ بـاكو بێ خەیاڵ پیشان بدەی.. من هارتر دەکەی، چونکە هەر لەم فێڵی بێ باکیو بێ خەیاڵییە ئەوان پتر لە تۆ دێنە پێشێو بۆنت پێوە دەکەن، تۆ دڕندەترین جاڵجاڵۆکەی، چەند حـەز دەکـەی وەك شـارە مێرووڵـە بـەدەوری تـۆدا بازنـەو شـوورە ڕەسم بکەن.. تۆ بەتەمای چیت لەڕاهی خوا؟".

دەتویـــست بگریـــت.. لەســـەرخۆو بـــە فیـــزی شـــاژنێکی هەوەسبازەوە لە من نزیك بوویتەوە.. چاوانت پـڕ بـوون لـە قەهرو شەهوەت.. وتت:

"هەوەســت هەیــە؟ لــەوە دەچــێ حــەز بــە ڕاموســانێك بکەی؟"

هەر واش بوو.. وەڵێ من نەمدەتوانی نە سەر بلەقێنمو نە بە زار وەڵامت بدەمـەوە، تـۆ بـە دەورمـدا خولایتـەوەو ئـەو بۆنەت بڵاوکردەوە کە شێتی شـەهوەتێکی دەکـردم.. بۆنێـك کــە هــەموو جــار وامــدەزانی یەکــەمجارە کــەیلم دەکــاو دەمتاسێنێ.. منگنانە وتت:

"من مەیلم لێیە؟"

هەڵبــەت.. دوای خواردنــەوەی خــوێنی ئــەو هــەموو جاڵجاڵۆکانە دەبوو بە خۆشترین گەمە کۆتایی بەم خوێن ڕشتنە بهێنی.. وتت:
"خۆت ئامادە بکە.. ئەمشەو کۆتایی نایە..!"
وشەی "کۆتایی نایە" زەنـدەقی بـردم، سـڕ ببـووم، زمـانم لەگۆ کەوتبوو، بۆ هەر کوێ ڕامدەکرد سەرم دەیدا لە دیوارە چڕ چنراوەکانی تۆو داوێکی باریکو تیژ وەك گوێزان لە ملم دەئاڵا، بەر دیوارەکان دەکەوتمو دەهاتمەوە بن دەستو پێی تۆ، زۆر گرگنو چکۆلە ببومەوە، تۆ لەسەر خۆ ڕووەو لای مــن دەهــاتی، بەســەر لاشــەی لــە خــوێن گــەوزیوی جاڵجاڵۆکە مردووەکاندا هەنگاوت دەنا، هەموو قاچو قولت خوێناوی بوون، هەموو دەموو پلت.. لمووزت لە من نزیك کردەوە، وام زانی ماچم دەکەی، خۆی ماچ بوو.. ماچی تۆ.. کەچی کەڵبەکانت لە لێوەکانم گیر کردن.. پێت سەیر نەبێ.. من دەزانم جاڵجاڵۆکە کەڵبەی نییە.. بەڵام لەو خەونەدا تۆ هەتبوو، وا تامەزرۆیانە دەتمژین کە تك تك خوێن لە لێوەکانم دەتکان، دواجار بە یەك قەپ لێوی ژێرەوەمت قرتاندو قووتت دا، پاشان زیاتر لێم هاتیتە پێشو منت لە ئامێز کردو توند بەخۆتەوە دەتگوشیم، وا توند کە یەك دوو پەراسووم شکان، گازێکت لە من دەگرت، تاوێکو پاشان لەرزوتام لێدەهات، ماسولکەکانم شل دەبوونەوەو دەڕشامەوە، جووڵەم نەدەما، لەپەوڕوو دەکەوتم، تۆ هەر بە کەللەی سەر لە منت هەڵدەداو هاوارت دەکرد کە من ماڵە جوانەکەتم لێ پیس کردی..

پاشــان خــۆت بــەرز کــردەوەو دەمــت خــستە نــاو دەمــی خوێناویمەو تا بۆت کرا لە دەممەوە.. لـە لێـوی قرتاومـەوە.. لە پووکی بریندارمەوە.. لە بن مەلاشوومەوە خوێنی ڕەشی منت دەمژی. بە زمانت لە زمانم دەگەڕای.. زمانت ئەوەنـدە درێــژ بــوو لــە دەممــەوە گەیــشتە نــاو هــەناوم.. لــە شــتێك دەگەڕای.. مت نەمدەزانی چییە.. ترسـام لـەوەی لـە ڕۆحـم بگەڕێی، لە ترسانا زمانی خۆم شاردبۆوە.. نووسـاندبووم بـە بن مەلاشوومەوە، دواجار دۆزیتەوە، کەڵبەکانت لێ گیرکـردو سەری زمانمت قرتانـد.. تـەواو.. دونیـا لەبـەر چاوم تاریـك بوو، تا دەهات بچکۆلە دەبوومەوە، وا بـزانم کـەمێکم خـوێن تیا مابوو کە دەمت دوور خستەوە، تا دەهات لەشم گرژو بێ خوێنتر دەبووم، بەدەم ئازارێکەوە پتر وێك دەهاتمەوە، بۆنی خوێنی خۆمو هاڵاوەکـەی لـە قورگتـەوە دەهاتـە دەرو کاسـی کــردم، تــا دەهــات شــەو تــاریکتر دەبــوو، لــەوە نەدەچــوو خوێنێکی گەشتر لەوەی کە مژی بووت لە لەشمدا مابێ.. بـە سکاڵای ژنێکەوە کە لەسەر ئاوو ئاگر بێ دەتوت؛ بـۆ زەوقـت نییە؟ کەی تۆ ئەوەنـدە سـارد بـووی؟ دە هەسـتەوە.. دەزانم عـەزرەتیو تامـەزرۆ بـوون سـڕی کردوویـت، هـەر ئێـستا وا دەکەم خوێنت گەرم دابێو قوڵپ بدات.. کەف بـچڕێ.. جـار جارە دەمت دەکردەوەو هەموو سەرو کەللەی منت دەخستە ناو دەمی خۆتو دەتوت:

"لەوە دەچێ سەرمات بێ.. بۆ دانەچـۆقەت پـێ کـەوتووە؟ دەبا گەرمت بکەمەوە".

www.dengekan.com

یەکەیەکە دەستەکانمت دەخستە ناو دەمت تا گەرمیان بکەیتەوە، کەچی لە بێ خوێنیو باریکیدا هەڵدەوەرین، ئەوەندە منت هەڵگلۆفی، ئەوەندە بەناوی دەست لەملانێو راموسانەوە منت هێناو برد کە ئیدی هەرچی هێزو شەنگ هەیە نەمما، سەد جاران کەوتمە سەر دەمو تۆ بە زۆر کێلت دەکردمەوە.. دەتوت:

"دە عەیبە داوەشێی.. چۆن وا دەڵێی؟ من ئەو هەموو غەریمەم کوشت تا تۆ هی خۆم بیت.. دە تۆ هەستەوەو سەیرکە.. بزانە خۆشەویستی من چ قەسابخانەیەکی جوانی دروست کردووە.. تۆ بزانە گەرمی خوێنی من بۆ تۆ چ گۆمێکی پڕ لە خوێنی ساردی لەم ناوە دروست کردووە.. هەستەوە.. ئەم لاشانە گەواهی ئەڤینی منن بۆ تۆ.. ئەم کوشتارگایە تۆ دروستت کرد.. هەر کەسێك زات بکاتو لەم پەرژینە نزیك بێتەوەو بێ بەم دیودا چارەنووسی لەم کوژراوانە ڕووناکتر نابێ.. هەستەوەو دەم لە زەوی گیر مەکە.. هەستەوەو دەم بنێ بە هەناسەمەوە.. تۆ ببینە چ کەژاوەو کوللەو پەردەیەکم بۆ دروست کردووی.. ماڵێکە لە ئاوریشم بۆم چنیویت.."

ئەو تەونە رەنگاوڕەنگە ماڵی منو تۆ بوو، چەندەها ئاوریشمی زۆر باریكو بەتین، ماڵێك بوو لە شێوەیەکی بازنەییدا، چوارچێوەیەکی توندو تۆڵو بێ کەلێن، وەلێ پڕ لە دەروازەی نهێنی کە جگە لە خۆت کەس پەی پێ نەدەبرد، داوەکانیش لەو چوارچێوەیە درێژ دەبوونەوە تاوەکو لە خاڵێکدا یەکیان دەگرتەوە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی

قەبارەی ماڵەکە بکات، چەندین تەونی وردچنراو لەناو یەکدیدا کە مەحاڵ بوو من کەلینێك بۆ دەرباز بوونم بدۆزمەوە، زیندانێکی خاوێن کە تۆ ناوت ناوبوو "خانۆچکەی خەونەکان" یان "بەهەشتی چکۆلەمان"، وەلێ من ناوم نابوو "قوتووی تەقەت" یان گۆڕستانی ڕازو نهێنییەکان، هەر دەتوت قەڵایەکەو هەر دەروازەیەکی سەد قفڵو کلیلی شاراوەی هەیە، تۆ هەمیشە بە مەکرو فێڵەوە هاتو چۆت دەکرد کە ڕێگا شاراوەکانی نادیارو منیان وێڵ دەکرد، دەپاڕامەوە لێت کە خۆت بمبەیتە دەرەوە تاوەکو هەوایەکی پاك هەڵمژم، تۆزێك هەتاو بڕژێتە ناو چاوەکانمو ڕۆشن ببنەوە، جومگەکانم گەرم دابێنو ماسولکەکانم بجوڵێنو خوێنی خەستم شی بێتەوە.. مەحاڵ بوو.. ئاخر من دەنگم بە کەس نەدەگەیشت، نەمدەزانی لە دەرەوەی ئەم ماڵە دونیا چ باسە، ئاخۆ هەر بە تەنها من دیلو بەندەوارم یان جگە لە منیش جاڵجاڵۆکەی دیکەی لە من نێرتریش هەن کە دیلو بەندەوارن لە زیندانەکانی تردا؟ زیندانی ئەبەدی.. لە دڵی خۆمدا دەموت؛ چ درەنگو چ زوو خۆت ئازادم دەکەی یاخود فریادڕەسێك دێتو لەم زیندانە جوانە قورتارم دەکات، تۆش بێباك لە ترسو مەراقی من خۆت بە داوێکەوە هەڵدەواسیو جۆلانەت دەکرد، تاوێك ڕووەو سەرەوەو تاوێك ڕووەو خوارەوە، بەلای چەپو ڕاستدا، من دڵنیا بووم کە تۆ بیناییت کزەو هەرگیز بێ چاوێلکە نەتدەتوانی ڕوونو ئاشکرا شتەکان ببینیت،

www.dengekan.com

کەچی لەو خەونـەدا هـەزارەها چـاوت هـەبوو، دەتـوت وردە ئەستێرەنو دەبریسکێنەوە، هەموو دونیات دەبینی، لە هـەر کونو قوژبنێکدا خۆم بشاردایەتەوە. رێك دەهاتیتو سواری سـەرم دەبوویـت، هـەر رۆژەوە سـەدەها جـار شـیلەیەکی ژەهراویـت دەڕشـتە سـەر داوەکـان تـا ئەگـەر هـەر مـێشو مەگـەزو جاڵجاڵۆیـەکی سەرلێـشێواو هـات، بـە داوەکـەوە بلکێتو بمرێـت، بـە شـێنەییو خانمانـە، هـەروەك کابـانێکی خاوێن ئەو ماڵەت پاك دەکردەوە، هەموو ئەوانەی بـەداوەوە دەبوون، دەبوون بە ژەمێکی ئاسـانی تـۆ، دوای هـەر ژەمێکـی خوێنـاوی دەسـتو قاچـەکانت لـە گـەردوتۆزو خـوێن پـاك دەکردەوە، هەرگیز تێر نەدەبوویت، بەسەری پەنجـە دیـوارە لـە هـەودا چـنراوەکانت سـەح دەکـردەوە، سـەرەتا لـە چـەند پەنجەرەیەکی چکۆلانەوە هەتاوو تریفە دەڕژایە ماڵەکەمان، کە تووڕە دەبوویت.. هەر جارەو پەنجەرەیـەکت دادەخـست، هەر جارەو لە خەو هەڵدەستام دەمـدی یـەکێکی دیکـە لـەو پەنجەرانەی دڵمیان خۆش دەکرد، سفتو بێ کەلێن چنراوە، کـە غـەمگین دەبـووم دووسـێ مێـشت دەخـستە بـەردەمم‌و قاچەکانت بەناو دەمـە لووسـەکەتدا دەهێنـاو دەبـرد، گوایـە خۆت لە خۆڵو تـۆزی ڕاو پـاك دەکەیتـەوە، کـە پێـت دەوتم بـەیانی بـاش.. رۆحەکـەم.. ئیـدی مـن حـەزم دەکـرد ئـەو رۆحەم هەلاهەلابێت مادامەکی من رۆحی تۆم، لەوە دەچـوو هەندێك جار بێئاگا لە خۆم گـازم لێ بگریـتو سـڕ دەبـوومو لـە پـەلوپۆ دەکـەوتم، لـەوە دەچـوو هـەر جارەو بـۆ مـاوەی چەند رۆژێـك جێگـۆڕکێم پێبکـەیتو بمگوێزیتـەوە شـوێنی

دوورو لاچــــەپەك، دوور لـــــە چــــاوانی هـــــەر هـــــەموو جاڵجاڵۆكــەكانی دیكــە لــە حەشــارگەی پەنهانــدا تەقــەتم بكــەیت، جــار هــەبوو كــە لــە خــەوە درێــژەكانم بێــدار دەبوومــەوە.. لــەناو كلــۆری قــەدی پــیرە درەختێكــدا خــۆم دەدۆزییــەوە، یــان ژێــر پنــچك‌و دەوەنێــك، بــەردەلانێك، گیاوگۆڵێك، بێستانێك، ژێر ئینجانەیەكی گەورە لە ماڵێكی زۆر ڕازاوەدا، ژێر كورسی‌و لە مووبەقێكدا، هەندێك جار لە ئاودەســــتخانەیەكی زۆر بێـــــزەوەردا.. هـــەر خـــۆت دوای ماوەیەك كە بۆنی بێزاریم لێدەهات، بە دوومدا دەگـەڕایت‌و پێشم دەكەوتی تا دەتبردمەوە هەواری كۆن، پێت دەوتم تـۆ ماندووی ڕێگەیت.. دانیشەو هیچ مەكە، هەر ئێستا ڕاوت بۆ دەكەم، وای لە فڕوفێڵی ڕاوەكانت، كە پەلەت بووایە دڵۆپێك لـە شـیلەی شـیرینی نـاو زارت دەڕشـتە سـەر خـاكی نزیـك دەروازەكە، جار هەبوو ئەو شیلەیەت دەتكاندە سەر یـەكێك لەو گەڵایانەی لە دەوری ماڵەكەمان كـەوتبوون، یـان پـەڕەی گوڵێـك، جـار هـەبوو دڵۆپەشـیلەكان لـە پاشـەڵتەوە دەڕژان، دڵۆپەكە نەدەتكا كە بە سەدەها مێشی سەوزباو، هەریەكـەو لەلایەكـەوە، لـووزی تێـوە دەژەنـد، تـۆش لـەدواوە چـزووی خۆت لە پشتیان گیر دەكـردو دەتكوشـتن، خـۆ دەیـەها نێـرە جاڵجاڵۆكەی گێلیش هـەبوون كـە بـۆنی ئـەو شـیلەیە شـێتی دەكردن‌و دەهاتن، وایان دەزانی بـانگی شـەهوەت‌و هەوەسـە، مێیییـەكانیش دەكەوتنــە دوایــان، یەكــە یەكــە دەتكوشــتن، بێزەوەرانە مێشەكانت فڕێ دەدایە بـەردەمی مـن‌و خۆیـشت

دەمت دەخستە خوێنی جاڵجاڵۆکەکان، ئەمەیان چەپەڵترین ڕاو بوو..

تۆ تاوەکو رازیم بکەیت جاڵجاڵۆکەی دیکەت بۆ ڕاو دەکردم، جاڵجاڵۆکەی ڕەنگاو ڕەنگو ناسك بەدەن کە من لە ژیانما نەمدیبوون، هەر بەم بیانووە دەتکوشتن، تاكو جووتو كۆ، هەر جارەو بە چەشنێك، لەگەڵ گیاو گوڵ لاشەیانت تێکەڵ دەکرد، منت ناچار دەکرد کە بیانخۆم، دەمو لێوی بە خوێنی ئەو قوربانیانەی تۆ سوور بکەن، پێت دەوتم: ئەمها چەندە زەردو لاوازیت، پێستت بەسەر ئێسقانتەوە داکەوتووە.. دەبیخۆ.. سەیرە.. هەر واش بووم، چونکە کە هەستام میز بکەم ئێسقانی جومگەکانم ئەوەندە وشك بوون کە کرەیان دەهاتو بەریەکدی دەکەوتن، هەرگیز لە ڕاو ماندوو نەدەبوویت، نێچیرەکانت لە جاڵجاڵۆکەی تۆقیوو هەموو زیندەوەرەکانی دیکە بە هەڵەداوان خۆیان دەکوتایە کونو قوژبنو گۆشەو کەلەبەرەکان، تۆش چنگ لە سەرشان دوایان دەکەوتی، هەر کامەیان دوا دەکەوت تۆ پەلامارت دەداو قاچەکانیت دەقرتاند، ئەوەی کە بجەنگایە.. وەی بە حاڵی، ناو قەدی باریکی دەیەها لەو جەنگاوەرە بەستەزمانانەت دەشکاند، چاوت کوێر دەکردن، رقی دونیات لەو جاڵجاڵۆکانە بوو کە ڕەنگاوڕەنگ بوونو بەنازو فیزێکەوە بەدەوری ماڵەکەمان پیاسەیان دەکرد، پتر لەوە رقت هەڵدەستا کە ئاوریشمی باریكو ڕەنگاو ڕەنگیان دەردەدا، من سەرسام بەو ئاوریشمانە دەکەوتمە دوای هەندێکیان، تۆ بەرت

پێدەگرتمو یەکە یەکە دەتکوشتن، ئەوانەی کە لە دواوە ئاوریشمیان دەردەدا تۆ میزت پێدا دەکردنو دەتقرتاندن، کۆت دەکردنەوەو دەتوت: پەلە مەکە هەر ئێستا لە گۆشتی ئەو خڕو خەپانانە سووپێکی وات بۆ دەکەم لە هەموو ژیانتدا تامت نەکردبێ، هەر بەتەنها جاڵجاڵۆکە مێیەکانت نەدەکوشت، بۆنێکی خۆشت بە با دەکردو هەوا پڕ دەبوو لەو بۆنەی کە جاڵجاڵۆکە نێرەکانی دەخستە سەر هەواو هەوەسی ئەوەی کە پتر لێت نزیك ببنەوە، بەدەم سەماوە، بە پەل کوتانو دەم کردنەوەو خولانەوە مۆسیقایەکیان بۆ دەناردی، هەر کامەیان خۆزگەی دەخواست کە سەماو مۆسیقاکەی دڵت ببات، تۆش بە لەنجەوە، بێ شەرمانەو بە بەرچاوی منەوە بە چوار دەوریاندا دەخولایتەوە، بەدەم سەماوە ناو گەڵت لێ بڵاو دەکردەوە، هەر خولانەوەیەکی تۆو چەند تەوڵو تەونت بە دەوریاندا دەچنی، ئیتر کە لەو ئاوریشمە لینجانەت گیر دەبوون، وەك قەسابێکی خاوێن دەکەوتیتە لەتو کوتکردنی هەموویان، چەندە ئازاو بوێرو هار بوویت، زەردەواڵەو پەپوولەو هەنگو کوللەت هەر بە ئاسمانەوە ڕاو دەکرد. کە دەکەوتنە ناو تەونەکە تۆ دەچوویتە گژیان، یەکە یەکە گازت لە پشتی ملیان دەگرتو لە جووڵەت دەخستن، هەندێك جار نێچیرەکانت فەرامۆش دەکردو بۆ ماوەیەکی درێژ بەدیارییانەوە رادەمایت تا دڵنیا بیت لەوەی کە پەلەقاژەی مەرگیانە، یان ئەوەتا ماندووی ئەوەن خۆیان لە داوە ئاڵۆزکاوەکانی تەونەکە قورتار بکەن،

به میزاجی بکوژێکی خاوێنەوە بەچوار دەوری نێچیرەکانت دەهاتیتو دەچوویت..

+ تۆ باسی من دەکەیت یان جاڵجاڵۆکەی ناو خەونەکانت؟\

- جاڵجاڵۆکەی ناو خەونەکەی خۆم.

+ ئاخر من بووم.. تۆ ناڵێیت منو تۆ ببووین بە جاڵجاڵۆکە؟

- هەڵبەتە.. ئا.. منو تۆ..

+ تەواوی کە..

-لەکوێ بووم؟

+ لەو شوێنەی من دەورو خولی نێچیرەکانم دەدا.. ئەوە من جاڵجاڵۆکە بووم یان دێوی ڕەش؟

- ئا دەم خۆش.. تۆ لەناکاو هاتیتە سەر نێچیرێکو بە داوێکی ڕەش کە لە دەمتەوە دەهاتە دەرێ توندوتۆڵ نێچیرەکەت دەبەستەوەو شەتەکت دەدا تا تەواو لە پەلو پۆ دەکەوتو بەرگری نەدەما، ئەو کاتەی کە لێی نزیک دەبوویتەوەو هەر لەڕێی ئەو داوانەوە کە نێچیرەکەت پێ کەمەندگیر کردبوو گاز لەسەر گازت لێ دەگرت، بە هەر هەموو پەلەکانت داتدەکوتیو قەپت لێدەگرت، کە دەمرد.. پەلەکێشت دەکرد بۆ ناوەڕاستی ماڵەکە تاوەکو زوو فریای مەرگی یەکێکی دیکە بکەویت، تا وای لێدەهات ناوەڕاستی ماڵەکەمان دەبوو بە کوشتارگای نێچیرەکانت لەدوای دەست لەملانێو ڕامووسان، دوای کوشتنی سەدەها جاڵجاڵۆکەی مێ، خاکەکەت هەڵدەکۆڵیو جاڵجاڵۆکە کوژراوەکانت دەخستە ناو درزو چاڵی قووڵ، هەر لەوێدا، لەسەر لاشەی

ئەو هەموو جاڵجاڵۆکە ڕەنگاوڕەنگە هێلکەکانت دادەنـان، تـۆ دەتوت:

"ئـاواهی زۆر چـاکە.. بێـچووەکانم لـە گۆشـتو ئێـسقانی دڵخوازەکانت دەخۆنو گەورە دەبن..!"

نـەك هـەر ئـەوەو بـەس.. سـەدەها لـەو جاڵجاڵۆکانـەی دەرودراوسێ کە زاوو زێیان دەکـردو هێلکەیان دەکـرد، بـەر لەوەی بترۆکێن تۆ تا تێر دەبوویت لێت دەخـواردن، پاشـان سـەدەها هێلکـەت بـۆ مـن دەهـانی، کـە مـن دەمـوت ئـاخر گوناهنو بـۆم نـاخورێن.. تـۆ دەخەنیتـەوەو بەیـەك جووڵـە هەر هەموویانت دەماشییەوەو دەتخواردن، هەندێك شەو کە حـەزم لـە پیاسـە بووایـە پێت دەوتم: شـەوەو عاقـڵ بـە، بـا نـەجووڵێین ئـەگینا زینـدەوەرێکی دیکـە دەمـانخواتو تێـدا دەچین، خـۆ تـۆ بخواتو مـن بمێـنم.. بـە وەڵڵاهـی بـە سـك دەدەمو دەمـرم، لـەو شـەوانەدا مۆرانـەی نێـرت بـۆ ڕاو دەکـردمو دەتـوت خواردنیـان هێـزو شـەنگت دەتـداتێ، بـۆ ئەوەش لە ژوورەوەی ماڵەکەمان دزوویەکت دەچـنیو ڕێـكو ڕاسـت لـە دەمتـەوە تـا چـاو بـڕی دەکـرد درێـژ دەبـۆوە، دیسانەوە فێڵەکەت بەوە تەواو دەکرد کە مۆرانەیەکی مێ ــ ت ڕاودەکردو لەوسەری دەزووەکە دەتکرد بە چەشە تـاوەکو نێرەکان بـێنو بـۆنی بکـەن، خـۆت دەتزانـی چـی دەکـەیت.. جـار هـەبوو تـا بەرەبـەیان چاوەڕێت دەکـردو نەتدەهێـشت بنووم، چونکە مۆرانەکان لە شوێنێکی دوورەوە دەهاتن، ئەو کاتە بـوو کـە مـن بـۆ خـەو دەمـردم نـەك خـۆراکی مۆرانـە،

لەناو لاشەی دەیەها مۆرانەدا من دەخەوتم.. کە لەناو لاشەی لەتوکوتکراوی ئەو هەموو نێچیرو قوربانیانە وەئاگا دەهاتم تۆ خۆت بە هەوداکان شۆڕ دەکردەوەو لە خۆشیانا خۆت بەر دەدایەوە بەردەمم، پێیەکانت لە زەوی دەکوتا وەك کەسێك بە چوار دەوری خۆیدا سەما بکات یان بە تەنیا شێتانە پێ لە زەوی بکوتێ تۆ سەمات دەکردو.. من لەبەردەمتدا کڕنوشم دەبرد.. سەما.. سەما.. ئارەقەت دەکردو.. من لەبەردەمتدا کڕنوشم دەبرد.. سەما.. سەما.. ئارەقەت دەکردو تنۆکەکانی ئارەقەت دەڕژایە سەر قەدو بالأم، تۆ پێچو لوولت دەخوارد، سووك سووك دەکەوتیتە سەر باڵەفڕەو بە هەودایەکی باریکدا هەڵدەگەڕایت، تا دەهات دادەگیرسایتو تاوێك دەکوژایتەوە، تاوێك گەرمو هار.. تاوێك ساردو سست دەبوویتەوە، تاوێك زۆر بێشەرمو تاوێکی دیکە حەیابەرە، تاوێك ئازاو تاوێك ترسنۆك، جار هەبوو هەموو عەورەتی خۆتت پیشان دەدام، جاروبار وەك ئەوە وابوو خۆت لەسێدارە بدەیت، خۆت بە پەتێکەوە هەڵدەواسیو هەر خۆت دەتقرتاندو زرم دەکەوتی زەوییەکە لەژێر مندا دەلەرزی یا خۆم بووم لە سەرماناو لە برسانا دەلەرزیم، دڵم توند لێی دەدا بێ ئەوەی خوێن فڕێبدا، وردتر بە دەورمدا تەونی دیکەت دەچنی، من سەیرم دەکردی، تۆ دەتوت:

"تۆ هی خۆمی.. لەناو ئەم ماڵەدا ماڵی دیکەت بۆ دروست دەکەم تا کەس نەتبینێ..!"

لمووزت تێوە دەژەنیم تا بزانی ماوم یان مردووم، زمانت دەردەهانیو پشتی ملمت دەلستەوە، من ختووکەم دەهاتیو پێی قەڵس دەبووم، شاخەکانت بەژێر سکمدا دەهانی، لەناکاو ئاسمان تاریکتر داهات، تروسکایەك لە کلاورۆژنەیەکەوە دادەڕژا، کلاورۆژنەیەکی هەتیو لەو ماڵە بە تەون چنراوەدا، کەچی ئەو تروسکایەش نەما، جاروبار کە تروسکایەکە دەهاتەوەو ماڵەکەی رۆشن دەکردەوە، تۆم دەدی ئەو خوێنەت دەلستەوە کە بە قاچو قولتەوە مەیی بوون، کە خۆت لەو خوێنە ڕەشە پاك کردەوە، سەرلەنوێ شێتانە کەوتیتەوە چنینی تەونەکەت، ئەمجارەیان کەوتمەوە ناو چەندین تەونو تاوڵی رێك چنراو بە دەورمدا، شلەیەك لە دەمتەوە دەڕژا کە هەر دەتوت کەتیرەیە، کە قاچەکانم تێی دەچەقین بە زەوییەکەوە دەنووسام، کە تەکانم دەدا جومگە نەرمەکانی هەردوو قاچم لەجێ دەچوون، من بەتەنها دەمتوانی بۆ پێشەوە هەنگاو بنێم، ئەویش زۆر بە زەحمەتو فەلاکەتەوە، کەچی تۆم دەدی خێراتر بۆ دواوە دەچوویت، بەڕاستو چەپدا، پاشان بۆ پێشەوە هەڵمەتت برد، تاوت دەداو هێرشی سەرسەختانەت دەکردە سەر ئەو جاڵجاڵۆکانەی لە تەون بەندەکەی تۆ نزیك دەکەوتنەوە، هەر ساتێك ڕەنگێکت دەنواند، وردو باریك تەونت دەچنیو دەتوت:

"ئەوە ماڵە خنجیلانەکەمانە..!"

www.dengekan.com

بە چەند تاڵی تەونی ئەستوور کە لە زارتەوە دەهاتنە دەرێ، قاچەکانی منت بەستەوەو ئیدی وتت:

"من لەمرۆوە ئاسوودەم.. من لە فیتنەی ئەو جاڵجاڵۆکانە تێ دەگەم کە بە بیانووی پیاسەوە لە تەونەکەمان نزیک دەبنەوە.. ئیدی تۆ مەچۆرە دەرێ.. تۆ هی خۆمی.. من رۆژانە مێشی جوانت بۆ ڕاودەکەم.. پەپوولەی تازە باڵکردوو. جۆرەها زیندەوەری بەلەزەت.. قەت نامەوێ ماندوو بیت.. ئەی جوانترین زیندانی لەنێو بەندیخانەی عیشقی من.. دەمەوێت تا ماویت خزمەتت بکەم.. دەتپرسی: لاریت لەوە هەیە؟"

من لاڵتر بووم لەوەی بڵێم "ئا" یان "نا".. جا چیم پێ دەکرا؟ کە پتر لێت ورد بوومەوە.. دیم بە هەموو قاچەکانت کە لەبەر چاومدا ژمارەی دیکەیان لێ دەرسکا، بە یارمەتی ئەو دەمە باریکەت تەونێکی دیکەت دەچنی، بەڵام ڕەنگاو ڕەنگ، تا دەهات داوەکانی ئەستوورتر دەبوونو بە دەورمدا دەکشانو چەندین رایەڵی دیکە بۆم بوون بە شوورەو سەربان: لە زارتەوە، لە پێیەکانتەوە، لە پاشەڵتەوە دەزووی ڕەنگاوڕەنگت لێ جێ دەمان، کە بەتەواوی کەوتمە ناوەڕاستی تۆڕەکەی تۆ لێم دوور کەوتیتەوەو سەیرێکی زیندانە جوان چنراوەکەی خۆت کرد، پاشان چاپوکانە بەدەمو ددان چمکێکی تەونەکەت گرتو لە ناوەڕاستەوە وەك کەسێ: کاریتەیەك، دارێك، یان ئەستووندەگێك بداتە بەر رەشماڵێك بە یەکجارو بە بەنێك کە من نەمدەدی خۆت بە ئاسمانی ئەو زیندانەوە هەڵواسیو لەبەر چاومدا شێوە

قۆچەکێکی پڕ لە ئەندازەی وەرگرتو من لەژێرەوە لە بن سکی سپی تۆ ڕادەمام، تۆ گرژیتەوە، تۆ هەر بە خۆڕسکیو وەك جاڵجاڵۆکەیەکی پڕ ئەزموونو ئارام لە بەرامبەر هەرەسی مندا، لە وەڕسیو نوچدانی من ورد دەبوویتەوە، لە ڕایەڵو دیوارەکانی ڕادەمامو بۆ یەکجاری خەیاڵی دەربازبوونم تەلاقدا، وام هەست دەکرد لە بەرد هەڵبەستراون، نەك هەوداى باریکی تەونی چنراوو دەرهاوێشتەی دەمی تۆ، بە عیشقێکەوە لە منت دەڕوانی، عیشقی کەسێك کە بۆ یەکجاریو تا ئەبەد دڵنیایە لەوەی مەعشقووکەی هی خۆیەتی، هی خۆیو بەس، من نەمدەویست هەرەس بێنم، دلگەرمانە وەك هەر جەنگاورێك لەدوای بەزین نوچدان خۆ بێ باك دەکا تا دوژمن پێی خۆش نەبێ.. من بەدرۆ ددانم گر دەکردەوەو دەخەنیمەوە.. هەوڵم دا بەرگری لە خۆم بکەم.. وەلێ بێ هوودە بوو، چەندە پتر خۆم ڕادەتەکاند.. خۆم رادەپسکاند، ئەوەندە پتر دەکەوتمە ناو تۆڕەکەو قاچەکانم لە تەونەکان گیر دەبوون، ئەوەندە زیاتر لە هەوداکان دەئالام، دواجار خۆم بینی کە دیلو شکەستە باڵو ئیفلیج، جووڵەم تیا نەما، تۆ لەو سەرەوەڕا وتت:

"نا گێلە.. بۆ وا حەپەساویت؟ ئەوە ماڵەو لەناو ئەو ماڵەشدا ئەم کوللەو پەردەیە هی منو تۆیە.. تۆ سەیرکە.. تۆ خەیاڵت بخەگەڕو واز لەوە بێنە کە هەردووکمان

جاڵجاڵۆکەین.. دەکرێ هەر بە خەیاڵ خۆت بە زاوا بزانیو منیش بە بووك..!"

من دەموت: "نەء.. نەء.. وا نییە.. من لە زیندانی دەچمو تۆش پاسەوان، من قوربانیو ئەتۆش جەللاد.. من نێچیرو تۆش ڕاوکەر.."

تۆش لە سەرەوەڕا مەستانە لە منت دەڕوانیو جووڵەت نەدەکرد، کە زانیت من لە داخانا و لە ماندوێتی خۆم قسەم بۆ ناکرێ، لەو سەرەوە خۆت بەر دەدایەوە سەر تەونەکە، بێ ئەوەی لەژێرتدا بڕمێو بەسەر مندا کاول بێ، لە کەلێنێکەوە کە دەروازەی نهێنی تۆ بوو، بە چەندین پێچو دەوران لێم هاتیتە ژوورێ، بەرامبەرم وەستایتو بیرت لە شتێك دەکردەوە، لە پیلانێك.. هێدی هێدی وام هەست دەکرد لەبەر دیدەی مندا پیر دەبیت، کە قاچەکانت دەجوولاند ئەوەندە پیرو شەکەت بوویت کە رەنگەکانی سەر پێستت وەك تۆزێکی زۆر ورد هەڵدەوەرین، تاوتاویش بەدەم گەمەی دەست لەملانێو راموسانەوە پرزەت لێ دەبرییم.. گوایە ماچم دەکەی، کەڵبەکانت لە گوێچکەکانم گیر دەکرد، بە لمووز تێم بەر دەبوویت، عیشقبازی بوو.. وەلێ تێکەڵ لە تۆڵەو تامەزرۆ بوونو دڵڕەقی، حەزت دەکرد بمخەیتە سەر پشت، تا بکەومە ژێر دەستو پێت، تا بتوانی بە ئاسانی لەتاو موحیببەتی خۆت گاز لە تەوقە سەرم بگریت، لەپاش یەك دوو گازی تۆ پرزەم لێ بڕاو ئیفلیج بووم، هەموو ئازای جەستەم خاو بۆوە، چیتر نەمدەتوانی بجووڵێم، چاوەڕێ بووم، چاوەڕێی ئەوەی چیم لێ دەکەی ملکەچ بم، تۆی

بەرزو بڵندو منی گرگنو لەپەلو پۆ کەوتوو، بەدیارمەوە ڕامابوویت، یەك دوو جار دەمت لە خوێنمەوە ژەندو دەتخواردەوە، زمانی دەرزی ئاسات لە دەمارەکانم گیر دەکرد، نەرمترین دەمارت دەدۆزییەوەو دەتوت:

"وەی لەو خوێنە شیرینەو بەتامەی تۆ.. خوێنی ئاڵی خۆشەویستەکەم.. دەتۆ سەیری کە چۆن پێی قەڵەو دەبم".

سەرەتا سەیرم پێ دەهات، بۆ دڵدانەوەی من سەمایەکت دەست پێکرد، لەسەر قاچە باریکەکانت دەوەستایتو خۆت لار دەکردەوە، بە چەپو ڕاستدا، خۆی لە سەماش نەدەچوو، لە گینگڵی ئازارێك دەچوو، لە تلانەوەی ژانێك بەدەم مەرگ یا لەدایك بوونەوە، سەما بوو.. سەماش نەبوو.. سەمایەکی درێژخایەن، هەر هەموو قەفەکانی سکە سپییەکەت دەلەرزاند، لەرزینێك کە لەرزانەم پێ بخات، لە درزە بزرەکانی سکتەوە گوێم لە ئاهەنگو مۆسیقایەکی دڵگیر دەگرت، هەر لەسەر ئیقاعی ئەو مۆسیقایە تۆ سەمات دەکرد: لە تەنیشتمەوە، لە پێشمەوە، لە پشتمەوە دەهاتیتو دەچوویت، خۆت دەلەنگاند، تاوتاوێك خۆن دەگرخاند، هەندێ جووڵەو نمایشی سەیرم لێت دەدی، تاوێ ڕۆمانسیانە سەیرت دەکردم.. بە تیچاو کە تا ئەو حەڵەش هەر خێل بوو، پڕ بە نیگاکانت، شەهوەتبازانە لووزت درێژ دەکردو لە ناوکەوە بەرەو مووسڵدان ختووکەت دەدام، بۆ تاوێکی دیکە ئاهێك لە درزەکانی سکتەوە دەهاتە گوێم، ئەو ئاهە بوو کە هاری سەر هەوەسێکی دەکردم، تاوێکی دیکە قاچەکانت

بەرز دەکردەوەو لە ناوەڕاستەوە دەتنووشاندەوە، چاوم لە تاریکی دۆڵانەکەت دەبڕیو کە ڕووەو قووڵاییو خۆ خنکاندن بانگی دەکردم، لەو دۆڵانەوە تا ناو هەناوتم دەدی، دەرەوە ساردو ئەوێش گەرم، جاروبار دەبوویتەوە بە خۆت، جاروباریش نیوەژنو نیوەشت جاڵجاڵۆکە، لەناکاو ون دەبوویتو بەرگێکی دیکەت دەپۆشی، کاژێکی دیکە، ڕەنگێکی دیکە، هەر جارەو سەرو رووخسارێك، سەرو رووخساری خۆتو هی هەموو ئەو کچو ژنانەی رۆژێك لە رۆژان بەنازێکەوەو بەڕێکەوت سەیریان کردبم.. سەرسامیان کردبم، لەگەڵ هەر جووڵەیەکتا تەونو تاوڵێکت چێ دەکرد، نەمدەزانی چۆن بزر دەبیتو لەکوێوە بۆم دەهاتیتەوە، لە تەنیایی دەترسام.. ئەوەندە دەترسام کە لەو ماڵەدا جێم نەدەبۆوەو قەستم دەکرد بێمە ناوتەوە، کە لە هەوداو ڕایەڵی ماڵی بەتەون چنراومان ڕادەمام هەر دەزوویەکی دەبوو بە پەتی سێدارەو منی بێ ئۆقرە دەکرد، دەهاتیتەوە ترسی منت دەرەواندەوە، جوانترین پەپوولەت لە باخان ڕاو دەکرد دەتهێنایەوە، پەپوولەی وا کە هێشتا تۆزو گەردی هەڵاڵە وا بە باڵەکانیەوەو بۆنی گوڵە بەیبوون لە دەمیەوە کاسی دەکردم، داوات دەکرد کە بیخۆم، پەپوولەیەك: دووانو سێیان.. تاوێکی تر بزر دەبوویتو دەهاتیتەوە، لەو مێشە سەوزانەت بۆ ڕاو دەکردم کە من قێزم لێ دەکردنەوە، لێم تووڕە دەبووی:

"کە پەپوولەکانت پێ ناخورێو بۆ مەرگیان دەگریت.. چیت لێ بکەم.. ها؟ تۆ کە ئەوەندە هەست ناسكو بەفێزو بێزی خۆت لە برسانا دەکوژیت..!"

راستت دەکرد.. من بەدیار مەرگی پەپوولەکانەوە هۆن هۆن دەگریامو لەولاش بێزم لە مێش دەکردەوە، لەوە دەچوو بەدەم سەماوە حەز بکەیت دیاریم پێشکەش بکەیت، نیگات دەکردمو وات پیشان دەدا کە نیازت پاکەو لە خەمم دای، زوو زووش دەتوت:

"وەرە با لەنێو درێژترین دەست لەملانێو رامووساندا بتوێینەوە.. وەرە ئاوێزانت بم.. راتمووسم.. گوێ بگرە.. ئیتر ئەوە دوا پلەو قۆناغی مەستبوونی منە بە ئەویندارێو خۆشەویستی، یان وەرە ناومەوە یان من دێمە ناو تۆ.. عیشق تێکەڵبوونی یەکجارەکییە، تۆش تا لە دەرەوە بیت هی من نیت.. دەرەوە زۆر ساردەو خەریکە دەیبەستێ.. وەرەو بتخەمە ناو هەناومەوە.. چاوانت بکەرەوە مەنوو.. تۆزێکی تر دەتوانی پاش ئەو عیشقو غەزەلە لە هەناومدا تێر تێر بنووی.. لەوێدا ئارامو ئاسوودە بە.. کەس دەستی ناتگاتێ.. تۆ خۆت هەموو جارێك وتووتە: دونیای دەرەوە جگە لە هەڕەشەو مەترسی هیچی دیکەی تیا نییە.. سەیرکە.. سەیری ئەو داوە باریکەی وا لە دەممەوە دێتە دەرێو بۆ تۆی فڕێ دەدەم.. ئەوە نە داوەو نە هەودا.. ئەوە بەندی هەناوی منەو تووخوا مەیپچڕێنە.. تەنها تنۆکێك لە شەهوەتی خۆتی بخە سەرو ڕووەو لای من وەرە.. چاو بڕە

چاوانم‌و وەرە.. ئاگات لێ بێ وەك لەنێو حەکایەتە کۆن‌و ئەفسانەکاندا باوە: چاو بتروکێنی.. یان سەیری راست‌و چەپ بکەیت.. یان بۆ هەر دەنگ‌و سەدایەك ئاوڕ بدەیتەوە، جریوەی مەلێك وات لێ بکات سەر هەڵبڕی.. هەر شتێك لەو شتانە بکەی لەجێوە دەمریت.. من پاشەوپاش دەکشێمەوەو تۆ بەدوامدا وەرە پێشێ.. هەر تەنها تنۆکێك لە شەهوەت.. یان دڵۆپێك لەو دڵۆپانەی لەتاو هەوەسی خۆم‌و خۆت ناو دەمت پڕ دەکا لە لیك.. چاو ببڕە چاوانم‌و وەرە!

من خۆم بە دەزووەکە بەستەوەو تۆش لەو دوورەوە هەر هەموو حەرامەکانی خۆت پێشانم دەداو لەو تەون‌و تاڵەوە خۆت لوول دەکرد، چ نازو چ عیشوەیەکت دەرشت، من نوقمی ئەو چاوانات بووم کە لەو ساتە وەختەدا بەسەدەها گلێنەی ڕەنگاوڕەنگ دەدرەوشاونەوە، چاوم لەسەر تۆ بوو، ئاە.. کە شۆخ‌و شەنگ.. ڕازاوە بوویت، بەدەم چرپەوە لێوە تەڕەکانت دەجووڵاند، هەر ساتەو ئاڵاو واڵاتر دەبوویت، گەمەت دەکردو لێوەکانت لە لێوەکانم نزیك دەخستەوە، ئەو لێوانەی کەمێکی مابوو خوێن لە دەمارە باریکەکانییەوە فیچقە بکات، ڕەنگت کە ڕەنگی هەموو دونیای تێدا توابۆوە بانگی دەکردم، هەر ڕەنگێك‌و بە زمانێك، دەنگت: ئاوازی سیحراوی هەر هەموو مەل‌و فڕندەو خەڵقەندەکانی ناو سروشت بوون، دونیا ساردو دەنگی تۆ گەرم، خوێنی تۆ گەرم‌و نیگات گەرمتر، شنەبایەك لە دواوە وەك پەپوولە پایزە بم هەڵیدەگرتم‌و لە تۆی نزیك دەخستمەوە، نزیك‌و نزیکتر، لەناو منیشدا خوێن‌و ئاو دەکەوتنە سەر نەرمە

شەپۆلانو تاوێكو جیادەبوونەوەو پاشان تێكەڵ دەبوونەوەو، هێزێكی گەورەتر لە شەهوەتو تەماعێكی كوشندەتر لە هەوەس بانگی دەكردم، شنەبا دەبوو بە ڕەشەباو گڤەگڤی دەیترساندم، لەناو ئەو شنەو ڕەشەبایەشدا چرپەی داوات هەتا دەهات زاڵتر بوو، هەرگیز تۆ نەبوویت كە بانگت دەكردم، نركەونالەی خوێنت بوو، تەلیسمێكی سەیر لە رۆحی تۆدا، حەزێك لەودیو هەوەسەوە، بەهێزو كوشندە وەك بانگی مەرگ كە خۆڕاپسكاندن لێی مەحاڵ بوو، ئەفسوونێك بوو تیژو تێپەڕو لەو دیو جوانیت، گەورەتر لە فریوی جوانی هەر هەموو شاشۆخەكانی دونیا، فریوو جوانییەك كە مەحالە هی تەنها ئافرەتێك بێت، بانگێكت لە بانگی بەهار دەچوو بۆ هاتنی گوڵەكان، یان بانگی بەفر بۆ خۆر تاوەكو بتوێتەوەو خاكێكی وشك هەڵیمژێت، ئاگام لە دونیای دەوروبەر نەدەما، خەمیك بوو لە چاوانی تۆ وەك دوو مانگی گەورە لەبەردەممدا دەدرەوشانەوە، دوو مانگ لەناو ئاودا مەلە بكەن، نەتدەهێشت ئەو هەموو جوانییەی دەوربەرم ببینم، بۆ هەر كوێ ئاوڕم دەدایەوە مانگی ڕووت بەشەوارەی دەخستم، چیت چاوەڕێ دەكرد.. چی..؟ دەتوت پەرەمووچەیەكمو كەوتوومەتە سەر لەپی با، لاوازو بێ توانا، چ شەو یان رۆژێكی سەیر بوو كە تۆ هەموو سیحری خۆت رژاندبووە ناو هەردوو چاوم، بە بڕوای جەنگاوەرێكی دلێرەوە بە چوار دەورمدا دەهاتیتو دەچوویت دەخولایتەوە، گەمەی

بردنەوەو دۆڕانت لەگەڵ دەکردم، شانازیت دەکرد کە تۆ چەندە ئازاو بێ شەرمو خۆڕاگریت، منیش چەندە ترسنۆكو شەرمنو لێوە لەرزە، دەتوت لەرێی عیشوەو نازێکەوە تۆڵەی هەموو مێینەکانی دونیا لە من دەکەیتەوە، وەك ئەوەی من نوێنەری هەر هەموو نێرینەکانی سەر زەمین بم، وەك تاوس شاپەڕی باڵە ڕەنگینەکانت لەزەوی دەخشاندو منت دەخستە ژێر تەپوتۆز، بە چوار دەوری خۆتدا تاڵەداوی ئاوریشمیت دەچنی، هەموو لەشت ببوو بە کارگەیەکی ڕەنگینی چنین، بە دەوری مندا شوورایەکی ئاوریشمینت دەچنی، لە چاوتروکانێکدا هەردووکمان کەوتینە ناو بازنەیەکی گەورەی ئاوریشمین کە خۆرەتاو بەناو دەزوولەی ناسكو تەنگو باریکەکانییەوە سەدەها ڕەنگو ڕایەڵی ڕۆشنایی دەرشتە بەردەممان، وای لە چاوەکانت باقو بریقی لە جریوە جریوی ئەستێرەکان دەچوو لە شەوێکی زۆر تاریکدا، بەو هەموو ڕەنگو رووناکیو گەرمییەوە بانگت دەکردم، لە ناکاو بایەکی سارد هەڵیکردو من لە سەرماندا هەڵدەلەرزیم، دەتوت کەوتوومەتە ناو گۆمێکی پڕ لە شەختە، چاوەکانی تۆش وەك دوو خۆری بچوك دەدرەوشانەوەو بانگیان دەکردم، ڕووەو قوولایی خۆت بانگت دەکردم، هەردوو قاچم تەزی بوون، نەدەجوولان، هەردوو دەستەکانم لە دوو ستوونی سەهۆڵ دەچوون، بالأم کۆڵەگەیەك بوو لە بەفری بەستوو، نەمدەزانی چی بکەم، دڵنیا بووم بێمە ناو تۆ دەتوێمەوە، لە شوێنی خۆیشم بوەستم ئەو "با"ی سەرسەرە ڕەقم

دەكاتەوە، تۆڕی پانو پۆڕی ئاوربشمین، بە تەونی هەزارەها هەوودای ڕەنگاوڕەنگەوە تا دەهات گەمارۆی دەدام، زانیم تازە مەحاڵە، كەوتمە نێوان زستانی خۆمو هاوینی تۆ، نە عیشقت لەتەك مندا دەكردو نە جەنگت بەرپا دەكرد، تۆ مەكرو تەڵەو داوەكانی خۆت تاقی دەكردەوە، بەندو باوەكانی خۆت دەچنی، جوانی پڕ لە فریوی خۆت ساز دەكرد، من هێدی هێدی كەمەند گیری سیحرو فیتنەی تۆ دەبووم، دەهاتم.. تاریكیو گەرمی ناوەوەت بانگی دەكردم، هەناسەی گەرمت، دەهاتمو سەرم دەخستە ناو دەمت تا گەرمم بێتەوە، هەستم بە تەوژمو شەپۆڵی خوێنت دەكرد لە هەردوو گوێمدا، زەریایەك لەناو تۆدا كەوتبووە سەر نركەو ناڵە، لەناو رۆحتدا ڕەشەبایەكی شێت گەمەی پێدەكردم، پەشۆكاوو سەر لێشێواوتر بووم لەوەی بزانم ئەوەیان نركەو ناڵەی هەواو هەوەسە.. شەهوەتێكی شێتە یاخود بانگی ترسناكی مەرگە، نەك بە چاوێك.. من بە هەزار چاو چڕی تاریكی ناوەوەتم دەبینی، لەپڕ سۆزو هەوەسێكی گەرمی خۆت هەموو لەشو رۆحتی ڕووناك دەكردەوە، وەك ئەوەی كە فڕینێك ڕووەو ئاسمان هەڵمبگرێت، هەزارەها مانگو ئەستێرەم دەبینی، جاروباریش وامدەزانی جەستەت ئەشكەوتێكی نسرمەو فڕە فڕی باڵی سەدەها مەلی بێ ناوونیشان كە بترسن لێم خۆیان بەدیواری ئەشكەوتەكەدا دەكێشا، لەنێوان رۆشنایيو تاریكیدا من وێڵ دەبووم، كەنەفتو ماندوو حەزم لە

خۆونکردن بوو لەناو ئەشکەوتەکە، خەوتنێکی قووڵ کە باڵەفڕەی مەلەکان وەئاگام نەهێنێت، لەو ساتەوەختەدا سەد ئاسمانیش تەماعی فڕینی نەدەدامێ، تاریکیو ڕۆشنایی کە بەدوای یەکدیدا جێگۆڕکێیان دەکرد گومڕای دەکردم، چ مەستیو ئەفسوونێك بوو بۆ ڕۆحی هیلاكو پەژموردەی من، گوێم لە هاوارو داوایەك بوو لە ناوەوەی تۆدا کە بۆ تەماسێکی خۆشو سیحراویو توانەوەیەکی ئەبەدیو خنکاندنێکی بێ ئازار بانگی دەکردم، تاوێك دەبوویت بە دەریاو دەخزامە ناوتو بە هەموو لایەکدا سەربەستانە مەلەم دەکرد، باقو بریقی مەرجانو بەردی گەوهەر ئاسا لە بنکی دەریاکە شپرزەی دەکردم، کەچی لەناکاو هەردوو قاچم لە گیاوو گۆڵی بە کەروێشکە کەوتوو دەئاڵا.. لە چڕی قەوزە کە ڕەنگو بۆنی منداڵدانی دایکمی دەخستەوە یادم، دڵی تۆو دڵی زەریاکە بەیەکەوەو لەسەر هەمان ریتم لێیان دەدا، تەوژمو شەپۆلی خوێنی تۆو هی زەریا کە لە یەکدی جوێ نەدەکرانەوە، ترسی ماسیەکانو ترسی ناو ڕۆحی پڕ لە ئارەزووت بە خنکاندنی من، شەهوەتی نەهەنگێکی برسی بۆ قوتتدانی من هاوشان بە شەهوەتی جەستەت بۆ هەڵلوشینی من، لە سەد لاوە ئاوو خوێن ساردیو گەرمیان لێکدی دەدزی، من چیتر مەلەم نەدەکرد، خۆم دابووە دەست سووڕی خوێنو شەپۆڵە گەرمەکان، تەواو لەوە دەرچوو بوو بەرگەی هیچی دیکە بگرم، دەبوو بێمە ناوت، ملکەچکردن لەو ساتەوەختەدا گەورەترین ئازایەتی بوو، خۆدان بەدەستەوە ئەوپەڕی مروەتو بێباکیو جوانی بوو،

ســـەرزەمینی زینـــدەگیو چـــاڵەکانی مـــەرگ ســـنووریان بەیەکـەوە نووسـابوو.. مـن مـەدهۆشو بـێ پـەروا دەهـاتم، کـەیلو کـاس، لاسـەنگو شـێواو، ئەفـسوونێك لـە چـاوانتاو زرنگانـەوەیەك کە زەنگی ناوی خۆم بـوو لـە گـەرووتا بـانگی دەکـردم، ناودەمـت پـڕ لیکـی دەکـردو ئـەو خۆڵـە پۆکـەی بەرپێی خۆت کرد بە لیتە، تێی چەقیت، تـەکانت دەدا بـە داوەکـەوە بـەرەولای خـۆتم بـە کـێش بکـەی، هـەر دەمـەو پێستت ڕەنگێکی دەنواند.. دەنگیشت خۆی دەگۆڕی، تێکەڵی ڕەنگەکان بە شەوارەیان خستم، زوو زووش دەتـوت: سـەیری چـاوانم بکـەو غـافلگیر مەبـە، سـەیرە.. لـەبری دوو چـاو.. هەسـارەیەك چـاوم دەدیو پڕشـنگی پـڕ لـەتینو تاویـان سەرمەسـتی دەکـردم، لـە سـەد لاوە ئـەو تـاوە پڕشـنگەم بـۆ دەهاتو جوانیت چوار دەوری کردم بە شەبەنگو ئیدی تیـا ون بووم.. تۆ هەموو شتێکت کـرد تـا مـەرگی پەپوولـەکانو خـوێنی ڕژاوی جاڵجاڵۆکـەکان لـەیاد بکـەم.. ئـەی خـودا کـە سـەرحاڵو پـڕ هـەوا بـووم، قاچـە باریکـەکانت سـەرنجیان ڕاکێشام، جوانـترین جووڵەو خۆنەوی کردنو بەلادا کـەوتنو لەنگینـەوە.. تـۆ دەلـەنگیت.. چـەندە جـوان ئـەو قاچـانەت لەژێرتا دەشکانەوە. کتو پڕ گوێم لە نرکە نرکی تۆ دەبوو، نرکەیەك کە کەمەرشێکن بوو.. نرکەت بوو بە چرپە.. بـە ئـاهو هەناســەیەکی شــەهوەتبازانەی تێکــەڵو دڵپــڕوکێن، بۆنێکت بۆ دەناردەم کە تەواوێك مەستو حەیرانی دەکردم، لـەو بـۆنو چـرپەو هەناسـانەت غـەزەلێك دەتکـا، خـەمێکی

تەنك.. تەنكتر لە باڵی ئەو پەپوولانەی بۆ من ڕاوت دەكردن، منو تۆ.. هەردووكمان بۆ ماوەیەك قسەمان بیر چوو بۆوە، لە شوێنی خۆتدا ماتو زەبوونانە ڕامای، خۆت كێڵ كردەوە، قاچەكانت لێكدی دەخشاندن، ئەو نەرمە تووكەی سەر پشتتو سەر هەردوو شانەكانت گیڤ دەبوونەوە، هەردوو لاشەویلگەكانت دەكرانەوە، لەژێر تریفەدا دەبرسكایتەوە، تاو نا تاو لەبەردەممدا گەورەتر دەبووی، ساتەوەختێك تێپەڕیو یەك موو لە لەشتدا نەدەجوولا، هەتا باریكە شاخەكانیشت نەدەبزواند، وام زانی ماندووبووی، مردووی.. وەلێ نا.. بەدەم هانكە هانكەوە ئەو ساتە تۆ بیرت دەكردەوە.. لە چی؟ نەمدەزانی.. بەڵام هەستم دەكرد كە ئەوپەڕی تەقەللا دەدەی تا لە ناوەوەی خۆتدا خەیاڵێك یان جووڵەیەكت لە بشاریتەوە، پاشان كە كەوتمە ناو هەناوت هەستم بەو جووڵەیە كرد: جووڵەی ئەوەی كە بمخۆی چونكە زۆرت خۆش دەوێم، جووڵەی گومانێك كە ئاخۆ لە دەرەوە بم یان بمخەیتە ناو هەناوت؟ جووڵەی خەیاڵێك بەوەی لەناو خۆتدا تەقەت بمپارێزی یان بەجێم بێڵی لەناو ئەو كەلاوەیەدا بۆ هەڕەشەی سەرماو جاڵجاڵۆكەكان، لەناو هەناوتدا دەكەوتمە دوای ئەو جووڵەو خەیاڵەو بۆم ڕاو نەدەكرا، لەگەڵ تەوژمی خوێن هەموو خەیاڵو جووڵەكانی دونیای دەرەوەت بە لامدا تیژ تێدەپەڕینو من نەمدەگرتن، لەناو هەناوتدا ئاسانتر گوێم لە ترپەی دڵە ترساوەكەت دەگرت، لە سووڕی خوێنی پڕ لە شیرزە بوون كە هەندێ جار هەستم دەكرد ئەو شەپۆلە

خوێنەت لەتاو قەهرو خەمی ئیرەیی‌و بەغالەت ئاڕاستەی خۆی دەگۆڕی‌و هاژەی پەڕەی گوێیەکانمی دەدڕاندو کەڕی دەکردم، سەرەتا نەمدەزانی.. بەڵام کە لەناو هەناوتدا لە پەل‌وپۆ کەوتم‌و ئەو شلە ژەهراوییەت بەسەرمدا ڕشت، هێدی هێدی تێگەیشتم کە تۆ بەتەمای لەناو خۆتدا بمتوێنیتەوە، گوێم لێ بوو.. لە دڵەوە دەتوت: ماوەیەکی دیکە تێکەڵ بە خوێنەکەم دەبیت‌و ئەوەش ئەوپەڕی خۆشەویستییە، لەوێدا تێکەڵ بە خڕۆکەکانمبەو ئیدی بە هەموو شادەمارو ریشاڵەکانی لەشمدا سەفەر بکە، بە چرپەوە.. عاشقانە.. دواتر بوو بە پاڕانەوەو تکایەك کە ئاهی لێ تکا، بەدەم گریانێکی خنکاوەوە بانگت دەکردم.. وەرە.. دوودڵ مەبە.. منیش کوێرانە.. گێلانە.. سەرمەستانە.. هاتم.. هاتم.. هەستم کرد گەر بەپێی ئەو بۆنی گژوگیایە بێ کە کەللەمی دەتاساند، ئەو وەرزی عیشق‌و تێکەڵبوون‌و توانەوەیە: هەر دەبێ وەرزی بەهاربێ، تا گەیشتمە لات دیم بەفرێکی ئەستوور دەبارێ، لە سەرمانا هەڵدەلەرزیم، ویستت بە ماچ‌و باوەشێك گەرمم بکەیتەوە، خۆم دا بەدەستەوە، ڕێگەکەم گەلێ دوور بوو، لەسەر خۆو نەرم ونیان سەری منت خستە ناو دەمتەوە، دەرەوە ئەوەندە سارد بوو هەستم بە هەڵاوی گەرمی ناو دەمت کردو پتر خۆم شل کرد، تۆش دەتوت: وەرە پێشێ‌و لەگەڵما جووت بە، لەوە دەچوو خۆزگە بخوازم لە دەمتەوە بکەومە ناو هەناوت، لەو دۆڵانە تاریکەوە بێمە ناوتەوە، لەشی تۆ

گەرمو تاریكو پەنا، منیش ماندوو.. خەو لە چاوان شكاو.. بە زمان کە دەگەیشتە هەر هەموو ئەندامێکی لەشم منت دەلستەوە، ئەو لستنەوەیە سڕی کردم، لە جوولەی خستم، تۆ منت هەڵدەلووشیو گڕێ بە گڕێ قوتت دەدامو من بێ باك بووم لەوەی لە باوەشتا دەمرم، وەی لەو تونێلە درێژو تاریکەی ناو لەشی تۆ کە نازانم چەند رۆژو شەوی ویست تا پیایدا تێپەڕیم، تاریکییەکی چڕو میهرەبان لە کۆتایی ئەو دۆڵانەی تۆدا بانگی دەکردم، بە چەند قەپو پاش چەند ماچو موچڕکەو تەکان کەوتمە ناو هەناوت، وەك منداڵێکی ساوا کە بۆ ناو بیرێکی پڕ ئاو سەرانگرێ بێ.. سەرانگرێ بووم، کە دواجار خۆم دەنێو تاریکی کوشندەی ناو هەناوت بینیەوە ترسامو گریام، گریانێك کە وای لێ دەهات لەناو تۆدا گۆمێك لە فرمێسك هەڵڕێژمو هەر خۆم بەتەنیا مەلەی تیا بکەم.. دەتوت: دەبەس بگری.. بێ هوودە بوو.. من هەر دەگریام.. دەتوت: ئەوە سەرەتایەو کەمێکیتر بەو تاریکییە پڕ لە میهرەی ناو هەناوم ڕادێی، تۆزێکی دیکە دەبیتەوە بە کۆرپەلەو پاشان ئەو دەڵەمە چاو نەپشکووتووەی کە دەنێو وێلاشی رۆحمدا تا ئەبەد جێگیر دەبیتو.. دەگەیتەوە بەو سەردەمەی کە ئێستاکێ لە یادت چووە.. ئەوە منم وا دەکەم بیرت بکەوێتەوە، ئەو زەمەنەی تیایدا ئاسوودەو ئارام لەوێدا.. لەناو منداڵدانی ژنێکی دیکەدا کە دەکرێ هەر خۆم بووبم مەلەت دەکرد، ئیدی تەواو.. تۆ هی خۆمیو چیتر کەس بۆی ناکرێ هەڕەشەت لێ بکا، زیانت پێ بگەیەنێ، نە سەرمات دەبێو نە گەرما، نە

دەترسیو نە برسیت دەبێ، کەس ناتبینێ، دەتوت: بمبەخشە کەسەکەم.. بمبەخشە. بیرت نەچێ هەر خۆشەویستییە وای پێ کردم، ناچار بووم کە بتخۆم.. من هێشتا لە هەناوتا بووم کە لە درزە زۆرەکانی هەردوو لای سکتەوە شتی سەیرم دەدی.. بە چاوانی غەیبیش بێ دەمدی: ئەو هێلکانەی لە تۆوی منو تۆ دەڕسکان.. یەکەیەکە دەتروکان، بێچووە جاڵجاڵۆکەی ڕەنگاوڕەنگ دەهاتنە دەرێ، هەریەکەو سەرمەستانە بۆ بۆنی ژیان خۆی بۆ ئاسمان هەڵدەدا، من بەغیلیم پێ دەبردن، لەولاوەش خۆشیم لێ دەهاتو دوا جاریش باوکانە بۆیان دەگریام کە ڕۆژێك دێ هەروەکو من لەپای خۆشەویستی لە زیندانێکی وا تاریكو شێداردا بەند دەکرێن، هەریەکەو داوێکی بە بنمیچەکەوە هەڵواسیو سیحربازانە خۆی پێدا شۆڕ دەکردەوە، لەو ماڵە چۆڵو کۆنینەدا کە تاوێك لەمەوبەر منی تیا بەند کرابووم دەهاتنو دەچوون.. دەتوت: ئەها سەیری کە..بۆ چ دەگری؟ خەم بەچی دەخۆی؟ چاو چاو ئەمجارەیان خۆشەویستی چۆن ئەم کەلاوەیەی ئاوەدان کردۆتەوە؟ سەیری کە چەندە عاشقێکی گەورەی تۆ، بە مەرگی خۆت سەدەها جاڵجاڵۆکەی جوانت بەخشی بە منو بە ژیان، خەیاڵ نەکەی تۆ جوانترین شەهیدو جوامێرترین قوربانیت، قەهری منیش ئەوە بوو کە من تا ئەو حەلەش نەمدەزانی ئاخۆ چەند دەبێ وام لەنێو هەناوتاو چەندی ویست تا بوومەوە بە کۆرپەلەو دواجاریش دەڵەمەیەکی لە

www.dengekan.com

خوێنــدا مــەییو، تــۆ ئەگــەر چــی زەیــستان بــووی بــە ماندووبوونێکــەوە قاقــا پێدەکــەنیت، لــەو کوشــتارگایە ڕادەمایـتو بێبـاك لـە مـەرگی مـن، بێبـاك لـە سـووتانم، لـە خنکانم، ئارام بە توانەوەم لەنێو خوێنتا لە وردیلەکانت ورد دەبوویتەوە، هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنی کەیف سازی گەمـەت لەگەڵ نێرە جاڵجاڵۆکەیەك دەکردو بە چەپوك لـە لووزیـت دەدا، تا پتر ناو هـەناوی ساردی پـاش ئـەو "زانـە"ەت گـەرم کەیتەوە ئەو پەپوولانەت دەخـوارد کـە مـن لـەپاش مـەرگم جێم هێشتبوون، ئاسوودەش بووی بەوەی کە تـۆزێکی دیکـە گەورە دەبنو غەمناك بەوەی کە بە دونیادا بـڵاو دەبنـەوەو جـارێکی دیکـە نایانبینیتـەوە، خـەریك بـوو بکەویتـە ژێـر خـەویکی قـووڵ، مـن لـەوە ترسـام ئیـدی لـەو خـەوە ڕاسـت نەبیتـەوە، مـن نەمـدەزانی ئـەوەی تـۆ کـردت نـاوی چـی لێ بنێم: ڕاو، دوژمنکاری، گەمەیەك بـۆ ڕەواندنـەوەی بێـزاری، ئیرەیـی، سەرکێـشی، شـێتی، کوشـتن لـە تـاو خۆشەویـستی، مەیلی من بە مەرگ.. شامەرگێك لە ترۆپکی لەزەتـدا، تۆڵـە یان ئەوپەڕی تامەزرۆ بوون.. تا فەنابوون.. چی.. و.. چـی.. وەلێ ئەوەندە دەزانم کـە مـن هێـدی هێـدی دەتوامـەوەو نـاو هەناوتم پتر تەڕ دەکـرد.. هەنـدێك جـار سـینەت دەبـوو بـە قەفەزێك، کەچـی تـەنها دڵـت بەخورپـەو ترپـەوە، خورپـەو ترپەیەکی ناقۆڵا دەفـەی سـینەتی دەهەژانـدو منـی زەنـدەق بــردوو دەکــرد، مــن دەترســام، لــەو تاریکییــەدا بێــدەنگی کوشـندەو ترسـناك بـوو، تاوتـاویش پـڕ لـە هـاوارو قیـژە، ئاواهی تۆڵەت دەکردەوە.. تۆڵە لە چی نازانم.

www.dengekan.com

تۆ دەتوت:

"لەوەتەی من تۆم خۆش ویستووە ناو هەناوم وشك بۆتەوە، من هەمیشە لە داخو ترسی ئەوەی کە ڕۆژێك بێ‌و لێم بتۆرێی.. جێم بێڵی.. بمری.. حەز لە یەکێکی دیکە بکەی.. لێم بێزار بیتو دڵت لە من سارد بێتەوە.. هەمیشە نیگەرانو بێ ئۆقرە بووم‌و دڵم کرمێ ببوو.. وشك‌و ڕەق بوومەوە.. تا دەهات باریك‌و بنێس، زەردو لاواز.. ئەوەتا دوا جار بە تۆ ناو هەناوم تا ئەبەد تەڕ دەبێتەوە.. تۆ لەوێبە.. تەقەتو سەر سەلامەت.. نە برسیت دەبێ‌و نە تینوو.. بچمە هەر شوێنێك تۆ لەگەڵمای.. ئیدی تا ئەبەد لەگەڵ خوێنمدا تێکەڵی‌و هەموو ڕۆژێك بە دەمارەکامدا سەفەر دەکەی، دەگەیتەوە دڵم‌و لەوێوە جارێکی دیکە دەڕژێیتەوە ناو هەر هەموو ئازای جەستەم.. ناو هەناوم.. ناو ڕیشاڵە هەرە وردو باریکەکانی دیدەکانم.."

تۆ قسەت دەکردو من گەرد بە گەرد لە تۆدا دەتوامەوە.. تا دەهات دەنگت دەبوو بە چرپەو لە مندا دەمردو دەخنکا.. شی دەبوومەوەو دەکەوتمە سەر شەپۆلی خوێنەکەت.. پەرت دەبووم‌و کۆی دەکردمەوە خوێنەکەت.. پەرت دەبووم‌و کۆی دەکردمەوە هەناسەکەت.. هەر بەقەد سەرە میکوتەیەکم لێ مابۆوە.. خۆم دەکرد بە هەموو ئەو کەلێن‌و کون‌و گەردیلانەی ناو لەشت کە لە دەرەوە خەونم دەدی بیانگەمێ.. هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە زیندووم: پێچەوانەی تەوژمی خوێنەکەت مەلەی خۆمم دەکرد.. وەلێ

دەمزانی هەر تاوێکی دیکەیەو لەتۆدا دەمـرم.. دەتوێمـەوە.. دەخنکـێم.. خـۆ لەگـەڵ خنکـانی منـیش لـە خـوێنی تـۆدا هـەموو شـتێك دەخنکـا، سـەیرە سـاتی مـردنم لـەناو تـۆدا جارێکی دیکە وەك مرۆڤ خۆم بینیەوە، لـە دەرەوەی تـۆدا، لـەوە دەچـوو، وەك ئێـستا، لـە سـەربانێکی ئاواهیدا دەسـت لەملانێی یەکدی بووبین، کەچی زوو زووش لەبەر دیدەمدا دەبـوو بـە کـەلاوەو پـڕ لـە تـەونی جاڵجاڵۆکـە، جارجـاریش بیابانو.. ڤاقرێك پڕ لە دڕكو داڵ، گەردەلوولێك هەڵیکردو بوو بە پێشەنگی ڕەشەبایەکی وا ترسـناك کـە مـرۆڤ لەگـەڵ خۆیدا هـەڵبگرێ هاتبوومـە نـاوتو کەچـی ڕەشـەباکە لـەناو خوێنتـدا لـوورە لـوور هـەڵیکردبوو، مـن گلـەیی ئـەوەم لێ دەکردی کە تۆ بۆچی منت خوارد، تۆش بە میهرەوە هەوڵت دەدا لـەو خـەونو خـەیاڵو وڕێنانـە پاشـگەزم بکەیتـەوە، دەتـوت: ئـەوە نییـە وایـت لەتـەکما، زرپو زینـدووی، بـێ هوودە بوو.. دەمویست وات لێ بکەم هەست بـە گونـاە بکـەی کە لە خـەونێکی وا چـەپەڵدا دڵت هـات مـن بکوژیـت، هـەر بەناوی عیشقەوە لەناوم بەریت، من پتر دنـەم دەدای، تـۆش هارتـر دەبووی بەڵام هەرگیز ملت نەدا، سەرەتا ژنانەو نەرم ونیـان، بـە ئیقـاعێکی زۆر لەسـەر خـۆ، بـە دڵێکـی پـڕ لـە سـۆزەوە، سـۆزێکی ڕووت لـێم دەپاڕایتـەوە، سـەرینی خـۆت جێهێشتو سەرت خـستە سـەر سـەرینەکەی مـن.. بـە وتنـی گۆرانییەك گـەرەکت بـوو ترسـەکەم لـەدڵ دەربکـەی.. "دوو سـەر لەسـەر سـەرینێ.. ناسـکۆڵەو نـازەنینێ" نـەخێر.. مـن هێشتا دڕدۆنـگ بـووم.. تـۆش شـلو مـل غـەزەلت لێ دەتکاو

مەیلێکی ژنانەت دەنواند، من خۆم پتر تاڵو ترش دەکرد، تۆ خەندەو سۆزو میهرت دەباراند، کەچی منی مرو مۆچ گلەییم دەکرد کە نەدەکرا فێڵم لێ بکەیتو لە ترۆپکی لەزەتو خۆشیو دەست لەملانێدا من فریو بدەیتو بە ئێسكو پروسکەوە قووتم بدەی.. تۆش مەکربازانە وەك ئەوەی ژیرم بکەیتەوە گەمەت بە قژم دەکردو دەتوت: وامەڵێ.. تۆ خۆت هاتیت.. تۆ خۆت هاتیت.. بەسەری پەنجە نەرمەکانت بێخی سەرمت دەخوراند.. من مردبوومو توابوومەوە.. بەنێو خوێنتا دەگەڕام کە لەتاو عیشقێکی شێتانەدا کەفی دەکرد.. من دەکەوتمە دوای ئەو کەفە سوورانەو خۆم لە مەرگ گێل دەکرد، لە خوێنتا مەلەم دەکردو کەچی لە هەمان کاتدا هەستم دەکرد بەسەری پەنجەکانت گەمە بە نەرمایی گوێم دەکەی، زۆر دایکانە بەسەری پەنجەی گەورۆنەت ناو لەپی دەستی راستەمت دەشێلاو لە خۆشیانا خەو دەیبردمەوە، گلەییت دەکرد. دەستەکانت کردە ملم.. بێ هوودە بوو.. نەدەکرا پاش کوشتنم، لەدوای تیاچوونم لێت ببورم.. دەموت: تازە تەواو.. تۆ چۆن من لە چەند دڵۆپە خوێنێکەوە دەکەیتەوە بەو مرۆڤە جاویدانەی جاران؟ هەردوو دەستەکانمت ماچ کردو وتت: ئەی ئەوە نییە لەتەکما راکشاویت بەقوربان.. ئەوە نییە دەتدوێنمو گۆرانیت بۆ دەچڕم، هێشتا لەسەر جێگاکە ڕاکشابوومو وەئاگابووم، لە خەونەکە راچەنیبووم، کەچی لەژێر پەتۆکەوە، هەر بەدەم قسەوە، دەستم لە

قاچــەکانم دەدا، درێــژو باریــكو تــووکن، هــەر دەتــوت قاچەکانی جاڵجاڵۆکەن، هێشتا لەنێوان خەونو بێداریدا بووم کە بە هەردوو چاوی خۆم، ڕێڕێ، دەمارە زۆر باریكو ڕەشەکانی سەر هەردوو دەستو قاچەکانی خۆم دەبینی، تووکی نەرم بەسەر لەشمەوە، هەر کاتێك دەجووڵامو هێزم دەدایە بەرخۆم، دەمارێکم دەپچڕاو خوێنی لێ دەچۆڕا، ماسولکەیەکم دەتەقیو لێك هەڵدەوەشایەوە، تۆش لێکدا لێکدا جێ برینەکانت دەلستەوەو شیلەیەکت دەڕژاندە سەر برینەکانو دەتوت هەر ئێستا ساڕێژ دەبنەوە. سووك سووکیش ئارەقەی سەر تەوێڵت دەسڕییەوە کە زەنگوڵ زەنگوڵ دەڕژانە ناو برۆکانم، نزیك کەوتیتەوە، دڵم خۆش بوو بەوەی کە هێشتا بۆنم دەکەی، هەناسەت دەنێی بە هەناسەمەوە، سەرم هەڵبڕی مانگ بە پەلە بە قووڵایی ئاسماندا دەخزاو وەك کەسێك کە ڕاوی بنێن.. وەك دزێك زوو زوو خۆی لەودیو پەڵە هەورەکاندا دەشاردەوە، تا تۆ نزیك دەکەوتیتەوە من پتر وێك دەهاتمەوەو بچووکتر دەبوومەوە، ڕەشەباکەش شێتانەتر لە جاران هەڵیکردو گفەگفی تەواوێ هەراسانی کردم، تۆ لەچاو مندا زۆر گەورە بوویت، زۆر تۆکمەو چەسپیو.

ژنێکی لەندەهۆرو دامەزراو، ڕەشەباکە هەموو شتێکی سووکی بە هەوادا هەڵدەفڕاند، جارێکی دیکە سەربانەکەی پڕ کردەوە لە دڕكو داڵو پەڕۆو پاتاڵو زەرفی کۆنو جاڵجاڵۆکەو جۆرەها زیندەوەری تر کە من ناویانم نەدەزانی، وابزانم تۆزو خۆڵێکی زۆر کە دەڕژایە هەردوو

چاومەوە کوێری کردم، چونکە هەستم کرد تریفە دەمرێو ئەستێرەکانیش لەبەر چاومدا دەکوژانەوە، بۆنی عەترەکەی لاملـتم هەڵمـژیو کـەمێك هۆشـم هاتـەوە بـەرو زینـدوو بوومەوە، هەستم بە ئارەقەی ساردەوە بووی لەشت دەکـرد، ویـستت نـزیکتر بیتـەوە لـێم، مـن ئەوەنـدەی تـر بـچووك دەبوومەوە، لێت پاڕامەوە کە لێم دوور بکەیتـەوە، تـۆش لـە ترسی ڕەشەبا دەتویست منی بـا بردەڵـە بپـارێزی، دەترسـای ڕەشـەبا لەتـەك جاڵجاڵۆکـە زۆرەکـانی سـەربانەکە کـە مـن نەمدەزانی لـەکوێوە بـاریون تێکـەڵم بکـاو بمفڕێنـێ، ڕووەو ئاسمانو سەربانێکی تر.. بمباو لە تـۆم دابـڕێو بـزرم بکـات، لـە خۆشەویـستییەکی زۆرەوە هـەردوو باسـکت لـە منـەوە وەرێنـــابوو.. تونـــد دەتگوشـــیم بەخۆتـــەوە، ڕەشـــەباکە، شەقەشـەق پەنجـەرەکانی بەیەکدیـدا دەدا، ئەوەنـدە بـەهێز بـوو دۆشـەگو لێفـەو متیلـەکانی دەفڕانـد، یەکـە یەکـە ســـوڕاحیو جـــامو پـــەرداخو شـــەربەی دانـــراوی ســـەر دیوارەکانیدەفڕانـدو دەشـکاند، چـراو قوتیلـەو فـانووسو لامپاکانی دەکوژاندەوە، لقو پۆپی درەختەکانی دەشکاند، لە شـکانی شووشـەی پەنجـەرەکانو بەیەکـدادانی دەرگاکـان تێدەگەیـشتم ئـەو ڕەشـەبایە چـەندە شـێتانە هـەڵیکردووە، وردە زیـــخو خـــۆڵو تـــۆزی دەکـــردە چـــاومانەوە، لـــەپاڵ دووکەڵەکەدا ئەوەندەی تـر کـوێری دەکـردین.. ویـستت زۆر عاشقانە بەخۆتەوە بمنووسێنی.. نەمـدەوێرا ماچـت بکـەمو دیسانەوە وەك خەونەکەم لە باوەشتا بتوێمـەوە.. ئەوساکە

www.dengekan.com

بـۆ جـارێکی دیکـە بوومـەوە بـەو جاڵجاڵۆکـەی تۆزێـك لەمەوبەر لە خەونێکدا لووشت دا، لە باوەشتا تێك شکام، نـا چـکۆلەترو جیقـنتر بـووم لـەوەی تێـك بـشکێم، لەڕاسـتیدا فلیقامەوە، من لەتاو هەڵمەتو هێرشەکانت هەترەشم چوو، لێرەو لەوێ خۆم مەلاس دەدا، لە ناکاو خۆم لێ بزر دەکردی، کەچی ئاسان منت دەدۆزییەوە، لەسەر زەوییەکـە دەخـشامو لــووزی خوێنــاویم لــەو خــاكو خۆڵــە دەچــەقی تــا نەمدۆزیتـەوە، بەسـەربانەکەدا دەگـەڕامو خـۆم  دەکێشا بـە شــوورەی ســەربانەکەداو بــە هــەر چــوار دەوری خۆمــدا دەخولامـەوە، تاوتـاویش گژەبایـەك بابەخولـەی پێـدەکردم، ئـاخر لـەو سـەربانە رووتـەدا شـوێنێك نـەبوو خـۆمی تێـدا بشارمەوە، بێ کونو کەلەبەر، کتوپڕ هەزارەها جالجالۆکەو مـێشو مەگـەزی شـەو بەدەورمـدا خەرمانـەو بازنـەیان دەبەسـت، دڵـم لـەناو دەفـەی سـینەمدا جێگـەی نـەدەبۆوە، کوشندە کەوتبووە سەر کوتە کوت، هاوئاهـەنگ لەگـەڵ پـێ کوتەی سەما شێتانەکەی تۆدا، بەدەم سەماوە جاڵجاڵۆکـەکان لـەژێر هـەردوو پێتـدا دەپلێـشاندەوە، فرچـە فـرچ بـەدەم فیــچقە کردنــی خوێنــەوە زەنــدەقیان دەبــردم، تاوێــك هــەنگاوەکانت نزیــكو تاوێــك دوور دەکەوتنــەوە، تاوێــك دەنگـت وەك رەشـەبا دەیلوورانـدو بانگـت دەکـردم، تـاوێکی دیکـە خامۆشـیو بێـدەنگیت شـێتی دەکـردم، چ گەمەیـەکی چـەپەڵ بـوو کـە لەسـەرخۆ دەیکوشـتم، لـەو شـەوەدا مـن چـاوەڕێی فریادڕەسـێك بـووم، موعجیزەیـەك لـە ئاسمانـەوە بێت یـان لەسـەر زەوی، تـەواو.. مـەحاڵ بـوو، مـن زەنـدەقم

چوو بوو لەو سەمایە کە پتر لە سەمای مەرگو خوێن دەچوو، شەو لەناو دووکەڵدا دەخنکاو من لەناو شەوو دووکەڵدا تا دەهات بزرتر دەبووم، لەتاو مەرگی ئەو هەموو جاڵجاڵۆکەیە من ڕامدەکرد، تۆ لە هەر چوار لاوە دەهاتیتو بەردەمت دەگرتم، سەدەها دەستو قاچت لێ ڕوابوو، هاوارم دەکرد تا یەکێك بە هانامەوە بێو فریام بکەوێتو ڕێگەی دەربازبوونم پیشان بدات کەچی هاوارەکەم لەناو دووکەڵدا دەخنکا، تاریکی شەو لە خۆیەوەی وەردەپێچام، دەترسام لە شپرزەییو لەناو گەرمەی سەمای شێتانەتدا بکەومە ژێر چەپۆکت، چەندە دەبەنگ بووم، چەندە بێهوودە خۆم ماندوو دەکرد تاوەکو قورتار ببم، لە دوورەوە گڕێك لە دەمتەوە دەهاتە دەرێو دەیسوتاندم، لەناکاو هەناسەت دەبوو بە زۆر ساردو لە پەلوپۆی دەخستم، سێبەری باڵات داگیری دەکردم، ناڵەو نەعرەتەت کاری دەکردم، کە بانگت دەکردم.. ژانت دەخستە دڵمەوە، لە حەژمەتانا خوێنم دەکوڵاو دەمارەکانم دەسووتان..

دەتوت: مەرۆ.. ژیانی منو تۆ بەیەکەوە گرێ دراوە!

من خۆم لێ گێل دەکردو هیچم نەدەوت، خۆم لە بانگی تۆ کەڕ دەکردو هیچم نەدەوت، خۆم دەشاردەوە، متو مردوو، هەندێك جار وات دەنواند کە منو تۆ وەك ژنو مێردێکی تەبا لەو سەربانە پیاسە دەکەینو سەیری ئاسمان دەکەین، یان وەك دوو جاڵجاڵۆکەی دڵدار دەکەوتینە تەنیشت یەك، شان بەشان، تۆ بە شانازیو حەزو فیزەوە ڕێت دەکرد، من

www.dengekan.com

سستو مردەڵەو ترسنۆكو ملكەچ، تۆ سەرت دەیدا لە ئاسمان، منیش گرگنو بابردەڵە، پتر لە نێچیرەڤانو نێچیر دەچووین، جار جارە خۆت دوا دەخست، جارجاریش پێشم دەكەوتی، بە چرپەوە دەتوت: هیچ مەشارەوە.. رازو نهێنی دڵت بدركێنە.. من ئاگام لە خشەی مارو مێرووە.. ئەها بەم دونیا كاولبوونو كەوتنەوەی ئاگرەش جاڵجاڵۆكە بەدخووەكانی دیكە دەورو خولت دەدەن، بدوێ.. ئاگام لە هەموو جووڵەیەكتە، هەر هەموو خەونەكانت دەخوێنمەوە، ختووورەی دڵت.. من هیچم نەدەوت.. دەبدوێو نهێنی شاردنەوە كوشندەیەو دەتكوژێت.. با بەو قەهرەوە نەمریت..

بەدەم سەمای شێتانەوە پێیەكانت لە زەوی دەكوتا، لەرزان هۆ لەرزانەت دەوتەوە، هاوارم دەكرد: ئاخر دەرو دراوسێ بە قسەنو ئابڕوومان مەبە، پتر تێت دەچریكاندو ڕووەو لای من دەهاتی، جارێك ڕوو بەڕوو، جارێك پاشەو پاش دەكشایتەوە، قاچێكت دەدا لەبەر سكم، بە لووز منت دەلستەوە، منیش تەمبەڵو تەوەزەل لەبەر پێیەكانت كەوتبووم، لە رقاندا گاز لەسەر گازت لە پشتی ملم دەگرت، دەتزانی لێت دەترسام بۆیە وا سستو داوەشاوم، دەتقیژاندو دەتوت: بۆچی وا ڕەنگت پەڕیوە.. خۆ ناتخۆم؟

منیش ملكەچانە دەمووت: بۆ چیم لەو نێرە جاڵجاڵۆكانەی دیكە زیاترە كە هەر رۆژەو دەیەهایان لێ دەخۆیت؟

هاوارت دەكرد: ئاخر ئەو دەڵەقۆڕانەی دەرودراوسێ فریای زاووزێ ناكەون، نەوەی زۆریان ناوەتەوە، گەر نێرومێیان نەخۆم ماڵەكەمان داگیر دەكەنو منو تۆش دەخۆن، تۆ نایاننانسی، دەبا منو تۆش خەریك بین، تێناگەم بۆچی تۆ بەدەر لە هەموویان ئەوەندە نەزۆكیو بێتام سستی، ئاخر من بەتەنیا ئەم ماڵەم پێ ناپارێزرێت، كوڕوكچی زۆرمان گەرەكە تا ببنە پاسەوانی ئەم ماڵە خنجیلانەمانو میراتگری منوتۆ.. من دەمزانیو دڵنیابووم كە ئەوەیان سەربانەكەی خۆمانە، شوورەكەیم دەناسییەوە، نەخشو نیگاری سەر كەرپووچەكانی چینی سەرەوە، پڕ لە دەلاقەی سێگۆشەی یەكدی بڕو نەخشدار، كەچی لەناكاو دەبوو بە گۆڕەپانێك كە بە هەر چوار لادا غارم دەدا بەو نیازەی رابكەمو قوتارم بێت، وەلێ ئەفسووس.. دیسانەوە بەر دیوارەكان دەكەوتم، ئەو دیوارانەی من نەمدەدیتن، وەك بڵێیت تاریكی سەری لێ شێواندبێتم، یان شوێنەكەم دەبوو بە بیرێكی قووڵو پڕ ئاو كە لەوەدا بوو منی مەلەنەزان تیایدا بخنكێم، چاوەڕێ بووم تاوەكوە دەولكێك شۆڕ كەنەوەو خۆمی تێبخەمو دەربچم، سەیرە.. تۆ لە سەرەوە سەرت شۆڕ دەكردەوەو قاقا پێدەكەنیت، من لە خوارەوە دەگریامو هاوارم دەكرد: دەرم بێنە.. خنكام. كە دەولكەكەت شۆڕ دەكردەوەو دەچوومە ناوی، چەند جارێك وەك ئەوەی مەزاقم پێبكەیت یان بمخنكێنیت بە دەولكەكەوە فڕێت دەدامەوە ناو بیرەكەو لە تاوو ترسی خۆم لەو خەوە وەئاگا

www.dengekan.com

دەهاتمو دەکەوتمەوە ناو خەونێکی دیکە، خۆم دەبینییەوە وام لە ژوورێکی بنمیچ بڵندو چکۆلەدا، ژوورێك کە گۆشەو قوژبنەکانی هەر هەمووی بەتەونی جاڵجاڵۆکە تەندرابوون لەبەر زۆری جاڵجاڵۆکە نەمدەزانی پێیەکانم لەکوێ دابنێم، لە بنمیچەکەوە بە سەدەهایان شۆڕ دەبوونەوەو سەرو پرچی منیان دەکردە هێلانەو جێ گەمەی خۆیان، بەردەمو چاوم دەکەوتنو دەخزانە پشتی ملمو لەوێوە بۆ بەرسکمو پشتمو ناو گەڵم، گەرەکیان بوو بخزێنە ناو چاڵی چاومو کونی گوێیەکانمەوە، نەمدەوێرا دەمم بکەمەوە نەبادا بکەونە ناو دەمم زمانم بقرتێنن، بە گەسکێك دامدەکوتین تاوەکو بیانکوژم، کەچی لەناکاو بنمیچ دەبوو بە ئاسمانو لەبری جاڵجاڵۆکەکان هەزارەها وردە ئەستێرە دادەڕژان، گەرەکم بوو چی زووترە ئەو ژوورەوە پاك بکەمەوە لە جاڵجاڵۆکە کوژراوو ئەستێرە داڕژاوەکان، وای لە خۆم ڕەنج بە خەسارێ، لابردنی هەر رەسمێكو گوڵدانێكو تابلۆیەكو کورسیو مێزێك هەزارەها جاڵجاڵۆکە دەردەکەوتن، تۆش بە پرتاو دەهاتیتە ژوورێو دەتکوشتن، مقەبای پشت وێنەکان خورابوون، وێنەی بووكو زاوایەتیمان نەك هەر مقەباکەی، بەڵکو پشتی لووسو سپی وێنەکە لە دەلاوە زامار ببوو، بەجۆرێك تەنك ببوو کە نەمانوێرا لە چوارچێوەکەیەوە دەریبهێنینو پاکی بکەینەوە، چونکە هەلاهەلا دەبوو وەك ئاردی کاغەز تۆزێك بەدەستمانەوە دەنووسا، منو تۆ گەسك بەدەست بەڕاستو چەپدا، لەو خەوەدا، سەرگەرمی کوشتنی جاڵجاڵۆکەکان بووین، کەچی بە هەزارەها ئەستێرەی

زێــڕینو زیــوین دادەبــارین، هــەر وەشــاندنی گەســکێكو دارڕژانو کوژانەوەی سەدەها ئەستێرە ژوورەکەمانی کـرد بـە ئەشکەوتێکی نیمچە تاریك کـە بـە سـەدەها شەمـشە کـوێرە سـەرگەرمی خـواردنی هـەزارەها جاڵجاڵۆکـە بـوون، بـەڵام شەڕی جاڵجاڵۆکەکانیش دلێرانەو بێ وێنە بوو، شـەڕێك کـە منـی دەترسـاند، تـا دەهـات شەمـشەمەکوێرەکان دەئاوسـانو گەورۆنەتر دەبوون، دەتوت خەرتـەلنو فڕەفـڕی باڵـەکانیان وەهـا بـەهێز بـوو ئەسـتێرەی پـڕیـان دادەڕژانـد، تـا دەهـات ئەشــکەوتەکە تــاریکتر دەبــوو، مــن ڕامــدەکردو زارکــی ئەشـکەوتەکەم نەدەدۆزییـەوە هـەر چـۆن ڕامـدەکرد سـەرم دەیدا لە بەردی شێدارو ڕەقەنی دیواری ئەشـکەوتەکە، دوای هــەزار جـار ســەر بــەدیوار دادان، دیوارەکـان نــەرمو شــی دەبوونەوە، تەڕ تەڕ، تاریكو شێدار وەك منداڵدانی دایکـم، نــەرمو گــەرمو تاریـك، وەك دەڵەمــەی هێلکەیـەك سـەرئاو دەکـەوتم، ســەرئاوی نــاو وێڵاشــی دایکـم، دەبوومــەوە بــە کۆرپەلەو.. تۆ لەناو ئەو ڕەحمـەدا سـەروخوارت پێدەکردم. لـە ئـامێزت دەگـرتم، دەتزانـی منـی کۆرپەلـە لـە تـاریکیو شەمشەمە کوێرەکان دەترسم.. مێـژووی هـەموو ترسـی مـن لەو ساتەوەختەدا کۆبېۆوە، زەنـدەقم چـوو.. هـاوارێکم کـرد کـە ڕەشـەبا دوور بـردی.. وتـت: هـیچ چـار نییـەو وەرە نـاو هــەناوم، کــە وات وت.. مــن هەترەشــم چــوو.. زراوم ڕژا.. چونکە هەر لە هـەمان ئـانو سـاتدا لـە خوێنتـا دەتوامـەوەو کەچـی لـە دەرەوەش بـوومو زوو زوو پێـت دەوتم وەرە نـاو

هـەناوم، لـە دڵـێ خۆمـدا وتم: چـش لـە مـەرگی بـەردەم ڕەشەبا.. پڕ بە قورگم هاوارم کرد، ئەوە بوو تۆ لەگەڵ ئـەو هاوارە راچڵەکیو منت وەئاگا هێنـا، مـن نـازانم.. بـەڵام کـە ئێـستا قـسەت لەگـەڵ دەکـەم هـەر بـە گومـانم.. بـە گومـانم لـەوەی لـەو خەونــە وەئاگـا هـاتبم.. لەوانەیــە ئــەم سـاتە وەختەش هەر درێژکراوەی ئەو خەونە بێ، کـە ئـاوڕم لـەتۆ دایەوە.. نەء.. هەنووکە کە ئاوڕ لە تۆ دەدەمـەوەو دەمـەوێ بـــزانم لـــەژێر تـــاریکی بەرەبەیانـــدا ڕووخـــسارت چـــۆن دەبینوێنێ.. لە دوورەوە چریکەی ئەو مەلە کێوییـە خـەیاڵم دەبا، چونکە لە خەونەکەشدا هەمان ئەو چـریکە غەمهێنـە دەهاتە بـەرگوێم.. هـەروەکو ئێـستا چاوانت ببـوون بـە دوو گـۆمی خـوێنو زەنگـوڵ زەنگـوڵ ئارەقـە لەسـەر تـەوێڵت دەلەرزین، تاوێكو دەتكان، هـەردوو دەسـتت دەلـەرزینو بـە قەهرو تووڕەبوونێکی تەواو خەمدیـدەو دڵسارد لـە هـەموو ئومێدی دونیا خۆت رادەژەنـد.. کەمـەکێ بـێ دەنـگ بـووم.. چونکە هەستم کرد کە بەڕاستی کەسێك لە تەکمەوە سەری خۆی بە کەشکە ئەژنۆی خۆیدا دەکێشێ، کە ئاوڕم دایـەوە.. بینـیم لێـوی ژێـرەوەی دەکـرۆژێ.. کـرەی ددانـەکانی دێتـە بەرگوێم.. بـەردەوامیش.. نـە جارێـكو نـە دوو.. و.. نـە دە هەردوو کلاوەی ئەژنۆی جووت کردبـوو سـەری خـۆی پێـدا دەکێشا.. کۆڵێ ترسام.. بەپێچەوانەی خەونەکـەوە بـست بـە بست لێم دوور دەکەوتەوەو لێفەکەی، وەك کەسێك سەرمای بێ، لە خۆیەوە دەئاڵانـد، چـریکەی مـەلێکی دیکـەو لـوورەی ڕەشەباکە کە تێکەڵ بە لوورەی ترسناکی تانجییـەك دەبـوو:

هەراسانی کردم، هەروەك لە خەونەکەدا ڕووی دابوو لە ترسی ڕەشەباکە لێك نزیك بووینەوە، من دەمویست.. حەزم دەکرد.. من دەترسام لەو گڤە گڤو لوورەیە کە لەسەر شاخەکانەوە دەهاتە گوێم، دەمزانی وەك هەموو جارێك لەچاوتروکانێکا دەگاتە سەربانەکەو فریای فڕاندنی سەرین‌و دۆشەگو لێفەو سوڕاحی ناکەوین، بەدەم گریانێکی خنکاوەوە وەك ماینێکی مل شکاو لەپاش گلان دا دەپیڕماند، دەمویست قسەیەك بکا.. هەر قسەیەك.. بەر لە هاتنی ڕەشەباکە.. دەمویست بۆ یەکجارو دواجار ئەو من دڵنیا بکات کە ئەوەی بەیەکەوە دەیبینین خەون نییە.. لەناکاو وەك شێت هەستایەوە سەرپێ‌و خۆی لە جاڵجاڵۆکە داباریوەکانی سەربان دەپاراست، دەترسا پێیان لێ بنێ، وەك ژنە شڕ شێتەکان لێفەکەی لەخۆی نەدەکردەوە، ئەو بازبازێنەی لەو درەنگی شەوەدا لە سەمایەکی سەیر دەچوو، سەمای ئازارێك، سەمای ناو خەونەکەی بیر هێنامەوە، یان هەردووکمان هێشتا دەنێو ئەو خەونەدا بووین، یان لاسایی خەونەکەی دەکردەوە، یان لەترسی خەونەکە حەجمانی لەبەر بڕاوەو ئەمجارەیان هەر بەڕاستی بارینی ئەو هەموو جاڵجاڵۆکەیە شێتیان کردووە، تا دەهات لەبەرچاومدا بالآی بەرزتر دەبوو، ئەوەندە بەرزو بڵند کە دەستی بگاتە یەکەیەکەی ئەستێرەکان‌و بیانکوژێنێتەوە، هەرواشی کرد، یەکە یەکە ئەستێرەکانی کوژاندەوە، بەرلەوەی ئەستێرەکان بکوژێنەوە، من دڵنیا بووم کە هەموو ئێوارەیەك سەعاتێکم

www.dengekan.com

دەهێنایە سەربان، کەچی زۆر گەڕامو ئەو سەعاتە دیار نەمابوو، هەموو سەربانەکەم پشکنی، چونکە هەمیشە لەسەر سەعات حەوت قورمیشم دەکرد تا فریای ڕیش تاشینو نانخواردنی بەیانی بکەوم، بەڵام لەو خەونەدا کە منو پاکیز ببووین بە جاڵجاڵۆکە سەعاتو زەمەن چ مانایەکیان هەبوو؟ فووی لە مانگ کرد هەروەك ئەوەی فوو لە مۆم بکا.. کوژاندییەوە، ئیدی بەرچاوم تەواو تاریك داهات، وەلێ گویم هەڵخست، لەوە دەچوو لە هەموو سەربانەکانی گەڕەکدا.. نا.. لە هەموو سەربانەکانی شاردا هەراو زەناو شەڕو گێچەڵێکی گەورە بەرپا بووبێ، لەوە دەچوو منالێکی زۆر لە ترسی لوورەی ڕەشەبا بزریکێنن، تا دەهات لایەلایەی دایکەکان بەدەم خەوەوە کپو خامۆش دەبوو.. قاووقیژو هاواری مەرگو ماڵ کاولبوون جێی دەگرتەوە، پیرەژنو پیرەمێردێکی زۆر بەهۆی ئەو ڕەشەبایەوە تۆزو خۆڵێکی زۆریان هەڵمژی بێو بکۆکن، چونکە هەزاران کەس بەیەکەوە دەکۆکین، لەوە دەچوو ژنەکانو مێردەکان لەتاو هاتنی ئەو ڕەشەبایەو لە ترسان لەگەڵ یەکدی بەشەڕ بێن، گویم لە شریخەی سەدەها شەپازللەو.. تفو جنێوی ناشیرین بوو، گویم لە کەوتنەخوارەوەی، لاشەی دەیەها کەس بوو کە سەریان بەر کۆنکرێتی حەوشەکان دەکەوت، دەتەقین.. لەوە دەچوو لە سەربانەکانەوە ڕووەو حەوشەکان ڕەتیان بردبێ، زریکەی هەزاران منالی زەندەق چوو کاسیان کردم، دەتوت شار پیرەمێردێکی قرخنەو خەریکە کۆکین دەیخنکێنێ، بۆتە

پیرەژنێك‌و لەبەر خۆیەوە هەڵدەبزڕکێنێ، قاوو قریشکەی ژنـان، پرتـەو بۆڵـەو هـاوارو نەعرەتـەی پیـاوان، بەریـەك کەوتنی مەردوومەکان، ساتمەو کەوتنی دەرو دراوسـێی تـازە بەئاگا هاتوو کە خۆیان بە شوورەکاندا دەدا، راکردوو بـەدەم خەوەوە، رەت بردنیان لەسـەر پـێ بیلکەکانـەوە، لـەنێو ئـەو حەشـرو هەڵلایـەدا یـەکێك بـێ باکانـە پـێ دەکـەنی، لـەوە ترسام ئەو قاقا نزیکە هی پاکیز بێ، ڕەشـەبا وەك ئـەوەی هـەزار پێـی هـەبێ‌و هـەزار دەسـت؛ ڕاوە دووی هـەموو کەسـێك‌و شـتێکی دەنـا، وەك دەسـتێکی گەوروۆنـە بـێ‌و شـار منالێکی ساوا زللە لەسەر زللەی تێ دەسرەواند، من گوێم لە شریخەی قامچی‌و شکانی هەزار حەیزەران‌و گۆچان بوو، لەو شەوەدا کە رەشەباو ترسی خۆم‌و کوژانـەوەی ئەسـتێرەکان‌و مانگ کوێریـان کـردم، ناچار بـووم کـە ورد گـوێ هەڵبخـەم، لەوە دەچوو دیسانەوە پاکیز شـێتانە سـەما بکات، چونکە گوێم لە قرچەی زۆر بێـزەوەری فلیقانـەوەی جالجالۆکـەکان بـوو لـەژێر پێیەکانیـدا، یـان بـەپێی ئـەو خرچـە خـرچ‌و کرماندنە بێ وام مەزەندە دەکـرد کـە پاکیز بووبێتـەوە بـە جالجالۆکەیەکی گەوروۆنەو جالجالۆکەکانی دیکە داکرمێنێ.

کتوپڕ گوێم لە کەوتنە خوارەوەو شکانی دەیەها شەربەو پـەرداخ بـوو، قلـپ بوونـەوەی دۆلکـەو سـوراحی ئـاو، منـی چکۆلەو گرگن، منی با بردەڵەو هەڵفڕیو بەدەم باوە لەسـەر سـك دەخـشیم؟ نـازانم.. دەگـەڕام.. دەگـەڕام..و.. دەگریـام.. دەمویست "پـاکیز" گوێی لێ بـێ‌و بـەزەیی بـە منـی کوێردا

بێتەوە، هەڵمبگرێتەوە، لەو سەربانە تاریكەدا هەڵمگرێو بە قاڵدرمەكەدا بمباتە خوارەوە.. مەحاڵ بوو دەنێو ئەو تاریكییەدا هەنگاو بنێم، نەمدەوێرا هەستمەوە سەرپێ نەبا ڕەشەبا هەڵمگرێ.. حەزیشم دەكرد بجووڵێم.. هاوار بكەم تا گەر خەون بێ لێی وە ئاگا بێم، دەتوت چی تاریكایی شەوانی سەر ئەم زەوییە هەیە هەر لە سەرەتای بوونەوە تا هەنووكە ڕژاوەتە ناو هەردوو گلێنەی منەوە، نا.. لەوە دەچوو من قەت رۆژێك لە ڕۆژان ڕۆشناییم نەدیبێ، یان ئەوەتا بوونەوەرێك بووبم خوڵقاو لە تاریكی، یان هەر لە سەرەتای بوونمەوە زیندەوەرێكی هیچو خشۆك بووبم، ئەو مێژووەشی كە تیایدا وام دەزانی من مرۆڤم جگە لە خەونێكی درۆ یان تراویلكە هیچی دیكە نەبووبێ، هەرچەندی كردمو كۆشام ڕێی پێ بلیكەكانم نەدۆزییەوە، هەر چۆن دەجووڵام سەرم بەر دیواری شوورەی سەربانەكە دەكەوت، شوورەكەش خیانەتی لێ كردم.. تا دەهات بڵندتر دەبوو.. چونكە كە پیایدا هەڵدەگەڕام كۆتایی نەدەهات، بەردەوامیش تەپەتەپو زرمەی دوو پێ كە سەربانەكە بكوتێتەوە دەهاتە بەر گوێم، ئەو زرمەیە تێكەڵ بە تەپەتەپی هەزارەها پێی راكردوو دەبوو كە بە سەربانەكانەوە ڕایان دەكردو خۆیان دەدا بە شوورەكاندا، تاریكی هەمووانی كوێر كردبوو.. تۆزوبا.. گوێم لە شینو واوەیلاو دادو فیغان بوو، ڕەشەباكە وەك پەڕەمووچەیەكی زۆر سووك گەمەی پێ دەكردم، دەیهێنامو دەیبردم، بە شوورەكەیدا دەدام، بالیفو دۆشەگو میتلەكانی دەفڕاندم،

www.dengekan.com

بەپێی ئەو زرمەیەی کە هاتە بەرگوێم لەوە دەچوو سەد کەس بەیەکەوە لەسەربانێکەوە بۆ ناو حەوشەکان سەرانگریٚ بووبن، گوێم لە شڵپەی ئاو بوو لە بنی بیرەکان، گوێم هەڵدەخستو بەدوای تەپەی پێی ئەو کەسەدا وێڵ بووم کە بە چوار دەورمدا سەمای دەکردو لەسەر چوارپەلان تەکانم دەداو نەمدەگرت، بە شوورەکەدا هەڵدەزنام، وەك زیندەوەرێکی چکۆلەو سووك با بیخاتە خوارەوە؛ دەکەوتمە خوارێ. ئەمجارەیان هەستم کرد هەر چوار پەلم لە لینجاوێك دەچەقن، زمانم دەرهانیو تامم کرد، لینجاوەکە لە خوێناوێك دەچوو، پێم سەیر بوو دیواری سەربانەکەش ئەوەندە تەڕ بوو کە لینجاوی دەدایەوە، تا دەهات دەمم پڕ دەبوو لە خوێناو، خوێناوێکی تفتو تاڵ، لێم تێکچوو.. ئاخۆ من وام لەسەربانەکە یان هێشتا وام لەنێو هەناوی هاوسەرەکەم، ناکریٚ ئەو هەموو خوێناوە لە جاڵجاڵۆکە کوژراوەکان ڕژابێ، کوێر بوون لێ نەدەگەڕا بزانم وام لەکویٚ.. سەیر بوو.. بۆنی دووکەڵێکم کرد کە تا دەهات چڕتر دەبۆوە، ئەوەندە چڕ کە هەستم دەکرد بۆتە بەرگێك بۆم، تەنیمۆکەکەی دەکەوتە سەر تەوێڵو رووخسارم، دەبارییە ناو دەممو تا دەهات لە قوڕگما خەستتر دەبۆوە کە بمخنکێنێ، لەوە دەچوو دوا ساتی مەرگم بێ، کەوتنە خوارەوەی سەدەها بالیفو دۆشەگو متیلو لێفەو.. سەدەها کەلوپەلی کەڵەکەبووی نێو حەوشەکانو بڵاوبوونەوەی نەوتو ئاگر بەو ناوەدا

ئاگری لە زۆر ماڵ بەردابوو.. هەر لەوە دەچوو، ئەو قاوو قیژەی دەرو دراوسێو.. هەوای زۆر گەرمو.. بۆنی دووکەڵ دڵنیایان کردم کە چەندین ماڵی دەوروبەرو.. گەڕەکە دوورەکانی شار سووتاون، لەوە دەچوو ڕەشەبا زۆر بەپەلەو بە هەزار دەست گڕوگڵپەکان بەسەر ماڵەکاندا دابەش بکات.. زریکەی ئەمبولانسو شووتەی ماشێنی ئاگر کوژێنەوەکان دەگەیشتە ناو خوێنم.. هاوارم دەکردو دەکڕووزامەوە.. هەر هەموو هاوارو کرووزانەوەکان لەناو خۆمدا دەخنکان، دەستم لە هیچ شتێك گیر نەدەبوو، بەردەوامیش زرمو کوتی ئەو پێیانە کە نەمدەزانی لەکوێوە دێ هەراسانیان دەکردم، بەدەمو لێو.. بە لووت.. بە هەر چوار پەلم لە قوژبنێك دەگەڕام، لە کونێك کە وەك هەر جاڵجاڵۆکەیەکی ترسنۆك خۆمی تیا بشارمەوە، کەچی تا دەهات لەو لینجاوە کە لیقاوی دەدایەوە.. لەو خوێناوەدا نوقم دەبووم، ئەوەندەم لەو کێمو زوونە خوارد تا ڕشامەوە، دەنێو ڕشانەوەی خۆمدا دەگەوزیم، قرچە قرچ سووتانی درەختەکانی ناو حەوشەکانم دەبیست، بۆسۆی پەڕۆو پاتاڵ دەیخنکاندم، تا دەهات کڵپەو بڵێسەی گڕەکان لە من نزیك دەبوونەوە یان گەرمی بەتینو تاوی ناو هەناوی "پاکیز" بوو؟.. نایزانم.. ڕەشەبا بە کەیفی خۆی بابە خولەی پێ دەکردم، هەر تاوێكو بۆ سووچێکی دەبردم، بیرم دەکردەوە.. مێشکی زۆر چکۆلەو ماندووی خۆم دەگووشی، گەر ئێرە ناو هەناوی پاکیزە.. ئەی هاژەی ئەم ڕەشەبایە لەکوێوە دێ؟ لەکوێوە بۆنی دووکەڵ دەکەمو پتر

www.dengekan.com

وا دەکات چاوەکانم ئاو بکەن؟ گەر من هێشتا وام لە سەربانەکە ئەم وێلاشە پڕ لە خوێنو ئاولەمەیە چییە منی تێ کەوتووم؟ ئیقاعی ناسازو شپرزەی تەپەتەپی دوو پێی سەماکەرێك کە دەکرا هی "پاکیز" بێو بەدەم سەماوە شێتانە قاڵۆنچەو سیسرکەو جاڵجاڵۆکە ڕژاوەکانی سەر سەربانەکە بکوژێ ئەوەش دەیخستمە گومانێکی گەورەوە، پڕ بەدونیا دەمقریشکاندو بانگم دەکرد کە خەریکە دووکەڵ دەمخنکێنێو گڕێك چوار دەوری گرتووم‌و دەمسووتێنێ، مەحاڵ بوو لەو شەوەدا کە پتر لە ڕۆژی قیامەت دەچوو من هیچ فریادڕەسێکم دەست بکەوێ، یان گەرمی ناو هەناوی ئەو بوو یان تینو تاوی ئاگری ئەو دۆزەخەی لەو شەوەدا داگیرسابوو: هەر کامیان بێ.. من هێدی هێدی شی دەبوومەوە.. دەتوامەوە، تا دەهات هاوارو گریانو دادو فیغانو زریکە لە گوێمدا کپتر دەبۆوە.. لەوە دەچوو بمرم، خۆزگەم دەخواست کە ئەم کارەساتەی دواییان مۆتەکە بێو لێی راست ببمەوە، خەونێکی جڕناو فڕنا بێ نەك شەوێکی شوومی راستەقینە کە منی تیا گیرۆدە بووم، زۆر هەوڵمدا.. وەك کەسێك پشتی لەژێر بارێکی قورسدا بێو بەسەر هەردوو ئەژنۆدا کەوتبێو ڕاست نەبێتەوە: کەوتبووم، تەکانم دەداو دەگریام.. دەستم بەر دیوارە لینجەکان دەکەوت کە گڕیان لێ دەبۆوەو لە گۆمی گڕکانێك دەچووم.. پیایدا هەڵدەزنامو دەکەوتم، هەزار جار خۆم بە خۆمم دەوت کە ئەوە خەونەو هەر دەبێ من لێی

وەئاگــابێم.. کەچــی بــێ هــوودە بــوو.. مــن دەخنکــام.. دەتوامـەوە.. دەمـردم.. کەچـی هـەر وەئاگـا نـەدەهاتم، مـن کـوێر بـووم‌و کەچـی بـە هـەردوو چـاوان لـە مـەرگی زۆر هێواشی خۆم ورد دەبوومـەوە، تـا دەهـات پـتریـش لـە ترسـی ڕەشەبا وەك ژیژك دەچوومەوە ناو خۆم، تا پـتر دەسـووتام‌و دەتوامەوە.. پتر ترس‌و قەهرم دەڕەوییەوە.. ئیدی مـن مـل کەچی دوا چارەنووسی خۆم بووم، کە نائومێد بـووم لـەوەی کـە ئەگـەر ئـەوە خـەون بـێ یـان ڕاسـتی تـازە مەحاڵـە لێـی وەئاگابێم، مادامەکێ ماڵ نەماوە گڕ نـەگرێ، شـوێن نـەماوە ڕەشـەبا هێرشـی بـۆ نـەکاو داروپـەردووی بەسـەر یەکدیـدا نەڕمێنێ، خۆم دایە دەست قەدەرو ئاسوودەو ئارام دەمـردم، دەنگێك لەناو خۆمدا، لـە ڕۆحمـدا، لـەناو زمانمـا دەگەیـشتە سـەر پـەڕەی گوێیـەکانم‌و لەگـەڵ سـووڕی خـوێنی خۆمـدا شـەپۆلی دەدا، دەنگێـك کـە بەرلـەوەی هـەموو گەردیلـەکانم بسووتێن‌و بتوێنەوە.. دەیوت:

"ئارام بەو بنوو.. ئارام بەو بنوو..!"

ئەگەر مردن‌و ئەگەر نووستن، گەر وڕێنـەی نەخۆشـی بـێ یان هی سەرەمەرگ، گـەر ئـەم دەنگـە دادی ڕۆحـی هـیلاك‌و پەژموورد‌ەی خۆم بێ یان دوا داوای کەسێکی تر کـە مـن وام دەنێـو هەناویـدا.. یـان ڕاکشاو لەتەکیـدا.. ئـەو دەنگـەی بـە کۆڵێ میهرەوە.. بە ئەوپـەڕی خـەمخۆری‌و سـۆزەوە گـەرەکی بوو بێ ئاگام بکات لە کارەساتی جـەرگبڕی ئـەو شـەوە.. یـان لەو خەوە.. لە ئـازاری نـەبڕاوەی هەسـت کـردنم بـەوەی کـە جگە لە دەعەجانی هیچی دیکە نیم.. ئەو دەنگـە پـڕ تکایـە

کە بەدەر نەبوو لە فەرمان، بەدەر نەبوو لە میهر.. لە ترس.. لە ڕق.. لە خۆشەویستی.. لە هیلاکی.. لە قەهر.. لە زرنگانەوەی پاش بینینی مۆتەکە.. لە شەرمو شکان.. لە ڕسوا بوونو سۆزو گومان.. لە هەموو شت.. ئا ئەو دەنگە کە دواجار لە گوێمدا بوو بە نووزەیەکی غەمهێن.. ناچاری کردم کە هێدی هێدی هێور ببمەوەو واز لە خۆم بێنمەو.. چیتر نەمەوێ خۆ لەو گێژاوە.. لەو مەرگەساتە قوتار بکەم.. ناچار بووم کە بمرم.. کە بنووم.. کە بمرم.. کە بنووم..

**سلێمانی**

**2006-2001**

www.dengekan.com

www.dengekan.com

# ژنێکی منگن

**نۆڤلێت**

**من دەمێکە ئەم چیرۆکەم لە خەیاڵە، پتر لە سی ساڵە، هەر جارەو بەجۆرێك دەینووسمەوە، هەرگیز لەسەر شێوەی دارشتنەکەی مکور نەبووم، دەیەها جار سەرەتاو کۆتاییەکەیم گۆڕیوە، هیچ تانو پۆیەکی تێدا نییە دڵم خۆش بکات، گرێچنێك کە تۆ کەمەندکێش بکاتو**

بیخوێنیتـەوە، هەمیـشە وام هەسـت کـردووە لـە بەرامبـەر نهێنـی حـەزو هەوەسـی پاڵەوانەکەمـدا نووسـەرێکی بـێ بـەهرەو توانـام، دەیـەها جـار لـەناو گەرمـەی نووسـیندا قەڵەمەکـەم شـکاندووە، شـێتانە کاغەزەکـەی بەردەسـتم گرمۆڵـە کـردووەو رێـك بـۆ نـاو سـەبەتەی ژێـر مێزەکـە، هەمیشە هەستم کردووە تەنیامو کەوتوومەتـە نـاو چاڵێکی قـووڵو تاریـك، پـەل دەکـوتمو نـاتوانم دەرچـم، یـان لـە چۆلەوانییەکدا وێڵمو رێ دەرنابەم، ئەوەشی کـە وایکـردووە تـا هەنووکـە شـەرم لـە نووسـینو بڵاوکردنـەوەی بکـەم سەرسـامیم بـووە بـەو پـیرە قەسـابەی کـە چـیرۆکەکەی بـۆ گێڕامەوە، سـەیرە.. کەسێك لـە ژیانیـدا ئـەو هـەموو مـەڕو بـزنو مانگایـە لـە خوێنـدا بگـەوزێنێت، ئەوەنـدەو پـتریـش لـەتاو عیـشقێکی ڕاگـوزەر، رێکـەوتی حـەزو شـەهوەتێك، ئارەزوویەکی کوشندەو کوێر، ئەو هەموو خوێنە لە دڵییەوە بڕژێت، ئەو هـەموو فرمێسکە.. بەقـەد خـوێنی ئـەو مـەڕو بزنو حەیوانانەی کە لە ژیانیدا سەری بڕیبوون.

ئەو شەوە، درەنگانێ، کـە حەکایـەتی حـەزو هەوەسـەکەی خۆی بۆ گێڕامەوە، خامۆشو سەرسـام ببـووم، پاشـان لـەژێر لێـوەوە پـێم وت: "مـن ئـەو حـەزو ئـارەزووەت دەکـەم بـە چـیرۆك" سـەیری ئەسـتێرەکانی دەکـرد کـە دوور بـە ئاسمانەوە دەدرەوشانەوە، دوورتر لە حـەزی نـامرادی خـۆی، بێئاگـا لـە مـنو لـە رازی دڵـە بـێ ئۆقرەکـەم، لـەدوای گێڕانـەوەی چیرۆکەکەی هـۆن هـۆن دەگریـا، دوو جۆگەلـەی

بـاریکی فرمێـسکەکانی لـە چـاوانی دەتـەقین و دادەخـران و دەڕژانەوە ناو ڕێ ڕێـی چـرچ و لۆچـی هـەردوولا ڕوومـەتی و لەناکاو بریسکەی ئەو رۆندکانەی سەر ڕوومەتی لە من بـزر دەبـوون، بـەڵام بـاق و بریقـی هـەردوو چاوی پڕشـنگیان لـە ئەستێرەکانەوە دەدزی، بەدەم گریانەوە بڵاندی:

"بەقـەد خـوێنی ئـەو حەیوانانـەی سـەرم بڕیـون.. مـن فرمێسکم ڕشتووە.. لە یادم ناچێ و ناچێ و ناچێ.. ئێـستاکە کە باسی ئەو شاشۆخە ژنەتان بۆ دەکەم وا هەست دەکـەم.. ئەوەتانێ.. لێرەیە.. لەسەر ئەم سەربانە وەسـتاوە و گـوێم لێ دەگرێ و.. بە عەقڵم پێدەکەنێ..!"

لەو شەوەداو بەو تەمەنە کەمەوە بۆ مـن گـران بـوو لـەوە تێبگەم چییە کـە وا لـە پیاوێك دەکات یـەکجارو تـا ئەبـەد ڕووخسارو ئاکاری ژنێك لە یاد نەکات، ڕەنگ و بـۆنی، لـەنێو ڕەنـگ و دەنـگ و بـۆنی دەیـەها ئـافرەتی دیکـەداو لـەدوای دەیـەها ساڵ لـە کەللـەی خۆیـدا هـەڵبگرێت و.. لـە رۆحیـدا جێگەیەکی پەنهانی بـداتێ؟ ئـەو شـەوە بێئـەوەی شـەرم لـە کوڕە گەورەکەی بکات.. شـەرم لـەو ژنـە میهرەبانـەی کـە تـا نیوە شەو بەو تەمەنـە زۆرەوەو بـەپێوە ئـەو ماڵەی لەسـەر هەردوو دەستە پیرۆزەکانی ڕاگرتبوو، کـە حەکایـەتی حـەزو هەوەسـەکەی خـۆی گێڕایـەوە.. لـێم پرسـی ئـاخۆ ژنەکـەی سەرگوزشـتەی ئـەو حەکایەتـە دەزانێـت، کـورت و دلێرانـە وەڵامی دامەوە: چاك دەیزانێت..!

که زانی من ڕامامو بۆ ماوەیەکی درێژ خامۆش بووم، بیرم له سەرو بەندی حەکایەتی حەزو عیشقەکەی دەکردەوە، تێهەڵچووەو بە قەهرێکەوە وتی:

"دەیەها شەو لە باوەشی ئەو ژنەمدا وەك هەتیوێکی بێ لانەو برسیو ڕووتو ڕەجاڵ بۆ ئەو خانمەی دۆستم دەگریام، ئەو ژنە چاکەم سکی پێم دەسووتا کە دەیزانی من بۆ ژنێکی دیکە ئاواهی ئاگرم تێبەربووە، هەندێك ژنی سادەو بەستەزمانی ئێمەو مانان گەلێك دڵ گەورەترن لەو سەفوورانەی ئێوەمانان حەزیان لێدەکەن، ژنەکەم سڕو سەرسامی ئەوە بوو کە پیاوێکی سمێڵ بابڕو خوێنخۆر چۆن وەها دڵناسك بۆتەوەو بۆ خانمێك کە ڕاگوزاریو بەرێکەوت دیوییەتی شینو واوەیلایەتی، کەم نین ئەو پیاوانەی کە دڵیان لە مینایەك ناسکترە.. تێدەگەن دەڵێم چی؟".

من پتر لە سیی ساڵ لە شەرمی فرمێسکەکانی ئەو پیرە قەسابە ئەم چیرۆکەم لە رۆحی خۆمدا بە زیندوویێتی وەك خۆی هێشتەوە، گەرچی شەوێکی فێنکی هاوین بوو.. کەچی بەدەم قسەوە چین چین ئارەقەی دەردەداو بە جەمەدانییەکەی دەیسڕییەوە، دوای سڕینەوەی ئارەقەکەی دەیخستەوە سەر ڕانی، لەوە دەچوو ئارەق کردنەوەکەی هی یادگارییەکی هەم خۆشو هەم ئازاربەخش بووبێت.. سەیر بوو.. هەمووما‌ن سەرسام بووین، چونکە دەمانزانی لە ترسی پیریو مەرگ دوو سێ ساڵێکە گەڕاوەتەوە لای خودای خۆی، کەچی لەناوەڕاستی گێڕانەوەی حەکایەتی حەزو

www.dengekan.com

سۆزی کۆنینەی خۆی، لەناکاو، هەستایەوە سەر پێ‌و لەسەر یەکەمین پلەی قالدرمەکە وەستاو دزانە لەناوقەد بەسەرەوە خۆی نووشتاندەوەو سەیرێکی ناو حەوشەکەی کرد تاوەکو دڵنیا بێت پیرەژنەکەی لەژێر هەیوانەکە ڕاکشاوە، دزانە ئاورێکی لە ئێمە دایەوەو خەندەیەکی ئیبلیسانە کەوتە سەر لێوانی‌و بە هەموو ڕووخساری پڕ لە چرچ‌و لۆچیدا کشاو ڕووناکی کردەوە، کە هاتەوە لامان، بەدەم ئاخ‌و هەناسەیەکەوە وەك عاشقترین کۆنە مەیخۆر وتی:

"دەی پێکێکم بۆ تێبکەن.. سۆزێکی گەرم لە هەناومدا دەکوڵێ..!"

مانگەشەوێکی دڵڕفێن بوو، شنەیەك لە شاخەکانەوە بۆنی کوێستانی دەهێناو ئێمەش سەرمەست بە بۆنی گژوگیاوو گوڵ‌و مەی هەناسەمان هەڵدەمژی، ئێمە هەرسێکمان لەو پیرە قەسابە ڕامابووین کە لەتاو پیری‌و ترسی مەرگ بەڵێن بوو بگەڕێتەوە کن خوداو ئیستغفارەکەی تەواو بکات بەو ئومێدەی لە بەهەشت گۆشەی باخێکی بە نسیب بێت.. سەرسامی ئەوە بووین کە چی وای لێکرد لەناو گەرمەی گێڕانەوەی حیکایەتەکەیدا داوای پێکێك عارەق بکات، سۆزێکی کۆن بۆ مەستبوون یان ترس بوو لە مەرگ کە ناهیلێت لەزەت لە شتە هەرە سادەکان بکات، چ نیگای ژنێك بێت‌و چ قومێك عارەق، یان شکاندنی شەرم‌و شکۆی پیرەمێردێك بوو لەوەی حەکایەتی هەواو هەوەسی سەردەمێکی دێرین بگێڕێتەوە، یان حەزێکی زۆر کوشندە بەوەی کە بۆ دواجار بەر لە مەرگ دوا ڕازو نیازو خولیاو

حەزێکی ناکاملّو بە مراز نەگەیشتووی خۆی بۆ سێ کوڕە لاو بگێڕێتەوە کە ڕەنگە ئەوان پتر بژینو ئەو حەکایەتە دەماودەم بگوێزنەوە یان لە دڵی خۆیاندا هەڵیبگرنو سووکە پەندێك بێت ئەو کاتەی گیرۆدەو عاشق دەبن.. بۆ نا..؟

شوان ـ ی کوڕی بەپەلەو حەزو شەرمەوە، بەدەم دەست لەرزینەوە، سەرگەرمی سازکردنی پێکەکەی باوکی بوو، شاگەشکەو حەپەساو بەو فەرمانە سەیرو لەناکاوەی باوکی ـ پێکێکم بۆ تێبکەن ـ بەسەرچاو.. بەسەرچاو.. هەر تۆو.. پێك .. تریفەی زیوینو جریوە جریوی ئەستێرەکانو چرپە چرپی مەردوومەکانو سرتەو هەناسەی خەڵقەندە نادیارەکانی شەو لەو سەربانەدا بۆ ئێمە نەشئەبەخشتر دەینواند.. خودی شەو لەنێوان چڕی تاریکی دووری سەر شاخو تەپۆلکەکانو ڕۆشنایی نزیکی دەوروبەرمان هەناسەی دەدا، هەناسەی پڕو ناقۆلای شەو تێکەڵ بە هەناسەی نەرمو هێواشی ئێمە دەبوو، لەسەر سەربانی ئەو خانووەوە کە لەسەر یەکێك لە گردە بڵندەکانی شاردا قوت ببۆوەو.. وایدەکرد هەست بەوە بکەین کە خۆمان سەرداری ئەم شارەین، تا شەو پتر ڕادەشکا.. ئێمە پتر سەرمەست دەبووینو گەرمای ئەو ڕۆژەمان پتر بیر دەچۆوە، لەژێر ڕۆشنایی کزی چراکەدا کە بە فەرمانی خۆی کوژاندمانەوە، پەڵەیەك خوێنی وشکەوە بووی سەر فانیلە سپییەکەی، ڕێكو ڕاست بەسەر مەمکی چەپییەوە، نزیك بە دڵی

سەرنجی ڕاكێشام، وەك ئەوە هاتە بەرچاوم كە لەناو حەسرەتو سۆزی ئەو حەزە دێرینەی دڵی لەژێر فانیلەكەوە خوێن بدەڵێنێت، كە چراكە كوژایەوە پەڵەی خوێنەكە ڕەشتر دەینواند، بەر لەوەی پێكەكەی بۆ ساز بكرێت وتی:

"كە مانگ لە چواردەیە.. چرات بۆ چییە؟" ئەو پیرەمێردە زستانو هاوین گەرمای بوو، زۆر جاران لێم دەپرسی: "ئەو هەموو ئارەقەیە چییە؟ لەشی تۆ هاوینو زستان نازانێت؟"

بەدەم خەنینەوە دەیوت:

"هەمیشە وا هەست دەكەم ئەسپێكمو لەغار ناكەوم.. شتێك لەناو مندا هەمیشە گڕی گرتووە..!"

تاوێكو هەر ئەو شەوە لە پەرداخی پڕ لە بیرەكەی بەردەمی خۆم ڕامابووم كە تازە پڕم كردبوو، ڕەنگی ئاڵتوونی بیرەكە خەمێكی زەردو تەنكی دەدامێ، چاوەڕێی دامركانەوەو كشانو تەقینەوەی بڵقە وردەكانم دەكرد.. لەناوچوونی كەفێكی سپی.. لێی پرسیم:

"تۆ بۆچی هەمیشە دڵتەنگو خامۆشی؟"

بێ وەڵام پێكەكەم هەڵبڕیو بەو جووڵەیە ویستم بێدەنگیو شەرمی خۆم بشارمەوە.. شوان بەدنیهادانە سەیری كردمو هەڵیدایە:

"باوكە.. ئەو هەتیوە عاشقێكی دۆڕاوە، حەز لە هەر كچێك بكات.. دوای دوو مانگ شووی كردووە، وای مەبینە.. سەركزی.. دڵ وریایە.."

قاقا پێکەنین.. منیش سایلی ئەوان خەنیمەوە.. عەبە ــ ش کە تا ئەو حەڵە گەمەی بە شمشاڵەکەی دەکرد, بە دەنگێکی کەرخەوە کە هەمیشە لە ناڵەی نای دەچوو.. وتی:

"جا کامەمان عاشقی دۆڕاو نین.. خودی عیشق وەهمێکە.. سەرابێکە تا ئەوپەڕی دونیا بە کێشمان دەکات و نایگەینێ.."

شوان تێهەڵچۆوە ـ "من دوعا دەکەم هەر مانگەو حەز لە کچێك بکات.. جگە لەوەی خۆم وا بڕوا گەرەك کچی عازەبی تێدا نامێنێت."

کەوتنەوە قاقاو خەنین، لەوە دەرچوو بوو وەڵامم هەبێت، من زۆر خۆشیم لەو مەزاق و پێڕابواردنانەی شوان دەهات، بێ مەزاق و قۆشمەکانی ئەو غەمگینتر دەبووم، من خۆم لەو جۆرە کەسانەم کە ئەوپەڕی لەزەت دەکەم لەوەی هاوڕێ و دۆستەکانم بمکەن بە بابەتی گاڵتەو سوعبەتی خۆیان، هەندێك ئەوە بە نەخۆشی و خۆ بە کەم زانین دەزانن.. لای من جۆرێکە لە خۆش مەشرەفی و بێباکی، هەتا گەر سنووریش ببەزێنن، من خۆشە ببووم و ڕاهاتبووم، هەمیشە شوان لەمەڕ باس و خواسی حەزو دڵداری مەزاقی پێدەکردم، شوانە بەوەندە نەوەستا، بەدەم پێشکەشکردنی پێکەکە بە باوکی.. وتی:

"ئەم برادەرە بەڕێزو دڵناسکە نایەوێت دڵی هیچ کچێك بشکێنێت، قەناعەتیشی وایە کە کچانی ئێرە لەوە شەرمنترو ترسنۆکترن کە وەڵامی خۆشەویستی کوڕان بدەنەوە.."

www.dengekan.com

عەبە کە تا ئەو حەڵە گەمەی بە شمشاڵەکەی دەکرد، بێ ئۆقرەو نیگەران بوو کە کەی نۆرەی ئەو دەبێت داوای نەوایەکی غەمگینی لێ بکەین، چەند جارێك بە ناسکیو چەند جارێك بە قەهرو داخەوە، توند، لە هەردوو سەرەوە چنگی لە شمشاڵەکەی گیر دەکرد، تاوێك وەك ئەوەی شمشاڵەکە بەشێك بێت لە خۆیو تاوێکی دیکە لە قامیشێکی کون کون دەچوو کە لێی زیاد بێت.. تەنها بۆ ئەوەی بەشداری قسە بێت.. وتی.. "وا نییە.. خۆیشی ترسنۆکە.. لە ژێرەوە حەزی لە نیوەی کچانی گەڕەك کردووە، شیعریشیان بۆ دەنووسێ، بەس ناوێرێ بیدا بە کەسییان.. بەوە باشە خوشکەکانی من شوویان کردووە..".

لە ناکاو شوان هەڵیدایە:

"وس.. گەمژە.. ئەوەندە بەدنمەك نییە.."

"بەڵێ.. بەڵێ.. لەسەری بکەرەوە.. چونکە تۆش.."

پیرەی قەساب قسەکەی پێ بڕیو لەوە ترسا ببێت بە چەلەحانێ نەك مەزاق، نەیدەزانی کە ئەو سووکە شەڕەش بەشێکە لەو مەزاقە، ، چاوەکانی خومار ببوون، بەدەم خەمو خەنینەوە وتی:

"هەڵیدەن.. نۆشی کەن.. لە چاوی عاشقە نامرادەکان..!"

وەها بینی پێوەنا کە کەمێکی لە بنی پەرداخەکە هێشتەوە، بەدەم لێو لستنەوەو جاجیك خواردنەوە ڕووی لە من کردو وتی:

"قـەت وا نـەزانیت سەرسـامیت بـە کـچو ژنـانو حـەز دەربڕین دڵیان دەشکێنیت.. هەرگیز.. هیچ ئافرەتێك نییـە لە دڵەوە حەز لە قسەی خۆشی پیاو نەکات..".

هەر خامۆش بووم.. لە شمشاڵەکەم دەڕوانی کـە بـۆ چـەند ساتێك وەك قامیشێکی مـردوو کـەوتبووە سـەر ڕانـی عەبـە، ئـــەم دیـــسانەوە دەســـتی دایـــە وەك ئـــەوەی شـــتێکی خۆشەویستو جوانی بـیر کەوتبێتـەوە، نـەرمو نیـان بـەرزی کردەوەو پاش ماچکردنی شمشاڵەکە خستییەوە سـەر ڕانـی، وەك ئەوەی دزیمـان لێبکـات دەسـتی بـۆ پێکەکـەی بـرد، مـن دەمزانـی چـی بـیر کەوتۆتـەوە، مەسـتانە شمـشاڵەکەی مـاچ کرد، کەس هیچی نەوت.. شوانو عەبە دوو عارەقخۆری بـێ وێنــە بــوون.. دەیــانوت: هونــەرو ئــەدەبو عیــشق بــێ خواردنــەوە مانایــان تــەواو ناکــەن، بۆیــە بــە مــەرجی مەســتبوون دەیــانخواردەوە، بــێ ڕشــانەوە، دەیــانوت دوای مەستبوون دونیاو شتەکانو ئادەمیزادەکانیش لەبەر دیـدەو خەیاڵـدا دەگـۆڕێن، شـتەکان پـاش مەسـتبوون هـەمان ئـەو شتانەی بەر لە مەستبوون نین، گاڵتەیان بە مـن دەهـات کـە بە خواردنەوەی بیرەیەك مەستو خێڵو خـوار دەبم، پێیـان دەوتم: ئاواهی دەتەوێت عاشق بیتو شیعر بنووسیت، شوان عاشـقی نوانـدن بـوو، خـەونی بـەوەوە دەبینـی ئەکتـەرێکی نـاوداری لێدەربـچێت، سەرسام بـوو، بـە "دیـف ئانانـد"و دە جـار چـوبووە فلیمەکـەی "گایـد"، هـەموو گۆرانییـەکانی ئەزبـەر بـوو، فلیمـی بـە خەسـار نـەدەدا، شـێتی (ڕۆمـی

شنایدەر) بوو.. شاشۆخی سینەمای فەرەنسیو هەموو دونیا، کـە دەیخـواردەوە وێنەکـەی رۆمـی شـنایدر ـــ ی دەخـستە بەردەمی، دەیوت: چاوەکانی ئەم ئەکتەرە ئافاتەو دەتوانێت هەم دونیا تێکبـداو هـەم پیاوەکـان لـەم بـێ عەقڵییـە رزگـار بکات، ئاخ لە جوانی هـەم کۆیلـەو بەنـدەوارت دەکاتو هـەم ئازادت دەکات.. ئاە.. هەمیشە لەبەرخۆیەوە دەیـوت: لەسـەر تەختەی ئەم شانۆ پەڕپووتـە نـابم بـە هـیچ.. هـەر دەبێـت سەفەر بکەم، عەبە شمشاڵ ژەنێکی شـەیداو سـیحرباز بـوو.. کـە دەیخـواردەوە.. نـەك دڵـی ئێمـەو بـەس.. دڵـی مـەلو درەختو داروبەردی دەلاوەندەوە، دەمانخواردەوە تا قـەهری دڵی خۆمان بە با بدەین، حەسرەتو هەناسەساردی سێ لاو، لـە شـارێکی غـەمگینو پـڕ لـە تـەپوتۆز، سـێ لاوی سـەر مەسـت، خـەمزەدەو پـڕ خـەونو خـەیاڵ، لـە شـارێکدا کـە باخـچەیەکی گـەورەی تێـدا نـەبوو تـا لـەژێر درەختەکانیـدا سەربەستانە پیاسەیەك لەگەڵ دڵخوازەکەتدا بکەیت، شارێك پڕ لە کوڕوکـاڵی تـۆڵازو پیـاو، چایخانەکانیو مزگەوتـەکانی سـیخناخ لـە هـەراو قەڵـەباڵغی، هەمیـشە ئامـادە بـۆ شـەڕو سووکە گێـچەڵ، دوو سـینەمای کـۆنو بـۆگەن کـە بـە فلیمـە سێکـــسییەکانی هەوەســـی ئـــاگر دەدایـــنو بـــە فلیمـــە هیندییەکانی خەونو خەیاڵی عیشقی لەلا خۆش دەکـردین، شارێك کە هەمیشە گۆرانبێـژەکانی لـەبری چـڕینی مـەقامو سـترانی خۆشـبەختی، خـوێن لـە قوڕگیـان دادەچـۆڕا، هـەر هـــەموو نۆتـــەکانی هەنـــسكو فرمێـــسكو هەناسەســـاردی، مەیخانەکانی پڕ بوون لەو پیاوانەی بـە مـەرجی خۆکوشـتن

دەیانخواردەوەو لە چایخانەکانیش قوماریان لەسەر ژیانو تەمەنی خۆیان دەکرد، ئێمەش، هەرسێکمان، کە دەمانخواردەوە خەونمان بەو وڵاتانەوە دەبینی کە پڕن لە باخو ڕووبار.. خەون بەو کچانەی کە لەودیو دەریاو شاخەکانەوە دەژیان، دوورتر لەو سنوورانەی کە ئێمەی گەمارۆ دابوو، کە تەنها تارماییو وێنە جوانەکانیان لە خەیاڵی ئێمەدا سەدبارە دەبۆوە، ئەو شۆخانەی هەر بە خەیاڵو بەدزییەوە دەمانبردنە ژێر لێفە شڕەکانمانەوە، زۆر دەترساین هەر لەو شارەدا کە نیوەی گۆڕستان بوو بە هەناسەساردیو بێ خەونو مایەپووچ بمرین، کە دەمانخواردەوە سادەترین باسو خواس سەرگەمی دەکردین، دەبووین بە شارێك لە خەمو پرسیارو گومان.. وەلامیش هیچ، دەمانخوارەوە، شەومان پڕ لە حەزو خۆزگەو خەیاڵ.. ڕۆژمان پڕ لە ڕەنجو پووچیو سەرگەردانی.

عەبەو شوان دڵخوازی خۆیان هەبوو، عەبە شێتو شەیدای نیگارکێشێکی کۆیی ببوو.. بەگزادەو ناوی "سەراب" بوو، لە هەمان پەیمانگا کە عەبە تیایدا دەیخوێند، سەراب شاشۆخی بەفیزی ناو کچان بوو، عەبە دەیزانی کە ئەم حەکایەتەی لەو داستانانە دەچێت کە بە دابڕان کۆتایی دێت.. دەیوت: چ بەدبەختم کە حەزم لە "سەراب" کردووە.. وەك سۆفییەك زیکری ناوی خودا بکات.. لەبەر خۆیەوە دەیوت: سەراب.. سەراب.. ئەو سەرسامە بە نەوای شمشاڵەکەم.. نەوایەکی پڕ سۆزو غەمگین کە بۆ حەزی ئەو

www.dengekan.com

دەیژەنم.. شوان ـ یش گیرۆدەی کچە دراوسێ ببوو کە من لەداخی مەزاق‌و پێرابواردنەکانی دەموت.. جا ئەوە حەزە.. پیاوی بێ غیرەت هیچی بۆ نەرەخسێ حەزلە کچە دراوسێ دەکات.. ها.. ها.. ها..

هەڵبەتە باوکی بەو حەزەی دەزانی، سوێندی خواردبوو کە زانکۆ تەواو بکات، رۆژی دواتر زەماوەندە، چەندە حەزم دەکرد باوکێکی وام هەبووایە کە بوێرم لەبەر دەمیدا بخۆمەوەو رازو نیازی حەزێکمی لێ نەشارمەوە، کە باوك‌و کوڕ پێکیان لە یەك دەدا من شاگەشکە دەبووم کە ئەوەندە تەبان، پێم سەیر بوو باوك‌و فەرزەندی وا لەسەر ئەم زەوییەداو لەم گەڕەکەو شارەی ئێمەدا هەن، وەلێ بەتەواوی بۆ خودی خۆم غەمگین‌و نیگەران دەبووم کە ئەوەندە بێ یارو هاودەم‌و باوکێکی خاسم..

لە پەرداخەکەی خۆم ڕامام‌و کەفی سپی بیرەکەم تەواوێك نیشتبۆوە، هەمیشە لەو بڵقە زۆر وردانە ورد دەبوومەوە کە لە بنی پەرداخەکەوە هەڵدەکشان‌و پاشان لەسەر ڕووبەری مەییوی بیرە ئاڵتوونییەکە یەکە یەکە دەتەقین‌و ون دەبوون، سادەترین شت تا گەورەترین شت وایە.. سەرەتاو کۆتایی هەیە.. لەم جۆرە شەوانەدا لە هەر شوێنێك کۆبووینایەتەوە باسمان لە فلیمێك دەکرد کە بەیەکەوە دیبوومان، یان ئەو کتێبەمان شی دەکردەوە کە هەرسێکمان بە خوێندنەوەی سەرسام بووین، وەك هەللاج کە پەمۆ شی دەکاتەوە، هەریەکەو دەیویست ئەو نهێنیانە بدرکێنێت کە ئەوی دیکەمان دەرکی پێناکات.. هەمیشە پێیان دەوتم: ئەو

هەموو شتە دەزانیت مردوومـراو.. کەچی دەرەقـەت نایـەی کچۆڵەیەك فریو بدەیت؟

بە مەزاقەوە دەموت: بۆ ئەم شارە کچی تێدایە حورمـەتی عەقڵ بگرێت؟

مەستانە پێکی خۆم هەڵدا، ئاسمانی ئـەو شـەوە ئەسـتێرە باران بـوو، جریـوە جریـوی هاریـان حـەیرانی دەکـردم، بـۆ ساتەوەختێك هەستم کرد وام دەنێو باوەشـی ئەسـتێرەکانو دەخۆمـەوە، تـا دەهـات هـەردوو نـەرمایی گـوێم گـەرم دا دەهاتن، لە سەربانە بڵندەکەوە دەمـدی کـە شـار، شـاری زۆر غەمگینو پڕ لـە تـەپوتۆزو مـەردوومی تـووڕەو تۆسـن، بـە هەزارەها چاوی چراخانەوە لـە منـی دەڕوانـی، لـەو دوورەوە ڕۆشنایی ئاسمانو ڕۆشناییەکانی سـەر زەوی تاوێـك تێکـەڵو تاوێك لە یەکدی جیا دەبوونەوە، ڕۆشنایی خـوداو ڕۆشـنایی مرۆڤ لەسـەر سـەری ئـەو شـارە مانـدووەدا لـە ململانێیـەکی گەورەدا بوون، هەریەکەو گەرەکی بـوو هـاوار بەسـەر ئـەوی دیکەیاندا بکاتو بڵێت: ئـەوە مـنم کـە نـاو دڵو چـاوو بـەر پێـی مەردوومـەکان ڕوونـاك دەکەمـەوە.. شـەڕێکە ئـەزەلی.. ناشیرنترین شار لەسەر زەوی لە شـەودا جـوانی خـۆی هەیـە، وەك چۆن ناشیرینترین کەس لەناو تاریکیدا تارماییەکی زۆر جـوان بـەدوای جووڵـەی خۆیـەوە بـە کـێش دەکـات.. چ دیمەنێکی سـەنگینو دڵگیری هـەبوو، شـار، لـەو شـەوەدا کـە سەراسیمەی دەکردم، لەگەڵ دوورترین تروسکە کـە پـتر لـە ئومێـدێکی تـازە داگیرسـاوو تـازە هـاتوو دەچـوو.. ئـاە.. مـن

www.dengekan.com

موچڕکەم پێدا دەهاتو مەخلووقێك لەناومدا حەزی لە گریانو خەنینو سەما بوو، هەمیشە شەوم لەلا جوانترە چونکە دەتوانم خۆمو رازو حەزە شەرمنو حەرامەکانمی تێدا بشارمەوە، لە شەودا دونیای دەوروبەر سیحرێکی دیکەی هەیە، هێمنو خامۆش، هەموو شتێك لە خەون دەچێت، هەتا ئەو دانیشتنە زۆر سادەیەی ئەو شەوە دێرینە لەسەربان هەم ئەوساو هەم ئێستا بۆتە خەون لەلام، هەر چییەکی کە دەیگێڕمەوە پڕە لە درۆو ڕاستی، لە حەقیقەتو.. خەیاڵو ختوورەی دڵی خۆم، هەمیشە تارمایی شتەکان لە خودی شتەکان خۆی جوانترە، درەختەکان لەژێر تریفەی مانگو تروسکەی ئەستێرەکان رۆحێکی دیکەیان هەیە، پێدەشتێکی پڕ لە جرِوجانەوەر لە شەودا سامو هەیبەتو جوانییەکی هەیە کە مەحاڵە جوانترین باخچە لە رۆژدا هەیبێت، باخچەیەك پڕ لە ئاوو گوڵو درەختو مەل، تارمایی کەسەکان، باڵندەکانو ئاژەڵەکان جوانترن، چریکەی مەلێك بەو ئاسمانەوە کە دەڕژێتە گوێ نەغمەیەکی دیکەی هەیە کە ئاڵاوەتە تریفەو سیحری نادیاری شەو، سێبەری خێرای پشیلەیەك کە بە بەردەمتدا تیژ تێدەپەڕێت، هەرگیز هەمان سێبەرو خشپەو جووڵەی ئەو پشیلەیە نییە کە لە نیوەڕۆیەکدا بەنیازی خنکاندنی جووجەڵەیەك دێتە حەوشە، هاوارو زەناو قاووقیژو جنێوی خەڵکی شەقامو بازاڕو کۆڵانەکان جێدەهێڵێت، نرکەو ناڵەی ماشێنەکان، ڕووخسارەکان جوانتر دەنوێنن.. ئاە.. لە شەودا کەس.. هیچ کەس ناشیرین

www.dengekan.com

نییـە، لـە شـەودا مرۆڤـەكان، كـەم‌و زۆر، حـەز دەكـەن رازو نیازو ختوورەی دڵ‌و هەواو هەوەس‌و نهێنییەكان بۆ یەكدی بدركێنن، كلیـل‌و قفڵی سـەر زمانـەكان دەكرێنـەوە، زنجیرو تەوقی دەوری دڵەكان هەڵقە هەڵقە بـە هەڵقـە دەپسێن، هـەوەس‌و ئارەزوو لە شەودا ڕەنگێكی دیكـەی هەیـە، ڕەنگێكـی سـوورو ئاچـووغ‌و هـارتر، هەناسـەی شـەو پـاكتر.. كەللـە كـاس‌و دڵ كەیل‌و خەیاڵ خۆش‌و مەیل گەرمتر، ئەوە ڕۆحی سـەنگینی شەوە كە خەونەكان لەوانـەی ڕۆژ جـوان‌و ڕەنگینـتر دەكـات، مـن بـۆ خـۆم كەسـێكی شـەوڕۆم، حـەزم لـە گەڕانـە.. خـۆم دەدەمـە دەسـت پێچاوپێـچی كۆڵانـە تەنگەبـەرەكان، دەبمـە دۆسـتی سـەگە بـەرەڵڵاكان‌و لـە خـۆم بـە جوانـتریـان دەزانم، دەرۆزەكەرەكانی ناو مزگەوت‌و كەلاوەكان دەمامكی زەبوونی لەسەر ڕووخساریان لادەبەن‌و مەشرەف خۆشتر دەبن، واز لە گـەوجی‌و خـۆ گـۆج كـردن دێـنن‌و نوكتـە لەسـەر خـوا پێداوەكان دەكەن، شێت‌و شـەیدای چرپەو هەناسـەو ئـاخی پـەنهان‌و شـەرمنی ئـەودیو دیـوارو شـوورەو پـەردەو دەرگـاو پەنجەرەكانم، گوێ لە ترپەی هەنگاوەكانی خۆم دەگرم‌و.. وا هەستدەكەم پادشای هەر هـەموو كـۆڵان‌و شـەقامەكانم، ئـەو ساتانەی كە مەستم‌و شەو كپ‌و خامۆشە قوڵپی گریانێك لە ناخمدا دێتە كوڵ، سەر دەكات، گریانێكی شـیرین، بـۆ تاوێـك گریـان خـەم‌و ژەنگـی سـەر دڵـم دەشـواتەوەو زەردەیـەك دەبارێتە سەر لێوانم، زەردەیەك تێكەڵ بە ئەسرین، شەوانە خەم‌و خۆشی لە دڵی منداو لە هەرتك چاوانم، لە گلێنەمدا،

www.dengekan.com

لـه هەناسـەو لـه خوێنمـدا جێگـۆڕکێ دەکـەن، مەسـتبوون دەمخاتەوە سەر ساغە، دێمـەوە نـاو خـۆم، بێبـاك بەرامبـەر دوژمنو سلاو له دۆستانم، ئەو کچانەشم خـۆش دەوێـن کـه به هیچم نازانن، هەموو دونیا لەبەر چاوانم دەکەوێتـه ژێـر تارایـەکی ئـاڵ، سـات لـەدوای سـات.. لەگـەڵ هـەر قـومێکی قووڵو پێکێکی خەست دەگەڕێمـەوە کۆلانـه خۆڵاوییـەکانی منداڵی، شـەوانی حەکایـەتو کۆشـی گـەرمی نـەنکم، ئامـادە دەبم دەسـت لـه ملـی ئـەو کەسـانە بکـەم کـه شـەڕیان پـێ فرۆشـتووم، جنێویـان پێـداومو تفیـان لێکـردووم، چـش لـه دڵڕەقـی بـاوکم.. لـه دڵـەوە دەیبەخـشم، وای لـه دڵـشکانی ئاســانو زوو زووی دایکـــه.. شـــەوانە کەزییـــە مـــاشو برنجییەکەی مـاچ دەکـەمو ئاشـتی دەکەمـەوە، لـه مامۆسـتا تووڕەو تۆسنەکان خۆش دەبم، لەو وەستا بێزارانـەی کـه بـه منداڵی بەشەپازلله پەنا گوێیان ئاگرداوم، غەمگینو دڵناسك وام هەستدەکرد گلۆپە زەردەکانی نزیكو دووری شار چاوی غـەمبارو کـزو زەردی هـەزارەها بێـوەژنو بێـوەمێردو کـچو ژنو تۆلازو منداڵی تەنیاو بێ دالدەو پەنان دەتـروکێن، بـه خـەمێکی زەردەوە، تـاوەکو مـن بیـانبینم.. مـن بـدوێنن.. مەسـتبوون وام لێـدەکات هەسـت بکـەم ئـەو پەرداخانـەی بەردەممان، ئەستێرە دوورەکـان، قـەتارەی مـەلی کۆچـکردوو ڕووەو کوێستان، مانـگ، درەختـه بڵنـدەکانی نـاو حەوشـەکان دەمـدوێنن، گـەر هـۆشو ئـاوەزو هەسـتت هـەبێت بـەردیش ڕۆحێکی شـاراوەی تێدایـە، هـەموو ئـەو خـەیاڵو ختوورانـه تەمەنی چرکەیەك نەبوو کە بە پەڕەی دڵی مندا رادەبورد،

لـە ئاسمـانم دەڕوانـیو تریفـەو ڕۆشـنایی نێـوان ئاسمـانو سـەربان لـە منـدا دادەكـەوتو دەنیـشت، ئەسـتێرەكان لـەناو حـەوزی ڕۆحـی منـدا مەلـەیان دەكـرد، لەلایـەك شنەشـنی درەختەكان لە گوێمداو ڕۆشناییەكی سـەوزباو لـە چاوانمدا، هەردوو لە شوێنێكی پەنهان لەناو كەللەسەری منـدا تێكـەڵ دەبوون، بۆ منی نیوە مەست هێشتا مابووی تریفە بكەم بـە پەیــژەو ڕووەو شانــشینی ئەســتێرەكان هەڵكــشێم، لــەوە نەدەچـوو مـن بەرگـەی حـەزو خۆشەویـستی هـیچ كـچێك بگرم، ژێر بێت یان كاڵفام، بەگزادە یـان كـچی گـەدا، پـاكیزە یـان بـەرباد.. ئـاە.. خودایـە مـرۆڤ چـۆن بەرگـەی عیـشق دەگرێت؟ ئەو دڵە لەبەردەم جوانی جریوەی ئەستێرەیەكو تریفەی مانگـدا ئـاواهی ئاسـان جەزبـە بیگـرێو بتوێتـەوە.. ئاخۆ لەبەردەم نیگـای دولبـەرێك چـی لێـدێت..؟ نـا.. خـودا هاوار.. من لەوە لاوازترو كەم خوێنو شەیداترم كە بەرگەی هەناسەی گەرمی شوخێك بگرم.. شـوان زانـی كـە دیـسانەوە خـەیاڵم فـڕی.. فـڕی ڕووەو كەشـكەلانی فەلـەك.. دەیزانـی بــڕۆم.. ئەوەنــدە دوور دەڕۆم كــە خــوداو فریــشتەكانی نامگێڕنــەوە، عاشــقانە پێكەكــەی بــەرز كــردەوەو دای لــە سـوڕاحییەكە كـە كڵـۆ سـەهۆڵە وردەكـان تیایـدا سـەرئاو كـەوتبوون، لــە دەرەوەش ئارەقــەی كردبــوو.. پاشــان وەك ئەوەی هەمووومان بگێڕێتەوە سەر سەربانەكە.. وتی:

"باوکه.. عەبە.. تۆش هەتیو.. وەرە خوارێ لە ئاسمان.. وەرەوە سەربانەکەی خۆمان.. چیت داوە لە فڕین‌و بن پەڕی ئاسمان!".

بۆ من ساتەوەختێکی دۆستانە بوو، شەوێکی خامۆش، پیرێکی کەیل‌و پڕ لە حیکمەت کە تا ئەو حەڵە نەمزانی بۆچی لەو شەوەدا تۆبەو بەڵێنی لەگەڵ خودای خۆیدا شکاندو.. ویستی مەست بێت؟ سێ گەنج.. کەیل‌و کەللەکاس، زرنگەی پەرداخەکان لە گوێمدا لە زرنگەی سەدەها زەنگوڵەی زیوین دەچوو، تنۆکی ئارەقەی چوار دەوری سوراحییەکە کە دەخوڵقاو پاش ماوەیەکی درێژ دەتکا، زەنگوڵ زەنگوڵ، ئارەقەی سەر مل‌و گەردنی شۆخێکی ئەسمەری بیر دەهێنامەوە کە نازانم لەکوێ‌و لە کام رۆژگاردا دیبووم، نیازم بوو هەستم‌و یەکە یەکە ماچیان بکەم، دڵنیا نەبووم.. ترسام شوان تەریقم بکاتەوە، عەبەو پیرەقەسابەکەش تێنەگەن بۆ وا دەکەم‌و چ بەڵامە، شوان شێتانە دەیخواردەوە، هەرگیز لە قۆشمەو لاقرتێ ماندوو نەدەبوو، وەلێ تا بڵێی دڵپاك بوو، هەمیشە لەوە دەترسا لێی بتۆرێم، کە پێکەکەی دانا بە قۆشمەوە وتی:

"چیت دەکرد لە ئاسمان؟"

باوکی شوان‌و عەبەش لێم ورد دەبوونەوەو چاویان نەدەتروکاند وەك بڵێی هەر بەڕاستی تازە لە ئاسمانەوە دابەزیبم.. منیش بە نازی شاعیرێکەوە وتم:

"ئەستێرەکانم بەسەر دەکردەوە!"

"چییە.. کامەیان نەخۆش بوو؟"

بە حەسرەتێکەوە وتم: "نەك نەخۆش.. هەیانە مـردووەو کەس پێی نازانێت".

"ئەوەیان چۆن؟"

"چاك.. سەیرە.. بیرم لـەوە دەکـردەوە کـە تەمـەنی مـرۆڤ چەند کورتە لەچاو تەمەنی ئەستێرەکان، تەمەنی مـنو تـۆ هەناسەیەکیش نییە لە چاو تەمەنی کزۆڵەترین ئەستێرە".

ڕامامو تاوێك خامۆش بووم.. پاشان تێهەڵچوومەوە:

"گـەلێ ئەسـتێرە هـەن لـە سـەرەتای دروسـتبوونی هـەموو هەسـارەکانو تەقینـەوەی یەکـەمو پەیـدابوونی گـەردوون دروسـتبوون، کەچـی هێـشتا ڕۆشـناییان نەگەیـشتۆتە سـەر زەوی، گـەلێ ئەسـتێرەی دیکـەش هـەن کـە ملیۆنـەها سـاڵە مـــردوونو کوژاونەتـــەوە.. کەچـــی ئێـــستاکە ڕۆشـــنایی‌و تروسکەیان دەگاتە سەر زەوی‌و ئێمە دەیانبینین".

باوکی شوان زۆر دڵپاکانەو بە سادەیی خۆی وتی:

"ئێ.. کە ئەوە دەزانیت کوڕی خۆم فریاکەوە.. کە تەمـەن هەناسەیەکی حیز بێتو لـەناکاو بوەسـتێت چـیت داوە لـەو هەموو خەمو حەسرەتە.. ئەوەندەش سەر بـەرز مەکـەرەوە بۆ ئاسمان".

شوان ئەم ڕستە درێژەی باوکی قۆستەوەو وتی:

"باوکـە پـێم وتـووە عاقـڵ بـەو وەرەوە سـەر زەوی.. تـا ئێستاکە چەندین جار لەسەر ئەم سەرهەڵبڕینەی بۆ ئاسمان کەوتۆتە ناو قۆرتو کەنـدو لەنـدو زێرابـەوە" دایانـە قاقـاو

منـــیش خەنیمـــەوە، عەبـــە جگەرەیـــەکی ڕۆسمـــانی لـــە پاکەتەکەی دەرهێناو بە نەزاکەتەوە بۆمی ئاگردا..

زانی کە بیرە دەخۆمـەوە بـە هـەوای پیاوێکـەوە حـەزم لـە جگەرەکێشانە.. وەکی دیکە بێزارم لە هەموو ئەو شوێنانەی دووکەڵ بە با دەکەن. عەبە ـ ش دۆستانە لە چاوانم ڕاماو.. وتی:

"هەڵیدە دیسانەوە.. هەتا وەك ئەستێرە نەکوژاویتەتەوە.. لە چاوی ئەوانەی کە نرخی ئەو عەقڵەت دەزانن..!"

بـە خـەنینێکی غەمینـەوە وتم ـــ "مەگـەر تـۆو شـوان بیزانن.."

شوان حەزی بە بەزمو شـەڕە جنێو بـوو ـ "بۆچی ئێمـە کەمین نامەردە؟.."

باوکی نیگایەکی هەڕەشە ئامێزی بۆ کوڕەکەی نـاردو تێـی گەیاند کە پەت نەپچڕێنێ، من پێم وت:

"مـامی خـۆم.. وازی لێ بێنـە، کـە مەسـت بـوو مـن دەبمـە مـەزەی.. گـەر بەسـەر منـدا نەڕشـێتەوە.. خوانەکـە پـیس دەکات.." زۆر باوکانە وتی: "حەدی نییە..!"

عەبە کـە هەمیـشە حـەزی نـەدەکرد مـن لاڵ بمو نـەتوانم تۆڵـەی خـۆم لـە شـوان بکەمـەوە، فیکەیـەکی لێـداو کەوتـە چـەپڵە لێـدان، تاوێـك‌و بـیری کەوتـەوە کـە بـاوکی شـوان دانیشتووە هێور بۆوەو بە هەمان دڵگەرمییەوە وتی:

"لە خۆشی ئەم دەمکوتکردنەی شوان ئاوازێکت بـۆ دەژەنم خەمڕەوێن.. بۆ دڵە تەنیاکەی تۆ.. نەوایـەکی وایـە کـە دڵـە بەردینەکان دەکات بە ئاو..".

شوان ــ یش لە داخی عەبەو وەڵامەکەی من هەلێکی دۆزییەوەو دەستی بۆ گونی درێژ کرد، بەدزی باوکییەوە، ئێمە پێکەنین، بۆ ئەوەی باوکی نەزانێت ئەم خەنینە چی بوو.. بە شپرزەییەوە وتی:

"عەبە گن.. شمشاڵ ژەنی ئاخر زەمان منیش بخەرە بەرنامەکەتەوە.. شیعری تازەم پێیە.. خۆم نووسیومە.."

عەبە پرسی ــ "بۆ بەهار..؟" عەبە مەبەستی کچێك بوو..

بە لاقرتێوە وتی ـ "نا.. بۆ پایز..!"

خەیاڵێك دوور بردمیو لەناو شەبەنگی تریفەدا مەلەم دەکردو وەها چاوم لە مانگ بڕیبوو کە هەستم دەکرد دوو لەت دەبێتو هەر لەتەی دەکەوێتە ناو چاوێکم، تاوێك وامدەزانی گەر بە سۆزی شەوێکی عاشقانەوە بانگی بکەم واز لە ئاسمان دێنێو دێتە سەر لەپی دەستم، عەبەو شوان تاوتاو پێکیان لێکدەدا، لە هەوای خۆیان دابوونو منیان لەو گەمەی زرنگەی پیاڵەیە دەرکردبوو، گوایە من بێ حەزو دڵو عەشقم، تا دەهات کەللە کاسو گەرمتر دەبوون، چاوەکانیان ڕوونترو سوورتر.. پێڵووەکان داکەوتووتر، جاروبار سەریان لەبن گوێی یەکدی دەنا.. شوان پرسی:

"تۆ دەزانیت خەڵکی بۆ حەز دەکەن پێکەکانیان لە یەکدی بدەنو زرنگەی بێت"

"نەخێر.."

"باوکە پێی بڵێ چونکە تۆ فێرت کردووم خواردنەوە بێ زرنگانەوەی پیاڵە مانای تەواو ناکات.."
باوکی سەری نەخێر ـ ی لەقاند، ناچار شوان وتی:
"ڕەنگی هەر مەشروبێك لەوی دیکە جیاوازەو دیارە.. بۆنیشی هەیە.. تەنها دەنگ دەمێنێ کە لەڕێی بەیەکدادانی پێکەکان ڕەنگو بۆنو دەنگ تەواو دەبێ.. حاڵی بووی.؟"
لە قسەکەی ورد دەبوومەوەو هەموو شتێکی تازە، چەندە سادە بووایە، چکۆلەترین حەقیقەت، پەندێك، نوکتەیەك کە بۆ یەکەمجار گوێم لێ دەبێت بێ ئەندازە سەرسامم دەکات، ئەوساو ئێستاش، کە زانی خامۆشم وتی ـ "یاداشتی کە لە دەفتەرەکەی بەر باخەڵت.. بۆ ئەمشەو ئازا نابیتو عارەق ناخۆیتەوە؟"
سەرکزانەو بەترسەوە وتم:
"سەرم دەخاتە ژانو هەر جارێکیش کە بیرە دەخۆمەوە یەکەم ساتە وەختی شکانی ترسو شەرمو حەرامو ئازادی خۆم دەخاتەوە یاد..!"
بەیەکەوە وتیان "پێکێك لەبەر خاتری ئێمە"
سەری نەخێرم لەقاندو بێدەنگ بووم، شوان هارتر بوو.. لە ترسی باوکی، بە دزییەوەو لەژێر لێوەوە، جنێوی پێ دەدام.. لە داخانا وتی:
"ئازادیو حەرامو تەڕەماشی چی..؟ منو عەبە نەبووینایە ئێستاش لە مزگەوت قوونت لە حەوای دەکرد.. پەحا کە هەتیوێکی کەللەبەرانە.. باوکە ئەم هەتیوە شێتی

کردووین، بیرەیەكو جگەرەیەك وای لێدەکات هەست بکات فەتحی قەڵای خەیبەری کردووە.. نازانم چۆن دەنووسێت؟"

لەناکاو پیرەی قەساب بێدەنگی کردنو پێکەکەی بەرز کردەوەو نیگایەکی باوکانەو بەدەم شاردنەوەی ڕازێکەوە وتی:

"هەڵێدە.. کەواتە تۆش وەك من تۆبەکەت شکاندووە، من بە پیریو تۆ بە گەنجییەتی.. هەڵێدە.. تەنها خۆم تێت دەگەم، لە چاوی پیرو گەنجە ئازاکان.. لە چاوی عاشقە شێتو بێدەنگەکان، ئافەرین.. ئافەرین.. عیشق قسەی زۆرو چەنەبازی ناوێ، گەوهەرێکی شاراوەیە لەدڵدا، وەك ئەو گەوهەرەی وا لە قووڵاییو لە بنی بەحرەکان بزرە..!".

هەر چوارمان بەیەکەوە.. نۆش.. نۆش.. شەو پتر ڕادەشکاو جیهانی دەورو بەرمان جوانتر خۆی دەنواند، خوێن دادەکشایە قاچو قوولمو خێراتر تەوژمی کحوول دەگەیشتە کەللەمو کاسو مەیزەدەی دەکردم، قووڵ لەو پیرەپیاوە رادەمامو سەرسام بووم بە جورئەتو حیکمەتەکانی، نازانم بۆچی لەو ساتە وەختەدا (زۆربا)ی یۆنانیم بیر کەوتەوە، پیاوێك شێتی سەماو مەستیو ئافرەت، هەڵگەڕاوە لە دینو دونیا، پیاوێك ئەو ساتەوەختە دەژی کە بڕوای پێیەتی، بەر لەوەو دوای ئەوە ژیان مانایەکی نییە، هەرگیز بڕیار نادات، بەڵکو ئەسپاسوارێکەو نە بڕوای بە جڵەو هەیەو نە بە زین، خودی ئەسپە شێتەکە ژیان خۆیەتی، گرنگ نییە بۆ کوێی دەبات و

www.dengekan.com

سەرسم دەدات یان نا.. دەگلێو ملی دەشکێ یان دەگاتە مەنزڵگاو هەواری یاران، پیاوێك بێباك لە مەرگو پیریو ژیان، خۆی دەداتە دەست دڵی خۆی.. دڵوبەس.. ئاه.. بژی دڵێکی ئازا.. بژی.. ئەوە گەورەترینو جوانترین دروشمی ئەو پیاوە بوو، بێئەوەی بیڵێ.. دروشمێك کە کردەوەی ئازایانە بوارت نادات بیڵێی.. قووڵتر لێی ورد بوومەوە، چوار مشقی دانیشتبوو، ئەم لەو جۆرە پیاوانە بوو کە پێی شەرم بوو پاڵ بداتەوە.. دەیوت کە پاڵت دایەوە هیچ.. بنووی باشترە، بەو سەرە ڕووتاوەیەوە، بەو جلە سپیانەی بەرییەوە لە کاهینێکی بوودا ــ یی دەچوو، حەزم دەکرد تا زووە عەبەو شوان بێدەنگ بکەمو دەمیان بدوورم تاوەکو ئەو پیرە پیاوە قسان بکات، دەمزانی ئەم جۆرە زاتانە خۆیان پڕ بە ماناو ڕەنگەکانی ژیان خۆ دەنوێنن، سادەو ساکارو دڵپاك، بێ درۆو ڕیاو نقە نق، بێ دەمامك، دوور لە ئاڵۆزی قسەو ڕازو نیازی لێ هەڵدەقوڵێ وەك تەقینەوەی کانی، قاڵبووی دەست مەینەتیو ڕەنجبەری ڕۆژگار، جەنگ و کوشتار، بێ ڕووپۆشو دێوجامە دەدوێن.. ئەوانەی کە حەکایەتخوانو شایەرو لۆتیو قومارچیو راوچیو ئارەق خۆرو کۆنە سیاسیو دەروێشو خوداناسو شەیتان ناسو ژنو پیاوی دونیا دیتەن، کە سەیری دەمو لێوە شەهوانییەکەی ئەو پیرە قەسابەم دەکرد.. ڕەنگی ماچە حەرامەکانم بەلێوییەوە دەبینی، بە چاوە پڕ خومارو سوور هەڵگەڕاوو دەرپۆقیوەکانی دەمزانی چ مێژوویەکی هارو پڕ هەوەس ژیاوە، ئەوەندە بە هەوەسو شەهوەتەوە لە کچو ژنەکان

ڕامابوو، ساڵەهای ساڵ، کە مەحاڵ بوو بەو تەمەنە زۆرەوە بتوانێت ئەو هەواو هەوەسو مەیلە حەرامە لە چاوەکانیدا بشارێتەوە، بە جۆرێك کە سەیری ئێمەشی دەکرد، بێئاگا لە خۆی هەمان هەوەس لە چاوەکانیدا مەلەی دەکرد، لە هەردوو دەستە گەورۆنەکانی ورد دەبوومەوە کە بەقەد دوو گەڵای هەنجیر پانو گەورۆنە بوون، دوو دەستی هارو بزێو، پەنجەکانی.. دەمپرسی.. لە خۆمم دەپرسی: ئاخۆ ئەم دەستانە چەند دەرزیلەو سنجاقی سەر سینەی ترازاندووە.. لە کام بێستانی شەمامەی بۆندار.. شەمامی دزیوە، چەند پەچەو چوارشێوی لاداوە، چەند جاران بە ترسو لەزەتەوە لە تاریکی ژوورو کەلاوەکاندا لەرزیوەو لە حەرام گەڕاوە، دڕكو گوڵی چنیوە، دوو دەست کە ئەمڕۆکە هێشتا زیندوون، سەدەها ساڵی دیکە دەبن بە چەند ئێسقانێك.. هیچ نامێنێت.. هیچ.. نە بۆنی شەمامەو نە لەزەتی حەرامو نە تەزووی گەرمی سەر پەنجەکانو پێستی پاكو نەرمین.. ئەو دوو چاوەی عاشقانە لە جوانی دونیا ڕاماوە.. لە هەمووشی جوانتر ژن بووە.. کەچی ئەوەندە ناباو دەبن بە دوو چاڵی مارو مێرووولە.. نەمدەوێرا چیتر لەسەر ئەو خەیاڵە تاریكو جەهەننەمییە بەردەوام بم.. خۆم لەو ختوورە خەراپانە ڕاپسکاندو لەناکاو لێم پرسی:

"مامی خۆم.. چۆن بوو ئەمشەو بێ ترسو بیرکردنەوە تەوبەکەت شکاندو هاتیتە ناو کۆڕی خواردنەوە؟".

بە هەناسە هەڵکێشانێکی ساردەوە نیگای کردمو وتی:

"چـەند سـاڵێکی کەمـە وازم لـە خواردنــەوە هێنــابوو.. ئەمــشەو سـۆزێکی کـۆن لـە دڵمـدا دەکـوڵا.. مــن لەســەر قاڵدرمەکـە دانیــشتبووم کـە گـوێم لێبــوو باســی حــەزو دڵداریتان دەکرد.. پاشان ترسی بـۆ چییە.. مـن دڵنیـام کـە دەســووتێم، کـەمو زۆر..؟ نــازانم.. ئــەوەی مــن کردوومــە نـاوترێ.. هـی ئەوەیـە لـە ناوەڕاسـتی جەهەننـەمو لەتـەك شەیتاندا بمبەستنەوە، ئێستاش جاروبار نوێـژەکانم لـەکیس دەچنو قەڵاڵیان دەکەمەوە، مـن خـۆم بـاش دەناسـم.. قـەت ئەو پیاوە نیم بتوانم بـە یـەکجاری دەسـت لـە دونیـا بـشۆم، زۆر زەعـیفمو ملکەچـی لـەزەتم، زۆر گـوێم بـە حورمـەتو مورمەت نەداوە، لەبەردەم جوانیـدا ئـەژنۆم دەشـکێ، پیـاوی وەك منیش کەم نین، پیاو تـا گەنجـە، کەللەبـەرانو ملـهوڕە، تا ڕەپە.. دونیا دەخاتە سـەر دەعباکـەی، کـە دەمـاری سـست بوو ئەو دونیایە دەڕمێو دەبێ بە تـڕە کەڵـەك.. ئیـدی ڕوو لە قیامەت دەکات!"

خۆم پتر گێل کردو سـەیرێکی عەبـەو شـوان ـــ م کـرد کـە یانێ.. ها.. بێدەنگ بن.. لێم پرسی:

"بۆچی هەمیـشە سـستی دەمـار وا دەکـات پیـاو دەسـت لـە دونیا بشواتو ڕوو لە قیامە بکات؟".

کــەمێك جــووڵاو جێــی قــوونی خــۆی خــۆش کــردو.. حەکیمانە دەدوا:

"ئێوە خوێندەوارترن لە من.. بەڵام ئەوەندەی من بزانمو گوێم لە مەلاکان گرتبێ.. سیحرو نازو جوانی ((حـەوا)) لـە تەماعی بەهەشت گەورەتر بوو.. گەر وا نییە بـۆ ((ئـادەم))

بە گوێی کردو بەیەکەوە لەو درەختەیان خوارد کە خودا حەرامی کردبوو؟" لە وەڵامە سادەو هەم قووڵەکەی ئەو ورد بوومەوە، بیرم لە هێزو ئازایەتی حەوا دەکردەوە، لەو ڕۆحە نەبەردەی کە سەرکێشیو تامی ئازادی وای لێکردووە تامی میوەی حەرام بکاتو.. چش لە بەهەشت.. بیرم لە هەواو هەوەسو حەزی پیاو دەکردەوە کە بە هەموو تواناو هێزی خۆیەوە بەرگەی داواو نازو عیشوەی (حەوا)یەك ناگرێ، نازانم بۆچی وێنەی ئادەمو ئەو پیرە قەسابە لەلام تێکەڵ بوو.. هەمیشە گەڕان بەدوای باوەشی ژندا.. هەمیشە.. باوەشێك کە بۆنی بەهەشتی دۆڕاوی گرتووە، چاوەکانی کانیاوەکانی بەهەشتو قەدو قامەتی درەختەکانی بەهەشتو سەروپرچی لقو پۆپو گەڵاکانی، دەمو لێوی خونچە گوڵە دەگمەنەکانو پڕ بە سینەی میوەی حەرام، دەنگی خوڕەی جۆگەلەکانی شیرو شەرابو بۆنیشی بۆنی باخچەکانی جەننەت عەدەن، قریوەی چریکەی مەلە نەمرەکان.. خودا هاوار لەدەستە پاكو جوانەکانی کە بەقەد سۆزو میهری هەر هەموو فریشتەکانی ئاسمان میهرو جوانیو موحیبەت لەسەری پەنجەکانییەوە دەڕژێ.. هەمیشە گەڕان.. هەمیشە.. هەمیشە..

بەدەم قسەکانییەوە، بە خەمو قەهرو دۆڕانێکی گەورەوە، وەك ئەوەی کە پیریو تەمەنی درێژ دۆڕانی هەموو خەونو خۆشیو زیندەگی بێت، دەستی ڕاستەی کە پێکەکەی پێ بڵند کرد بەو نیازەی کە لە پێکەکەی من نزیکی بخاتەوەو

www.dengekan.com

به زرنگەی پەرداخەکان بانگی مەرگو نالەی پیری لە خۆی دوور بخاتەوە.. دەلەرزی.. دەستێك کە هێشتاو تا ئەو حەڵە بۆنی خوێنی حەیوانە سەربڕاوەکانی لێدەهات، بۆنی لەشی ئەو ژنانەی کە ئەمرۆکە ئەوانیش یان مردوون یان پیر بوون، ئەو دوو دەستە نەترسەی کە دەیەها ئافرەتی شەرمنو بە حەیا مردووی لە خەوو مەرگ وەئاگادار هێناوەتەوە.. بە تەماسی سیحربازانەی زیندوویانی کردۆتەوە، دوو دەستی خوێناوی.. بەڵام تا ئەوپەڕی شەیداییو نازکی: ناسك پەرست.. بە جۆرێك دەستی ڕاستەی دەلەرزی، لەرزینێك کە عارەقەکە بەدەستیدا برژێ، زۆر زوو فریاکەوتمو خێراو بەشەرمەوە پێکەکەم لە پێکەکەی هەڵدا تا لەوە پتر لێی نەڕژێت، دونیایەك شەرمم لە پیرەمێردێك کرد کە ئەگەرچی دەستەکانی دەلەرزن، کەچی بێباکەو لە ئاگری دۆزەخ ناترسێت، کە پێکەکەی دانا بەدەم لستنەوەی دەمو لێوی چرپاندی:

"ئەم دەست لەرزینەم هی خواردنەوەی زۆرە.. ڕۆڵەکەم نەکەی توخنی عارەق بکەویت هەرچەندە لای من شیری شێرە.. بەگوێی ئەم حەرامزادەیە مەکە.. با ددانەکانیشت بە ساغی بمێننەوە!".

شوان بۆ قۆشمە قسەکەی باوکی قۆستەوە:

"ئەوە چییە باوکە.. من حەرامزادەم.. کوڕی پیاوێکی ترمو نەمزانیوە؟"

ئێمە پێکەنین.. پیرەمێرد سوور هەڵگەڕاو، باوکانە، بەڵام بە هەوایەکی تێکەڵ لە توورەبوونو مەزاقەوە وتی:

"کوڕە گووت خوارد.. تۆ بۆ ئەوەندە زۆڵی؟"

شوان قۆشمەکەی خۆشتر کرد:

"جا زۆڵو حەرامزادە هەریەکن!"

پیرەمێرد نائومێدانە وتی:

"جا تۆ ئەوەندە بێشەرەفی.. شەیتان لێت ناباتەوە!"

شـوان کـەوتبووە هـەوای خـۆی، دەیزانـیو بـاوکی خـۆی دەناسی کە چەندە بە مەزاقو قۆشمـە زەوق پەیـدا دەکات.. وتی:

" هـەر کـێ بم..؟ کـوڕی تـۆمو میراتگـری مـاڵو خـوو.. وخدەت!"

شوانو عەبە ـ ش پێکیان هەڵدا تا سـەریان گـەرمتر بێـت، مـن هـەر کـە بـیرەی یەکـەمم تـەواو کـرد هـەردوو نـەرمایی گوێم گەرمتر بوون، دیسانەوە چاوم بڕییە گلۆپە دوورەکانی شار، هەزارەها سەربانی دوورو نزیـك، دارتـەلی تەلـەفزیۆنو سینی گەورەو چکۆلەی سـەتەلایتو کوللـەو پـەردەو چـیغی زۆر، تارمایی هەندێك لەو کچو ژنانەی بەر تریفـەی زیـوین کە بەدەم ڕاخستنی پێخەفەکانەوە، لێرەو لەوێ لە جووڵەی شیرین نەدەکـەوتن، بـاقو بریقـی ئاسمـانو زەوی سەرسـامی کــردم، شــەوباکە سەرخۆشــتری دەکــردین، لــەوە دەچــوو پیرەمێرد سۆزێکی گەرم وای لێکردبێت دلگەرمانەو بەپەلە پێکـەکان هەڵداو بیـەوێت ڕازێـك بـدرکێنێت، تاوێـك شـوان خامۆشی نێوانمانی شکاند.

www.dengekan.com

"باوکە خۆ ئەو هەتیوەی برادەرمان یەك دوو ساڵە فێری خواردنەوە بووەو بەتەنها بیرەش دەخواتەوە، گەرچی منو عەبە دەمێکە ئارەق دەخۆینەوە، کەچی چاومان شەش لەسەر شەشەو هیچمان ددانمان نەکەوتووە، کەچی ئەم چەندین ددانی کێشاوە، بێ چاویلکەش مەزمەعیلە، منو عەبە دەستمان نالەرزێ، کەچی ئەم مردوومراوە قسە لەگەڵ پیرەژنێك بکات دەبێ بە شەقشەقەو.. دەمی تەتەڵە دەکات!".

"ئاخر لە هەردووکتان بە شەرەفو حەیاو حورمەتترە.."

"ئای لە باوکم.. خۆت لای من سەد جار وتووتە پیاوی شەرمن شانەیەك دێنێو ژنی شەرمن شارێك دەهێنێ.. دەستو پەنجە لەرزین چ پەیوەندی بە شەرەفەوە هەیە؟"

بەر لەوەی پیرەی قەساب وەڵام بداتەوە پێم وت:

"خاڵە مەمۆ.. چاو کزیو ددان کەوتنم میراتەو لەدایكو باوکەوە بۆم ماوەتەوە.."

"تۆو باوکم پینەچی چاکن"

شوان وەك ئەوەی شتێکی بیر بکەوێتەوە، بە خۆشیو خەنینەوە هەڵیدایە:

"باوکم گاڵتەی بە حەزو حەزکاری ئەم سەردەمە دێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم عاشقە خامۆشە غیرەت بیگرێو کەمێك خوێنی پیاوەتی تێدا بگەڕێ، حەز دەکەم ئەمشەو باوکم چیرۆکی ددان کێشانو حەزی خۆی بۆ ئەو ژنە عەرەبە بۆ هەمووومان بگێڕێتەوە..!"

پیرەی قەساب دەستێکی بۆ تەپڵی سەرە ڕووتاوەکەی بردو بەسەری پەنجەکانی خوراندیو پاشان بە حەسرەتو ئاخێکەوە کە هەناسەی وەك تەمێکی خەست بە لوولەیەك لە دەمیەوە دەرهات وتی:

"ئاه.. لەو حەکایەتە.. برینم دەکولێتەوە.. برینی کۆنم.."

شوان ڕووی تێکردو وتی:

"بەکەڵکی تۆ دێت.. تا ئێستا حەکایەتی وا سەیرت نەبیستووە".

منیش وەك فەریکە نووسەرێك بەدوای بابەتێکدا بگەڕێت، مەراقم زۆری بۆ هێناو دەشمزانی پیرەی قەساب یەکێکە لە گەنجینەکانی حەکایەتو سەرگوزشتەی خۆشو پڕ لە هەواو هەوەس، دەشمزانی لەنێوان هاوڕێکانی شوان ــ دا چەندە منی لا پەسندەو خۆشمی دەوێ، مەستبوونیش بێ ئۆقرەو ناسکی کردبوو، بۆیە دەمزانی حەز لە درکاندنی رازێك دەکات، پتر تکام لێکرد:

"باوکی شوان.. گەر بابەتێکی خۆشە با گوێمان لێ بێت.. شەوەکەمان خۆشتر دەکەی".

"نەك هەر خۆشە.. ئەوپەڕی ملهوڕیو شێتی بوو، بە کورتو کرمانجی.. مەگەر تەنها منێکی کەللەبەران شتی وام لێ بوەشێتەوە.. ئاه کە ئاسان دڵم دەگۆڕاو خوێنی ئەسپێك لە دەمارەکانمدا دەگەڕا. هەر چوار وەرزەکە دەتوت نێرەکەری بەهارانم".

www.dengekan.com

مەراقی سەرگوزشتەکەی وای لێکردم بەپەلە پێکێکی دیکە بکەم، شوان هەڵیدایە:

"بە خۆشی باوکم کە ئەمشەو یەکەمجارە دەبیستم جنێو بە خۆی بدا.."

عەبەش لە من پەرۆشتر وتی:

"خاڵە مەمۆ.. نەیگێڕیتەوە.. ئەمشەو ناخەوین."

لەسەرخۆ دوا:

"لێتان ناشارمەوە.. عارەق زۆر درەنگ توانی ددانەکانی من دابرزێنێ.. هەر بە ملهوڕی خۆم کە هێشتا گەنج بووم ددانێکم دەرکێشا.. کاکیلە بوو دوای ئەوە هەروەك بلێی بەر لەعنەتێك کەوتبم.. ددانەکانم یەکەیەکە هەڵوەرین؟ ".

شوان لە باوکی هاتە پێشێ‌و جگەرەیەکی بۆ ئاگرداو لەبەردەمی ڕایگرت بەو نیازەی لێ وەربگرێت‌و هانی بدات حەکایەتی ددان کێشانەکەی بگێڕێتەوە، هەر بە حەواوە جگەرەکەی قۆستەوەو مژێکی قووڵی لێدا وەك ئەوەی بیەوێت ڕازێکی پەنهان لەناو هەناویدا بخنکێنێ، دووکەڵەکەی بەباکردو ڕۆشنایی سەردەم‌و چاوی بۆ تاوێك بزر بوو.. تاوێك‌و دووکەڵەکە ڕەوییەوە، بەدەم جگەرەکێشانەوە ئاخێکی هەڵکێشاو„ وتی:

"کاتی خۆی لەم شارەی ئێمە بەتەنها پێنج ــ شەش قەسابی لێبوو کە دوکانی هەبێت، ئەوانی دیکە کە زۆرتر بوون گۆشتیان لەسەر سەبەتە دەفرۆشت‌و لە ئێمەیان وەردەگرت، ئەو سەردەمە وەکو ئێستا نەبوو، تاك‌و تەرا ئافرەت بەسەر جادەکانەوە بوو، تەنها ژنە قەرەج‌و

ڕەوەنــدەکانو دەشــتەکییەکان، جاروبــار، بازاڕیــان ئــاوەدان دەکردەوە، ژنە قەرەجەکان هاواریان دەکرد.. دگـان.. دگـان.. دگــان.. جارجــاریش دەســتیان دەگرتــەوە.. سەرســەریو بێژمۆتەکان دەکەوتنە دوایان، ژنـە ڕەوەنـدەکانیش ماسـتو پـەنیرو ژاژیو فرۆیـان دەهـانی، لـە شـاخەکانەوە دەهـاتنو بۆنی کوێستانیان لەگـەڵ خۆیـان دەهـانی، ژنـە قەرەجـەکان ئەسمەرو چاوڕەش، ژنـە ڕەوەنـدەکانیش سـپیو نـەرم نـۆڵو چاوشــینو چــاوکاڵ، هــەموو برادەرەکــانم دەیــانوت ژنــە قـــەرەجو ڕەوەنـــدەکان دۆخـــین شـــل بـــوون.. ژنـــە دەشــتەکییەکانیش ماســتو شــیریان دەهــانی، بــەهارانیش کنگـرو کـاردوو.. تۆلەکـەو.. چـی گیـاو گـۆڵی بـەهاری هەیـە لەسەر شۆستەو ناو قەیسەری لەسەر بەرانپیلو عـەباکانیان کۆمەڵ کۆمـەڵ ڕیـز دەکـران، ژنـەکان زۆر سـەرکزو شـەرمن بــوون، بــەس کــێ دەیــوێرا، بــە چــاوی حەرامزادەییــەوە سـەیریان بکـات.. بڕواتـان بێـت شـاخی کامـە پیـاوی نێـرە دەیانشکاند، هەر هەموو نێرە ژنو بـەڵای خـودا بـوون، ژنـە شارستانەکان هەمیشە خۆیـان دەشـاردەوە، تـەنها بـۆ حـەمام کردن یان چوونە سـەر قـەبران.. یـان بـۆ کڕینـی پێویـستی مـاڵو ژنانــە دەهاتنــە دەرێو دەتـوت قەڵەڕەشـن، هەمیـشە لەژێر عەباو پەچە خۆیان ون دەکـرد.. هیـچمان نـەدەبینی، گــەر ئافرەتێــك هــەردوو دەســتی بــەڕووتی، یــان پاژنــەی هـەردوو پێـی دەربکەوتبایـە.. ئۆهـۆو جـەژنی هـەر هـەموو نێرەوزەکانی ئەو ناوە بوو، هەرچـی پیـاوی برسـیو نەوسـن

www.dengekan.com

هەبوون دڵیان دادەخورپـا، راسـتە لـە خـوا تـرس زۆر بـوون، بەڵام زۆربەمان بە جامێك ئـاو دەكەوتینـە مەلـەو تـا بڵێـی نەوسنو چڵێس بووین، هـەبوو بـۆ ژوانێـك حـەوت گونـدی دەبڕی، جاران بۆ ژوانـی ژنێـك یـان دۆسـتێك دەبـوو بەسـەر سەدەها پەرژینو دیوارو سەربانو تەڵەو فاقەدا باز بـدەیت، تا شەوی پەردە نەتدەزانی بووك چ ڕەنگـە، خـۆتو خـودات، دایكی زاواو خوشكەكانی لەگەڵ بووكێ دەچـوونە حـەمام تـا بـزانن بـەڕووتی عـەیبو عـاری گـەورەی نییـە، ئـیتر ئـەوان دەهاتنەوەو.. پێستی دەڵێی شەعادەیە.. سپی.. مێـوژ بخـوات لە گەردنییەوە دیارە،.. گۆشتنە.. ئەمما بێ عەیب.. كەمێك لاوازە.. بەڵام هەر كە بوو بە ژنت خێرو خۆشی لێت بینی.. پڕ دەبێتەوە، بـە سـەدەها زاواش شـەرمی دەكـردو گـوێی لـە هیچ نەدەگرت.. دەیەها بـرادەرم هـەبوو دەیـانوت. هەرچـی بێ.. ژنە.. چنگێك قژ بەسەرییەوە بێ.. تەواوە.."

ئێمـە هەرسـێكمان بـەدەم دەم داپـچڕینەوە دامانـە قاقـای پێكەنینو بەپشتدا وەردەگـەڕاین.. پێكـەكان بەدەسـتمانەوە دەڕژان، لـە شـەرمی شـەو خـەوتنی خـەڵكی سـەربانە دوورو نزیكـەكان دەسـتمان دەخـستنە سـەر دەمـی یەكـدی.. پـیرەی قەساب.. دڵگەرمانە وتی:

"لە سوعبەت دەرچێ.. جار هەبووە لەبری بووكێ خوشكە گەورەكـەی دەقـەبێلی زاوا كـراوەو هـەر نەشـیزانیوە، چـۆن بـووك بـە بـووكی دیكـە گـۆڕاوە، زاواش بـە زاوا گـۆڕاوە.. برادەرێكمان زۆر عاقڵو قۆز بوو.. توانی لەجیاتی دوو برای خـۆی، یـەكێكیان لاڵەپتـەو ئـەوی دیكـەیان چـاوێكی كـوێر

بوو.. بچێتە خوازبێنیو ژنیان بۆ بخوازێت.. گێچەڵو شەڕی لێ پەیدا دەبوو.. بەڵام دوا جار بە سوڵح کۆتایی دەهات.. جار هەبوو بە تەڵاق.. من بۆ خۆم کە ژنم هێنا تاقانەی دایکم بووم، تازە سمێڵم گووکرە بوو، دایکم بەدزییەوە لە بووکێك دەگەڕاو چوارشەممان دەچووە حەمام.. ڕۆژێك کەیفخۆشو دەم بە خەندە پێی وتم.. تەواو مەمۆ.. هەفتەیەکی دیکە بووکت لەپاڵە.. کچە نە گاڵتە، خاڵ چییە بەسەر بەدەنییەوە نییە.. کوڕەکەم.. سپی دەڵێی پیفۆکە، من بە حەیاو شەرمەوە سەرم داگرتو هیچم نەوت.. واتا ڕازیم.. ئەو ژنەم زوو بەسەر منداڵەوە مرد.. ئیتر دوای ئەو ژنە من بووم بە ئەسپی بێ لغاو.. ببووم بە گەندەخۆر.. شەرمو شکۆم نەمابوو.. ئەوسا دوکانی خۆم نەبوو.. هێشتا شاگردە قەساب بووم.. بە شەرەف ئێوە بە ناموسن.. گەلێکم پێ سەیرە.. ئەمڕۆکە دەبینم کچانو ژنان نیوە ڕووتنو ئێوەش سەلارو سەنگین سەیریان دەکەن.. سەیرە پڕیان نادەنێ.. خوا فرسەتتان بدات، جاران ئافرەت قولە پێی دەربکەوتبایە.. ئێمە.. ئەعوزوبیللا.. بە شەرەف ئێوە مانان بەشەرمو شکۆن، زەمانی ئێمە ئەم بەزمە هەبووایە.. ئەم هەموو ژنو کچە نیوە ڕووتە بە وەڵڵا وشکمان دەکرد، کاکە قورسە.. زەلامم دەوێ خۆی ڕابگرێ، من هەر بەنیازی خرۆشاندنی سۆزو یادەوەری دێرینی پێم وت:

www.dengekan.com

"خاڵە مەمۆ.. جار جارە بەدەم قسە خۆشەکانتەوە با هەڵیدەین.. نۆش.."

وتی:

"با تامی تووتنەکە لە دەممدا نەگۆڕێ.. ئێوە نۆشی بکەن.. جارێ.."

"کەواتە بفەرموو حەکایەتەکەت تەواوکە.. لەوە دەچێ بەسەرهاتێکی خۆش بێ.."

"زۆر عەنتیکەشە.. مەگەر کەسێکی وەك ئەوسای من شتی وا قۆڕو شێتانەی لێ بوەشێتەوە، بڕوا بکەن ملهوڕو کەللەبەرانی وەك خۆم لەم شارەدا نەبوو، رۆژو شەو من نیوە مەست بووم، دونیا بەگونم، کە گەنج بووم پارەو پوولم بۆ خواردنو خواردنەوە بوو.. کەیفو سەفا.. دەمەو بەهاران لە دەوروبەری شارو لەسەر هەورازو نشێوەکاندا قەرەج دەواریان هەڵدەدا، من تەماعم لەو ژنە چڵکنو ڕەش داگەڕاوانە هەبوو.. هەمیشە دوو دوو.. سێ سێ دەهاتنە لامو تەماعی گۆشتی بەلاشیان هەبوو.. چاوپانو مەکرباز، بۆدرنێکیان لێدەهات.. بۆنێك کە بەتەنها لە مەڕو بزنەکان دەهات.. بۆنێکی هارو هەوەس بزوێن.. شێتی دەکردم، نەدەڕۆیشتن تا گۆشتیان لەمن نەسەندبایە.. ئاخر ناچار بووم.. من بە تەماعی گۆشتێکی دیکە گۆشتی نەرمکم دەدانێ، پتر شێتی گۆشتی بزنو تەگە بوون، ئەو ژنە قەرەجانە بۆ خۆشیان لە توخمی بزن بوونو هارو ڕەشو برشو ئازاو... هەر هەمان بۆنی بزنیان لێدەهات، گۆشتم دەدانێو چاوم لێدادەگرتن، ئەوانیش بەدەم قریوەو

خەنینەوە، چاویان نـز دەکـردەوەو بـەدەم نـازو ئاوڕدانـەوەو قسە فڕێ دانەوە جێیان دەهێشتم.. یانێ ها دێینـەوە.. ژنـە ڕەوەنـدەکان.. باوکـە ڕۆکـە کـە نـازدار بـوون، هیلاکیـان دەکـردم.. بـۆنی گیـاوو گـوڵی کوێـستانیان لێـدەهات، بـۆنی ژاژی‌و پـەنیری نێـو پێـستە.. هـەر شـتێك‌و کەسـێك بـۆنی مـەڕوبزنی لێهاتبـا مـن لـەزەتم لێـدەکرد، دەزانـی پیـاوان تـوخمێکی درۆزنـن، زۆر حـەزیان لـە فـشەو خۆپفدانـە، هەمیـشە زیـاتری پێـوە دەنـێن لـەوەی کـە کردوویانـە، هەڵخەڵەتاندنی ئەو ژنە قـەرەچ‌و ڕەوەندانـە ئاسـان نـەبوو. هـەرگیز.. ئـەوان دەیـانی وەکـو منیـان فریـودەداو لـەو سـەر مایـەپووچ‌و دەسـت بـەتاڵ دەمایـنـەوە، لـەو هـەموو سـاڵانە توانیم ژنە قەرەجێك فریو بـدەم‌و بەیانییـەکی زۆر زووش، تاریـك‌و ڕوون، بـە پەلـەو بـە ترسـەوە دەسـت لـە سـینەو بـەرۆکی ژنـە ڕەوەنـدێك وەربـدەم.. عەبـە وتـی: "کوڕینـە تووخـوا ئێمـەش زەلامـین؟ ئـەو هـەموو شـیعرو فرمێـسك‌و کۆڵانەو کۆڵانە.. لەو سەر دەست لە گونان درێژتر.."

شوان هەڵیدایە:

"من سـکم عـەمباری کـەس نییـە.. کـە دوایـی تـەواو مـڕو مەسـت بـووم.. دەچـمە خـوارێ‌و ئـەم قـسانە بـۆ دایکـم دەگێڕمەوە.."

"تڕحێـو.. بـەخوا کـەرە.. مـن بـە گەنجییـەتی لـەدایکت نەدەترسام.. ئێستاکە ئەوەندەی چنگێکی لێ ماوەتەوە.. لێـی بترسم.. هەر هەمووی دەزانێ.. کە لە دەرگای حەوشـەکەوە

دەهاتمە ژوورێو پێدەکەنیم دەیزانی.. لای دایکت گرنگ ئەوە بوو بە سەلامەتی بگەمەوە ماڵێو مرومۆچ نەبم..".

من پەلەم بوو گوێم لەسەرگوزشتەکەی بێت، بۆیە دەستم خستە سەر دەمی شوان.

"لێتان ناشارمەوە دەتوت ئەسپم، رۆژ تا ئێوارە لە حیلە حیل نەدەکەوتم، سمێڵ سۆسنەیی، دوو ئەبرۆی پڕو پەیوەست، خورتو خوێن گەرم، شاهنشام بە سەپانی خۆم نەدەزانی، لەچاو دۆستانی دیکەم ئافرەتەکان پتر دەهاتنە لای من، هەمیشە گۆشتی من هەرزانترو جوانتر بوو، دوو سێ کوتی زیادو چەند پارچە ئێسقانێکی زیاترم دەخستە ناو تەرازووەکە، سووکە قازانجێکم بەس بوو، دەمو لەبزێکی شیرینو بێحەد دڵو دەروونیانم ڕادەگرت، ئاخر ژن مەخلوقێکی گەلەك سەیرەو بەگوێ دونیا دەبینێ، نەك بە چاو.. پیاو وا نییە.. گوێی تەپە.. تەنها دوو چاوی زەقەو هیچی تر.. من ئەوەندە حەرامزادەو چاو تیژ بووم کە لەو دیو پەچەکانەوە لە باقو بریقی چاوەکانیان ڕادەمامو تاس دەیبردمەوە، لە ڕووخسارو ئاکاری وردی ئەو ژنانە رادەمام، باوکەڕۆ کە ژن مەخلوقێکی جوانو گوناهە، هیچی لە پیاو ناچێ، لەو سەردەمەی کە من لاو بووم ئافرەت زۆر دەترساو لە سێبەری خۆی سڵی دەکردەوە، پیاوانی ملهوڕو کەللەشەقو نەوسن زۆر بوون، زۆر کەم لە ئێمە هەبوو کە تاقەتی ئەوەیان هەبێ دوو قسەی جوان لەتەك کچو ژنو خوشكو دایکانیان بکەن، پیاو کەڕوڵاڵە.. بەکەڵکی قسان نایە.. دەم داخات چاکترە، من وا نەبووم.. قسەزانو لە

خشتەبەر بووم.. زمان لووس.. بەدڵی ژنان قسەم دەکرد.. بەڵام لە دڵیشەوە قسانم دەکرد، هەر بۆ هەواو هەوەس نەبوو، سوبحانەڵلا.. من قەت بیرم نایە ژنێکی ناشیرینم دیبێ، هەر هەمووان لەلام پەریزادە بوون، لای برادەرەکانم خۆشەویست نەبوومو بەغیلیشیان پێدەبردم، دەشمزانی لەپاش ملە پێم دەڵێن ژنانی، ئەوەیان هی دەغەزاریو باوو بژی سکیان بوو، ئەوەی دڵم بیخواستبایە.. بە هەرزانتر پێم دەفرۆشت، هەر پێم عەیب بوو گۆشتەکە بخەمە سەر تەرازوو، هەر لە گۆترە دەمبەخشی، زۆر جاران هەر بەلاش گۆشتم دەدا ئەمو ئەو، ئەوە کە گەنج بووم، بەڵام کە تەمەنم هەڵکشاو پیر بووم، ئیدی پێچەوانە کەوتەوە، حیسابم بۆ پیرەژنەکانیش دەکرد.. هیچ بەرامبەرێکیشم لێ نەدەویستن، کەچی ئەوسا.. تائهوو.. پێم بکرایە گۆشتم لە ڕانو بەلەكو قۆڵی خۆم دەکردەوە، هەر بەوە باشە کە گۆشتی بنیادەم ناخورێت، دەنا گۆشت بە لەشمەوە نەدەما، بەس با قسەیەك بۆ خۆمو خواش بکەم، بڕوام پێبکەنو با نەبێ بە خۆهەڵکێشان، ئەوەندە چوارشانەو قۆز بووم نەبێتەوە، دەتوت دوو پیاوم لە یەك دراوم، کە قەفی سمێڵانم لێ بادەداو چەورم دەکرد تا بریسکەی بێت، جارو بار هەردوو کلکە سمێڵم لێ قیت دەکردەوە، کە ڕامدەکێشان تا پەنا گوێم دەهاتن، منداڵو مەزن لێم دەترسانو ژنان شەیدام دەبوون، کە شەڕواڵو مرادخانیم لەبەردەکردو جاروبار مشکیو جەمەدانیم تێکەڵ دەکرد خوشکی خۆم

حەیرانم دەبوو.. ژنانی بە حەیاو حورمەت گەلێك زۆر بوون، بەڵام لەناو ئەوانیشدا هەبوو بەندی دڵی بۆ من پچڕا بوو.. بەڵام شەرمو حورمەتی باوكو براومێرد لێ نەدەگەڕا.. خۆشم دەمزانی هەموو باخێك هی ئەوە نییە بچێتە ناوی‌و دەست بۆ مێوەجاتەكەی ببەیت، گەییوو نەگەییوی لێ بخۆیت..

تێدەگەن چ دەڵێم؟" هەمووومان وتمان.. زۆرباش..

پێكەكەی بۆ دەمی برد وەك ئەوەی ماچی لێوی شۆخێك بكات.. نەك بخواتەوە، هەمیشە لە ماچكردنی لێوی پیاڵە دەچوو، لێوی نازدارێك.. نەك خواردنەوە، بێ ئەندازە لەزەتی لە شتەكان دەكردو بۆ تام دەیخواردو دەیخواردەوە.. نەك بۆ خۆمەستكردن‌و چڵێسی، لە ساتەوەختێكدا بیرم لەوە كردەوە كە ئەو پیرە قەسابە بۆ تامێكی جیاوازو شاراوە كەوتۆتە دوای ئافرەتەكان، تامێك كە زۆر زەحمەتە بیگەتێ..

پێكەكەی داناو تێهەڵچۆوە:

"ناسك ناسك.. بە چرپەوەو لەژێر پێچەو نیقابەكانیانەوە دەیاندەواندم، هەبوو بەدەم دەست لەرزینەوە چاوی تێدەبڕیم‌و گۆشتەكەی لێ وەردەگرتم، كە عەباكەی دەكردەوە دەرگای باخی بەهەشت دەكرایەوە لەمن، شپرزەو خانمانە جزدانی پارەكەی دەكردەوەو حیسابی پارەكەی لێ تێكدەچوو.. من جوامێرانە بۆم ڕاست دەكردەوە، هەمیشە شتێكم بۆ ئەو خانمانە دەگێڕایەوە، ئەوانیش شوكرانە بژێر دەبوون.. تف لەپارە.. هیچ نییە.. چڵكی دەستە.. بۆن‌و

بەرامــەی ســینەو مــەمکیان کــاسو وڕی دەکــردم، بــۆنی گیابەندی بەر باخەڵو مێخەکبەندەکانیان، ئاخر لەو بازاڕە پڕ لە پیاوەو لەو شارە خامۆشو بێ کەیفو سەفایەی ئێمـە چــی هــەبوو دڵمــانی پێخــۆش بکــەین؟ کــە عــەباکانیان دادەخستەوە.. لـە بـۆنی خۆشـی گیابەنـدو حێـڵو مێخەكو ئارەقـەی سـینەو بەرمـەمکانیان دادەبـڕامو دەگەڕامـەوە نـاو بـۆنی پێـستەو خـوێنو گۆشـتو قـشپڵو ریـخو.. چـەقۆ بەدەسـتمەوە دەلـەرزی، ئارەزوویـەك لـە خوێنمـدا گـڕی دەگرت، لە حەژمەتو ڕقانا کەلاشی حەیوانەکانم بە چەقۆ دادەپاچـیو لەسـەر کۆتـەرە دارەکـە بـە چەپەچـاغ ئێسقانەکانم وردو خاش دەکرد، وەها بە زەبرو توند تا هەر هەموو ئازای جەستەم دەکەوتە سەر ئـاوو ئارەقـە، سـەراپای جەسـتەم، لـە پێمـەوە تـا کـونی چـاوم، پەڵـە خـوێنو کوتـە گۆشت بوو، نەدەوەستام تا ئافرەتێکی دیکە دەهاتو فێنکـی دەکردمەوە، پیاوان درۆزنن.. کاممان خۆی بە نێرو بێبـاك دەزانێ چاوەڕێی چرپەی خۆشی ژنێکە، وەك ئەوەی پیاو لە گەرمای هاویندا سووتابێت چاوەڕێی سروەو شنەی شەماڵێك بـێ، لـە تینوێتیـدا بخنکێیـتو کەچـی جامـە ئاوێـك فریـات بکەوێ، ڕاست دەکەم بۆ پێدەکـەنن.. حەرامزادەینـە.. چاك دەزانن چ دەڵێم، ئەوسا من لە هـەواو کـەیفی خۆمـدا بـووم، خەیاڵم خۆشو سەرمەسـتو حـەیران، ئەوسـا وام مەزەنـدە دەکـرد بـەو چـاوە زەردو زەقو مەسـتانەی خـۆم لـە هـەر ئافرەتێکم بڕوانیایە، ئەو شەوە خەونی خۆشو حەرامی بە

منــەوە دەبینــی، خــۆ وەك ئەمرۆکــە نــەبووم، مەگــەر لــە ژوورەکەی شوان رەسمەکەی منتـان نـەدیوە؟ لـەو رەسمەیـدا تازە تۆغیانم بوو.. لەسەروبەندی ژنهێناندا بـووم، قـەت بـێ دۆسـت نـەبووم، دۆسـت هـەبوو شـادو شـوکر دەبـووم کـە دەمبینــی دۆســتیش هــەبوو.. نــەخێر تــەماعم لێــی تێــر نەدەبوو.. دۆستیش خۆ هەر ئەوە نییە بە کامی دڵـێ خـۆت بیگـەیتێ، ئەوسـاش خـەڵکی پـتر لـە یەکـدی دەترسـاو هـەم شەرمو حەیاش زۆر بوو، بەڵام ئیدی ئێـرە ببـووە شـار، لـەو هـەموو ئافرەتانـەی دەهاتنـە لام هەوەسـبازو دۆخـین شـلی تێدەکەوت، ژوانیش چ لەگەڵ کچانو چ لەگەڵ ژنان بووایـە، لــەوێ رۆژێ، وەك ئــەوە وابــوو مــل لــە چــەقۆ بــسوویت، مەسەلەکەش هەر ئەوە نـەبوو گۆشـتی هـەرزان یـان بـەلاش دەبەخشمەوە، بەڵام لەوە دەچوو دیمەنی چـەتەوڵێکی وەکو من کە خوێنی گایەك لە دەمارەکانما بوو، بەخۆو بە چەقۆو چەپەچاغەوە، دەست گەورۆنـەو مەچـەكو قـۆڵ ئەسـتوور، بـەهێزو شـەنگ.. کـە چـەقۆم دەوەشـاند گۆشـتو ئێـسقانم بەیەکەوە لەت دەکرد، سووکێ پێیان دەوتم ـ ئاگات لە خۆت بێ.. دەستی خۆت نەبڕی!"

من بێبـاکتر چـەقۆم دەوەشـاندو رۆژ نـەبوو خـۆم برینـدار نەکـەم، هەمیـشە سەوداسـەر بـوومو خـوێنی مـنو مـەڕو بزنـــەکان تێکـــەڵ دەبـــوو، جـــەژنان، جـــەژنی مـــن بـــوو، ژمارەیەکی زۆرتر دەوریان دەدام، مەگـەر خـوا بـەر بـەزەیی خۆیم بخات، دەنا بایی ئەوەندەم کردووە کە لەگەڵ شـەیتان بەیەك زنجیر بمبەستنەوە، بەخودا لەسەر راوەژن دارکاریش

کـراوەو کۆڵانــەو کـۆڵان.. ســەربانەو ســەربان هــەڵیانبڕیوم.. بەربووەمەتەوەو سەرانگرێ بووەو دەستو قاچیـشم شـکاوەو لــەجێ چــوون، جــاری وا هاتۆتــە ســەر ئــەوەی بمکــوژن، ئێوارەیەکی هاوین بە کۆلانێکدا رابـوردمو پـڕ بـوو لـە ژن.. وەهــا پــڕ کــە خــەریکبوو ســاتمەیان لێ بکــەم، ســێ ســێو چوارچـوار لەبــەر دەرگــا دانیــشتبوونو ســەرگەرمی قــسەو گوڵەبــەڕۆژە قرتانــدن بــوون، گــوێم لــە یــەکێکیان بــوو بــە حەسرەتو تەماعێکەوە.. بـە چـرپەوە بـە ژنـەکانی دیکـەی وت: وەیش کە لێی دێ.. نیگایەکم کردو خەنیمەوە، ئەویش خەنییــەوە، زانــیم بــە ڕانـکو چۆغەکەمو بـەخۆم سەرسـام بووە، دەستنیشانی ماڵەکەم کـردو شـەو سـەربانەو سـەربانو خۆهەڵواسین بە دار ئەلەتریكو هەلگەڕان بـە درەختـەکانی نــاو کــۆڵان، دزاو دز.. چــەندین حەوشــەو ســەربانم بــڕی، زۆربەی پیاوانو ژنـان لەسـەربان دەخـەوتن، بـۆ بەدبـەختی مانگەشەو بوو.. رێك چوومە سەربانی ماڵەکەو لەو ئافرەتە دەگەڕام.. نەمدەزانی کچە یان مێردی هەیـە، زەحمـەت بـوو بەو ترسو دڵەلەرزەوە ئەو خانمە بناسمەوە کـە ئـەو پـلارە شـیرینەی تێگرتبـووم.. سـەرێکەو تـازە هێناومـە، لـە ترسـی مێـشوولەو پێـشکە ژنـەکانو پیاوەکـان چوارشـێوو چـارۆگەو پۆپەشمینو جامانەیان خـستبووە سـەر دەمو چـاویان، مـن.. منی کەللەبەران پۆپەشمینێکم لەسەر ڕووخساری یەکێکیان وەلادا، پیرەژنێـك، خەوسـووكو دەم بـە هـاوار قریـشکاندی، هەر ئەوەندە فریاکەوتم لەسەربانەکەوە خۆم هەڵدەمـە نـاو

کەلاوەیـەکی پـشت خانووەکـە کـە هـەر هـەمووی پارچـە تەنەکە بوو، توومەز خاوەن ماڵەکە تەنەکەچی بوو، لە سەد لاوە بریندار بوومو ڕانکو چۆغەکەم هەڵتڵیشا، دەتوت تـازە لە قەسابخانە هاتوومەتەوە، پارچە تەنەکەکان لـە دەمـەتیغ تیژتر بوون.. گوێم لە شـەقژنی دەمانـچەو تەپەتـەپی پێـی دەیەها پیاو بوو کە ڕاوەدوویـان دەنـام، خۆیـشم نـازانم بـەو نیوەشەوە چۆن دەربازبوومو گەیشتمەوە ماڵەوە، ئەو شـەوە مەرگم بە چاوی خۆم بینی.. هەر واز بێنن.. من سەد ئیشی وا قـۆڕم کـردووەو گـەلێك سـەراوو دەراوم بینیـوە.. مەگـەر هەر خۆم بیزانمو هی وتن نین..!"

شوان قسەکەی بە باوکی بڕی:

"نەهاتیتەوە سەر مەسەلەی ددان کێشانەکەت؟"

بە نەرمە تووڕەبوونێکەوە وتی:

"بەخوا بێ عەقڵە ئەو هەتیوە.. ئەی نابێ لە سەرچاوەوە حەکایەتەکە بهێنمەوە؟"

پێکەکەم هەڵداو تەنها دەمم پێ تەڕ کرد تا مەست نەبمو لەزەتی گێڕانەوەکەم لێ تێکبدات.. پێم وت:

"وازی لێ بێنە با بە کەیفی خۆی بکات!"

"ئاخر وا بڕوا نە من فریای شیعر خوێندنەوە دەکەمو نە عەبە ـ ش دەست دەبا بۆ شمشاڵەکەی.."

بێباك و لەسەر خۆ بێئەوەی گوێ بداتـە قـسەی کوڕەکـەی تێهەڵچۆوە وەك ئەوەی تەنیا خۆی بدوێنێ:

"لـەژێر دە پــەردەو عــەباو پێــچە بووایــە ئافرەتــەکانم دەناسییەوە، یەکـە یەکـە ناوەکانیـانم دەزانـی، هـەر نـووزەی

لێوە هاتبا.. دەمزانی کێیە.. هەر بەتەنها ڕێ ڕۆیشتن‌و لارو لەنجەیەیەکەوە فاتم ـ م لە مریەم جیا دەکردەوە، حەبێ ـ م لە ڕابی جیا دەکردەوە، هەر بە هەناسە.. قەدو بالا، هەندێکیان پێچەکانیان تەنك بوون، چاوە گەشەکانیان دەتوت گڵۆپن، وەك چاوی ئاسك‌و سمۆران دەبریسکانەوە، ئەستێرەی ئاسمانانی چی، هەندێکیان بە هەناسە بڕکێ‌و لە قورگەوە قسەیان دەکرد، هەبوو دەنگی بڵندو کەرخ بوو.. هەبوو.. چپە دوو.. دەبوو زۆر نزیك کەومەوە تا بزانم چ گەوهەرێك لە زاری دەکەوێ، هەندێکیان بە لووت دەدوان، ئا پێمەکەنن.. ئافرەتی وا هەیە بە لووت قسان دەکات، هەندێکیان بە مەکرو نازەوە وا دەکەن، هەندێکیش هەر خودا وای خەڵق کردوون، ئافرەت هەیە هەر خۆی منگنەو بە گنەگنێکی خۆش‌و شیرینەوە دەدوێ، ئەو کەم ژمارە لە کچو ژنە منگنانەی من دەمناسین هەوڵم دەدا بە هەرزان یان هەر بەلاش گۆشتیان بدەمێ، ئافرەتی بە گنەگن دەیکوشتم، زرنگەیەك لە دەنگیان شێتم دەکات، دەنگێکە هەم کزۆڵەو غەمبارە خاوەنەکەی.. هەم پڕ هەوەس‌و ئارەزووە، کاکە زەنگوڵەی چی‌و قوڵەقوڵی ئاوی شەربەی چی‌و نەوای شمشاڵی شمشاڵ ژەنێکی عاشقی ناگاتێ، هەمیشە سەدای ئەو دەنگانە، دەنگی کەرخ‌و پڕی ئەو ژنە منگنانە لە گوێمدا تا ئەمڕۆکەش دەزرنگێتەوە، هیچ مەل‌و فڕەندەیەکی ئاسمانان بەقەد ژنێکی منگن لای من دەنگی خۆش نییە، بێ چارەو شەیدا.. هۆش‌و گۆشم نەمابوو،

ئەوەنــدە هەوەســباز بــووم جیــاوازیم نــەدەکرد، ژنو کــچو قەیرەو بێوەژن.. هەر هەموویان عەزیز بوون لام ..مـن پـتر لە خەمی قەیرەو بێوەژنەکاندا بووم، جوانو ناشیرین، کـەی لەناو توخمی ژنان ناشـرینی تێدایـە، پیـاو بڵێـی ئـا.. مـانگی دوو سێ دەرپێم دەدڕاند، کەم شـەو هـەبوو شـەیتانی نـەبم، عــەیب نەبووایــە وەك نێرەکــەری بــەهاران بەســەر ڕێگــاو بانەکانــەوە دەزەڕیــم، مەگــەر خــوا ئــەگینا لەگــەڵ کــافرو فەرمەسۆنەکان حەشـرم دەکرێـت، قـەت نیـاز خـەراپی وەك خـۆم نـەبوو، بـەیانیان دەشیـشی محمـدی گۆشـتو جـەرگم دەخـوارد، ئـەوە نەبووایـە سـەروپێ.. یـان تەشـریبی پـڕ لـە نەرمە گۆشـت، بەیـەك دەسـت کەلەشـە مـەڕێکم دەکـرد بـە قـەنارەوە، هـەر مەپرسـن.. زەنـدەی دەسـتم بەقـەد رانـی هەریــەکێك لــە ئێــوە دەبــوو، بــاوکم پیــاوێکی دەشــتەکیو لەخواترس بوو، زوو زوو دەیوت:

"ڕۆڵە.. مەمۆ.. هـەتا زووە بـا ژنێکـت بـۆ بێـنم.. بـا هـەتا نەمردووم.. منداڵەکانت ببینم..!"

کەمو زۆر گومانی لێدەکردم، جاروبار ژنی خاوێنو باوێنم دەبردەوە ماڵێ یا شڕۆڵو چارە ڕەش.. بـەدایکم دەوت: ئـەم ژنە لێقەوماوە نـانێکی بـدەنێ.. بـە باوکیـشم دەوت: هێـشتا زووە بـۆ ژنهێنـان.. درۆشـم دەکـرد، چـاوم بـۆ مایینـە ژنێـك دەگێــڕا، لــەوە دەترســام کــچێکی کورتەبنــەو لاق بــاریکم دەقەبێڵی بکەن، ئاخر منێکی خورتو خوڵق نێرەکەری دڵم بـەو جـۆرە ئافرەتانـە ئـاوی نـەدەخواردەوە، شـێتی ئـافرەتی کەڵەگەت بووم.. لەندەهۆر.. و سینە پانو مەمك پڕ، ئـاخر

ئەسپێکی وەك منو مشکە ژنێکیان نەوتبوو، ئیبلیسی وك خۆم نەبوو، چاك دەمزانی کامە ژن لە مێردەکەی تێرەو کامەیان برسی، کەمتر خووم دەدایە کچان.. پێشم گوناە بوو، منالکارو جیقنیش بوون.. بۆ من گۆشتیان نەدەخورا، نەشمدەزانی چییان لێ بکەم، لای من هی ئەوە بوون مەمکە مژەیان بدەمێ، ئەو سەردەمە کەمیش دەهاتنە دەرێ، ژنەکان ئازادتر بوون، لە زمانیان دەگەیشتم، دەمزانی هەر ژنەو چی دەوێت: لە دەنگی، لە نیگای پشت پەچەکەیەوە، لە رازو نیازی دڵی دەگەیشتم، لە هەواو هەوەسی کوژراوی، لە دەستو پەنجەی لەرزۆکی کە گۆشتەکەی لێ وەردەگرتم، لە هاتنو لە رۆیشتنی، لە ترسو شەرمی.. دڵەکوتێ.. لە ساتمەی لەناکاوی.. لە گەمەکردن بە عەباکەی، ژنێك گەر ئارەزوومەندی من بووایە، شێواوو شپرزە، بەجۆرێك عەباکەی لە خۆیەوە وەردەپێچا کە دامێنی کراسیو قولەپێو گۆزینگی دەردەکەوت، خلخاڵەکەی دەردەخست، یان بە بیانووی تینوێتی داوای جامێك ئاوی سازگاری لێدەکردمو پەچەکەی کەمێك لادەبردو وەك کارمامزێکی پێکراوو ترسنۆك، بەدەم ئاورێکی زۆر شەرمنانەوە دەمو لێوی لە جامەکە نزیك دەکردەوە، ئیتر ئەم دەمو لێوە سوور هەڵگەڕاوە هەردوو ئەژنۆی دەشکاندم، من حەزم دەکرد خوێنی من فڕ بکات، هەیانبوو وەك مانگای بەکەڵ هاتوو هەردوو چاوەکانی سوور هەڵدەگەڕان، ئەوەندەی تر.. ئەو جۆرە خانمانە منگنتر دەبوون، لێوەکانیان لەژێر پەچەوە

تەتەڵـەیان دەکـرد، هـەبوو وەهـا دەکـوڵاو دڵـی پـڕ دەبـوو، هەستم پێدەکرد، لەژێر پەچەوە گوێم لە هەنسك هەڵدانو گریانی خنکاوی دەبوو، پیاوێکی ملهوڕ، باوك، مێرد، کوڕ یـا بـرا بووبێـت.. تـەواوێك دڵـی ڕەنجانـدبوو، منـی خـوێن ڕێـژ ئامـادەی تیمـار بـووم، گـوێم شـل دەکـرد.. سـووکە سـووکە سکاڵای لـە زەمانـەو بـەختی خـۆی دەکـرد.. لـە چارەنووسـی ڕەش.. لـە مـاڵو لـە مێـرد.. پـچڕ پـچڕو شـێواو.. لاڵەپتـە.. بەدەم گنەگنو ورتە ورتەوە خۆزگـەی بەمـەرگ دەخواسـت، مـن لـەو ژنـە بەدبەختانـەوە تێدەگەیـشتم ئێمـەی پیـاو لـە توخمی دڕندەو دەعباکانی سەر دونیـاین.. باوکـە ڕۆ کـە بـێ هـۆشو گۆشـین، ژنـان لـە تـوخمی ئێمـە نـین.. بنیـادەمێکی دیکـەن، ئـیتر مـن دڵـم پـڕ دەبـوو.. خـوێنم گـەرم.. بـە مـن بووایــە لــەو ناوەڕاســتی بــازاڕەدا دەســتم لــە ملــی یەکــە بەیەکـەی ئـەو بـەخت ڕەشـانە بکردایـە، خـولقێکی هیـچم هــەبوو.. لــە هیــچە دڵــم دادەخورپــاو بــە جامــە ئاوێــك دەکەوتمــە مەلــە، بــە هــەموو فرمێــسكو لاڵانەوەیــەك هەڵدەخەڵەتام، ئەو جۆرە ژنە غـەمگینو چارەڕەشـە، جـارو دوو جارو بگرە دە جار، بە چەندەها فێڵی جیـاوازەوە، شـت کڕین یان هەر شتێکی دیکە بووایە دەهاتـە بـازاڕ، چۆن بـە دونگ مەڕی لەڕو قەڵەوم لە یەك جیا دەکـردەوە، حـەیوانی بــەزدارو بــێ بــەز، دەردەدارو ســاغ.. هــەر بــە تــەنها ســەیرکردنێكو کۆکەیــەك.. باعــەباعێك.. ئــاواهیو زۆر ئاسـانتر ئـافرەتی تێـرم لـە برسـی جیـا دەکـردەوە، هـەر بـە بۆن.. بەدەنگ.. بە جووڵەو هەناسەو چرپەیەکی منگن، من

بێباك بووم، ئاوی هەموو تینوویەك بووم، من بە تەنها بۆ هەوەسو هەوای دڵ ئەوەم نەدەكرد.. وەڵڵاهی.. سكم بەو ژنە قورپەسەرو بێ بەختانە دەسووتا، قەسابێكی كەللەبەران.. بەلام دڵنەرم بووم، ژن هەبوو.. سەحرا ئاسا بوو.. باران بوویتایە هەڵیدەلووشیت، من بۆ خۆم حەزم لەوانەبوو كە بێ حەشرونەشر بوون، ئەوانەشی كە زۆر حەز دەكەنو كەچی شەرمو حەیا كوشتوونی، پتر پەسندم دەكردن.. بۆ؟ نازانم، ڕاوچی بەدەستو برد بووم، كامە كارمامزی سركو كێوی بوو لەبەر نیشانەی من خۆی نەدەگرت، ڕاوچی چاك قەت بە نیازی كوشتن ناچێتە ڕاو.. تەنها حەزو مەشقە.. لەزەت لەوەدایە كە نێچیر ڕاوچی ماندوو بكاتو هەردو كێو دوای خۆی بخات، لەوە خۆشتر نییە لە ڕاودا نێچیر چاوشاركێت لەگەڵدا بكات، بتخاتە سەر خولیاو مەراقی ڕاو.. ئارەقەت پێ دەربدات، جارێكو دوو.. و.. دە.. چەندە درەنگتر ڕاوەكەت ببەیتەوە.. ئەوەندە خۆشتر.. ڕاوەو هەندێك جار هەیە دەیدۆڕێنی.. بەلام خۆ واز لە ڕاوناهێنی، ڕاستە قەساب بە دڵڕەقو خوێن ڕێژ ناسراون، چەقۆو قەنارەو بەرگی خوێناوی ترسناكن، ئیشی بەشەر نییە خۆ.. بەس هەموومان وا نین، ئیتر قەدەرەو كەسابەت.. من سەدەها جار بۆ مەڕو بزنە سەربڕاوەكانم دڵم پڕ بووەو گریاوم.. بە دزییەوە.. چونكە لێرە زۆر عەیبە پیاو بگری، نازانم.. دەڵێن خوا ڕێی داوەو چەقۆی لەسەرە.. ئەوە نییە ئیبراهیم پێغەمبەر ویستوویەتی

www.dengekan.com

ئیسماعیلی کوڕی سەربڕێو کەچی خودا بەزەیی بە فرمێسکی ئەو پیرەمێردەدا هاتۆتەوەو بەرخێکی بە جبرائیل ــ دا ناردووە سەری ببڕێ، ئیتر بزانە ئەوە چ زەمانێك بووە، من نەمدەویست خەیاڵی بشێوێنمو دەنا حەزم دەکرد پێی بڵێم: جیاوازی ئێمەو مەڕو بزن بەتەنها لەوەدایە کە ئەوان بەستەزمانن.. ئێمە زمانمان هەیەو دەستەڵاتی چەقۆ گرتنە دەست، بەڵام کە پیرەی قەساب وەها حەکیمانە لە خۆیو دونیاو ژنو ئیشەکەی دەدوا.. هەر قسەیەکی منو عەبەو شوان لەو ساتەوەختەدا فڵتەفڵت بوو.. من بەو نیازەی خەیاڵی خۆشتر بکەمو ئازاتر بدوێ پێکەکەم هەڵبڕیو ئەمجارەیان وەك ئەوەی نیازی دڵم بخوێنێتەوە.. پێکەکەی بەرز کردەوە.. هەر چوارمان وتمان

ـ "نۆش..!"

پیرەی عاشقو خەمزەدەو دونیا دیتە تێ هەڵچۆوەو وتی:

"من بۆ خۆم لەگەڵ ژنان دەتوت مەلهەمم.. دەملاواندنەوە، بەو دەستو پەنجە خوێناوییانەم فرمێسکەکانی ئەو خانمانەم دەسڕی، من هەموو ژنێکم لەلا خانمە.. قەت بیرم نایە سووك سەیری ژنێکم کردبێ.. قەت.. گەر دە جاریش دڵمی ڕازی کردبێ یان نەیکردبێ.. هەر لەلام خانمی خانمان بووە، وەك منداڵێکی ساوای ناو جۆلانە لەسەر سینەمدا دڵشکاوترینیانم ڕادەژەند، کیسە خەنەو.. وسمەو بازنو گوارەو خەزیمو ڕەفتەو قوماشو کلو کلدانو متو مووروو و مەرجانو گوڵاوو کەوشی یەمەنیم بۆ دەبردن.. تۆخمو چەرەزو شیرینی، دەشمزانی

هـەر کـام لـەو دۆسـتـە شـیرینانەم حـەز بـە چـی دەکـات، شـەیتانێکی ئـەوتۆ بـووم کـە نەمدەهێـشت دەسـتی ڕاسـتەم بەدەسـتی چـەپم بزانێـت، هـەموویانم ڕازی دەکـرد، مەگـەر پـارە بـۆ چـی چـاکە.. بـۆ ئـەوە لـە سـکە دراوە کـە دڵـی مـەردوومێکی پـێ خـۆش بکـەیت، گـوێ بگـرن.. وا مـەزانن نیوەی ئافرەتـانی شـارەکە دۆسـتو دڵخـوازم بـوون، نـا.. زۆر بوون ئەوانەی کە هەرچیم بکردایـە حیـسابی پۆلێکیـان بـۆ نەدەکردم، بەڵام من بێ خـەیاڵ بـوومو ماسـیگر ئاسـا تـۆڕی خۆم هەڵدەدا.. ماسی گەورە.. بـچووك.. هـیچ.. نێوچـەوانو بەختـە، ڕاوچـی بـوومو تەڵـەو فاقـەم دەنایـەوە.. بولبـولی بگرتایـە.. ریـشۆڵە.. کـۆترە باریکـە.. قەڵەڕەشـکە.. خێـری خـودای بـوو.. پیـاو تـوخمێکی نارەسـەنن کـە برسـی بـن گەندەخۆرن.. کە تینووبن لە زەلکاوو چڵکاویش دەخۆنـەوە، بەڵام وا نەبووم، هەمیشە حەزم لە مایینی بێ زین بوو.. تـا بیسەلمێنم سوارچاکم، کوڕینە لە دونیای خوای حەزم دەکرد ژنی پیاوماقوڵانی شار بگەوزێنمو لە خۆڵو تۆزو زبڵدانیان وەربدەم، بێ حەد ئیشتیهام دەکردن، نازانم هەوەس بوو یان تۆڵـە بـوو؟ نـازانم.. دەتـوت ئەفەنـدیو ئاغـاو بەگلـەرو کوێخاکان دوژمنی باوك کوشتەی منن، هـەر لـە منداڵییـەوە رقم لێیان بوو، چونکە بـاوکم جووتیـارێکی ڕووتەڵـە بـوو.. هەمیشە زوڵمو زۆردارەکی ئەوانی بـۆ دەگێڕامـەوە کـە وەك بارگیرێك باری زۆریان لێناوە.."

www.dengekan.com

شوان سەرسامی قسەکانی باوکی ببوو یان تاسابوو لەوەی کە باوکی زۆر بێباکانە خۆ دەدوێنێو مێژووی هەواو هەوەسی خۆی دەگێڕێتەوە، ئاخۆ خەمی بۆ دایکی دەخوارد کە شووی بە پیاوێك کردووە دڵی سەد پارچە بووە، هەر لەتەی لە کوچەو کۆڵانێك جێهێشتووە، یان خۆیو ئێمەی بەراورد دەکرد بەو پیرە قەسابەی کە هەم باوکەو هەم بنیادەمێکی سەیرو سەمەرە کە بۆ خۆیو بۆ حەزەکانی خۆی شەرمی لە هیچ نەکردووە، کەوتۆتە دوای ترپەی دڵی خۆی.. زرنگەی ئەو زەنگەی کە لە خوێنیدا زرنگ زرنگ لە جۆشو خرۆش نەکەوتووە، چ دانپیانانێکی سەیر بووە.. چ هەڵگەڕانەوەیەك لە یاساو ڕێساکانی هەم زەویو هەم ئاسمان.. دەدواو نەدەوەستا.. وەك ئەوەی بیەوێت بۆ دواجار خۆ لە گوناهە شێتو جوانەکانی پاك بکاتەوە.. ئەو گوناهە بەلەزەتانەی مرۆڤ لە شەیتانو هەم لە فریشتەش جیا دەکاتەوە، هەموو حیکمەتی ژیانی ئەو پیرەمێردە لەو حەکایەتانەوە هەڵدەقوڵا کە سەرەتاکەی گوناهێك بووەو کۆتاییەکەی دەیەها سەرشێتیو ملهوڕی وەك خۆی کە حەزی دەکرد پێناسەی بکات، یان لەو شەوەدا حەزی دەکرد کەمو زۆر خۆ بنوێنێت، لەبەردەمی سێ گەنجدا، کە ئەم بەقەد پانیو درێژیو قووڵی ژیان.. ژیاوە، شوان تەنها سەری رادەوەشاند وەك ئەوەی یەکەمین جاری بیت گوێ لە باوکی بگرێ حەکایەتی سەوداسەریو شەیدابوونی خۆی بگێڕێتەوە، من لەو منداڵە دەچووم کە هەزار پرسیارو گومانی هەبێتو نەوێرێ یەکێکیان بدرکێنێ، عەبە ـ ش

بەتەواوی لەوە نائومێد بوو ئاوازێکی غەمهێن لە تەختەی ڕۆحییەوە بەرز بە ئاسمانی ئەو شەوەدا هەڵبفڕێ، لە سێ گەنجی گەلحۆ دەچووین کە کەوتبێتینە پۆلێك مامۆستاو.. وانەکانی بەدڵو ڕۆحو عەقڵی ئێمە بڵێت: جارێ سەرەتایەو.. دەیەها پۆلو وانەی دیکەتان لەبەردەمە.. خاڵە مەمۆیش بێباك لە واقو ڕمانی هەموومان سەرنجەکانی دوورتر لە خەیاڵی ئێمە بەو ئاسمانەدا دەنارد.. دوورتر لە مەداری ئەستێرەکان دەیڕوانی، لە ناکاو نیگایەکی کردمو چاوەکانی زەقتر بوونەوە، وەك ئەوەی سەرزەنشتم بکات کە من بێ ڕێزیم کردبێ، تا شەو درەنگتر دەبوو یادگارەکان لەبەرچاوی ئەودا ڕۆشنتر دەیاننواند، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، دیسانەوە چاوەکانی پڕ بوونەوە لە ئاو، بە پشتی دەستی سڕییەوە، نەمزانی دەگری یان لەبەر پیری چاوەکانی ئاو دەکەن، ڕێك سەیری دەستی چەپیم کرد، پەنجەکانی، زەندەی، باسکی، لە چەندەها لاوە جێگەی دەمەتیغ بوون، برینی سارێژ بووی سالآنی زوو، چەندەها چیرۆکی شەیداییو شەهوەتو هەواو هەوەسی هاری ئەو پیرە قەسابە لە خەیاڵمدا چەخماخەیان دەدا، چەخماخەیەك کە لەناوەوە ڕۆشنم بکاتەوەو دامگیرسێنێ، بەجۆرێك کە بەغیلی بەو پیرە ببەم کە جگە لە زمانی خوێنی خۆی کاری بە عەقڵو ڕەوشتی باو نەبووە، شازو غەریب لە شارێکدا کە هەموو کەسەکانی مەرجە لە یەك بچن، مەلێکی کێوی کە لە دەرەوەی پۆلەکەی خۆی چریکەی جیاواز

www.dengekan.com

بووه.. ئاه.. ئاه.. له حەزو ئارەزووی شـێتانەی بـۆ چـەندەها ئـافرەتی مـنگن، ڕووی سـپی ژێـر پـەچـەی ڕەش، قـەدوبالای لاولاوی ژێر عەبای ڕەش، جوانی شەرمنو شـاراوە، هەوەسـی کوژراوو کوشندە، بۆنی حێلو مێخەك، کەزیو شابسکی دزە کـردوو لـەنێوان درزی پەچـەو عـەبا،.. چـاو.. چـاو.. چـاو.. وەك گـۆمی خـاوێنی بـەر تریفـە.. نـا ژێـر پیاڵـە.. دەسـتو پەنجـەی ناسـكو لـەناكاو دەرچـوو لـە کـونی تـەنگی لا تەنگێشی عەباوە، نازو نووکی خانمان، دەنگی زۆر هێـواشو پڕ له تـرسو کـەرخ.. چـرپەیەکی کـەوتوو لـەناو خوێنـاوی بـەر دوکانـدا، چـرپەی حـەزێك کـە نایـەوێت بمـرێ لـەو کەوتنەدا، چرپەیەك بە ئاستەم بگاتـە گـوێ، ورشـەی عـەبا، هاڵاوی هەناسەیەکی گەرم کـە پەچـەکە بـە حـاڵ هەڵبـدات، بەدەم ورتە ورتـەوە، لادانـی پەچـەو دەرکـەوتنی دوو چـاوی گـــەش تـــا لـــە گۆشـــتی پـــاك بڕوانێـــت، خەندەیـــەكو بزربوونەوەی مانگی ڕووخسار لەناو بازاڕێکی قەڵەباڵغو پـڕ له غەڵبەغەڵبو زۆر هیچدا، مەمۆ ـ ش چاوانی لێڵو وێـڵ، شـەیداو حەپەسـاو.. خێـل دەبـێو چـاوانی دەکەونـە سـەر ڕەشـکەو پێـشکە.. تاوێـك کـوێرایی دادێو پاشـان کـەمێك بەرچـاوی ڕوون دەبێتـەوە، چـەقۆ بەدەسـتییەوە دەلـەرزێ، تونـد دەیگـرێ تـاوەکو لەدەسـتی چـەوری نەپـەڕێو بـەر یەکێك لەو حەشاماتو عەزازیلە نەکـەوێ، لـە داخانـا وەك هەمیـشە گۆشـتو ئێـسقان بەیەکـەوە دادەپاچـێ، ڕانێـك دەخاتە سـەر کۆتەرەدارەکـەو کێردێکی گەورۆنـەو دەم تیـژ دەهێنێو شێتانە تێیدەکەوێت، گۆشتێکی زۆر سوورو خـوێن

تێزاو لەجێی نووكو دەمی تیژی كێردەكە دەردەكەوێت، هەر بەو كێردە خۆی شێت دەكاو لوولاقێك شەق دەكات، مۆخی ناو ئێسقانەكە دەپڕژێ، هێشتا بازاڕەو بەردەمی دوكانەو كەچی لە ناكاو دەستی شل دەبێ، هەر بە خەیاڵ خۆی دەهاوێتە ناو باوەشی ئەو مایینە ژنە منگنەی بەردەمی، دەیەوێت لەبەرچاوی ئەو حەشاماتە وا خۆی بنوێنێ كە بێباكە، بەڵام ناتوانێ، دەست لە كەلەشەكان دەداو ڕانەكان سەح دەكاتەوەو لە گۆشتی نەرمك دەگەڕێ، پاكو بێ دەمارو ڕێ ڕێ.. بێئاگا لە قەنارەو گۆشت كێردەكەی ڕادەوەشێنێ، لەناكاو كێردو دەستی دەخاتە ناو هەناوی خوێناوی بەرخێكو بەو نیازەی جەرگو سیپەلاكو دڵو گورچیلە دەربێنێ، مەچەك ئەستوورو تووكن.. نا.. لەبری جەرگو هەناوی بەرخێك، دڵی گامێشێك، مەڕێك، بەرانێك.. جەرگو دڵی پارە پارەی خۆی دەبینێ، دڵی سووتاوی ئەو ژنە منگنەی بەردەمی.. ناو هەناوی كە خوێنێك دەكولێنێ.. سەرەتا پاكو.. پاشان ڕەش ڕەش دادەگەڕێت، وای لە خەیاڵی حەرامو زۆر شەیتانی، لەجیاتی ڕانی خوێن تێزاوی بەرخێكی هەڵواسراو.. یان ئەو ڕانە مەڕەی سەر كۆتەرەكە، ڕانێكی زۆر سپیو پڕی ناو دەرپێیەكی كوردی دەبینێ، قوماش كودەریو گوڵ گوڵی، لەبری قۆڵی كورتی بزنێكی تیسكن، قۆڵو باسكی لەبازن گیراوی ژنی بەگێك، میرێك یان قوماندارێك دەبینێ ئەو كاتەی لەژێر جلوبەرگێكی خوێناویدا قوربانی لەبەر پێی

www.dengekan.com

ئەو خانمانە لە زەوی دەداو سەریان دەبڕێ.. و کەچی دواتر شەو کە دەخواتەوە هۆن هۆن دەگری.. کەچی بە ڕۆژ خوێن خۆرانە ڕەفتار دەکاتو.. وای لە هەوەسی هار کە شەرمو شەرەف ناهێڵێت، مەمۆ ـ ش خورتو کەللەبەران دەتاسێو لەوە دەچێ لە هۆش خۆی بچێ، دیسانەوە چاوەکانی لێڵ دەبنو دوو چاری سەرەگێژە دەبێ، شێواوو شپرزە چاوی قەنارە و کەلەشی مەڕو بزنەکان نابینێ، دەستو چەقۆ لێك جیا ناکاتەوە، بێئاگاو بە زەبر چەقۆ دەوەشێنێو پشتی دەستی، زەندەی، پەنجەکانی.. زامدار دەکات.. هەر ڕۆژەو چەندەها جار، نەبرینی پەنجەکانیو نە هی دڵی ساڕێژ نابن.. جارێکو دوو.. و دە.. سەدەها جار خۆی بریندار دەکات.. دوو چاوی پڕ لە شەرمو شەهوەت دەبینێ، پترو پتر,, بەروپشتی هەردوو دەستی دەیەها برینی تێدەکەوێ، دوو دەستی گەورۆنە یان دوو نەخشەی زۆر زیندووی زام، زامی دڵو ڕۆحو لەش.. برین.. برین.. برینی جێ دەمەتیغی کۆنو نوێ.. دە هیچ نییە.. پیاو.. پێی شەرمە لەبەرچاوی کچو ژنەکان بڵێ ئاخ.. نا.. نەهاتووە بۆ پیاو بڵێ ئۆف، زۆر شەرمە بە پارچە پەرۆکێك برینی دەم کراوە بشارێتەوە، عەیبە خوێنی سەر دەستو پەنجەکانی ڕابگرێ، نەخێر شتی وا ناکات، هەرگیز.. چەندەها پیاوو ژن بەڕێ دەکات، بێگانەو دۆستی نزیك، خوێنی گەرمو گەشی دڕژێتە سەر گۆشتەکان، خوێنی مەییوی بەسەر گۆشتەکانەوە دەمێنێتەوە، گۆشتو خوێنی مەییوی خۆی دەخاتە ناو زەرفێك، یان سەبەتەو زەمبیلی دەستی ژنەکان،

www.dengekan.com

گۆشتەکەشی بە پارە فرۆشتبێت، خوێنی خۆی بەلاشە، ئەم هەر بێباکەو دڵی خۆشەو لەزەت لەوە دەبینێ کە خوێنی لەبەر دەڕواو ناوەستێ، ژنێكو دووانو سێ.. شپرزەو بە پەلە پڕوزێ ڕەفتەو دەستە سڕو پارچە پەرۆکی دەدەنێ تاوەکو برینەکەی پێ بپێچێتەوە، مەحاڵە.. غیرەت سەگ بتخوا.. ئەو تۆزە خوێنە چییەو با هەر لەبەری بڕوات، ئەم حەز دەکات ژنەکان خوێنەکە پڕ بە چاوان ببینن، برینی کراوە، لەوە پتر حەز دەکات کە دەست لە خوێنەکەی وەربدەن تاوەکو هەست بە گەرمی دڵی بکەن، خوێنی کولاوی کە قوڵپە قوڵپ لە شادەمارەکانی دڵییەوە بە هەموو ئازای جەستەیدا دەڕژێ، لەتاوی هەوەسێکی هارو کوژراو پڕ بە هەردوو چاوان سەیری بکەن تاوەکو بزانن خوێنی چ مەلو حەیوانو فریشتەو ئادەمیزادێك ئەوەندە گەشو گەرمە، ژنەکان لە ترسانا دڵیان دادەخورپێ، ئاخر برینەکان تا سەر ئێسقانە، نائومێدانە دەستەسڕو پارچە پەڕۆك دەخەنەوە بەر باخەڵیان، مەمۆ هەر بێباکەو دڵخۆشە، دەزانێت خوێنی ڕژاوی بەسەر کوتە گۆشتەکانی مەییوە، دەزانێ هەر ژنێك بۆنی خوێنی ئەم بکات ئیتر ئالۆشدارو هار دەبێت، بێ ئۆقرەو حەجمانی لەبەر دەبڕێ، گڕی ئارەزوویەکی کوشندە بەردەبێتە هەناوی، خۆی پێ ڕاناگیرێت، سەد جاری دیکە دێتەوە لای، ژنەکان دەچنەوە ماڵێو هەریەکەو گۆشتەکەی دەشواتو کەچی خوێنی گەرمو گەشی مەمۆ بەسەر کوتە گۆشتەکانەوە مەییوەو بە

ئاوی دونیاش پاك نابێتـەوە.. ناچار.. گەرەکـە زوو شـیوەکە پێبگـات، هـا ئێـستا نـا هـاتۆزێکی دیکـە پیاوەکـان، مانـدوو.. مـردوو، دەگەڕێنـەوە، منـدالآن لـە مەکتـەب بـە هەلّـەداوان دێنـەوەو هـەر لـەناو دەرگـای حەوشـەوە هـاوار دەکـەن: هـۆ دایکــە.. چــیمان هەیــە؟ ناچــار گۆشــتو خــوێن پێکــەوە دەخرێتـە سـەر ئـاگر، ناچـاریو.. خـوێنی مـەمۆ دەبـێ بـە بەشـێك لـەو خۆراکـەو لەگـەڵ خـوێنی پـاكو گەشـی ئـەو خانمانە تێکەڵ دەبـێ، باوکـەڕۆ.. چ کارەسـاتێکی جوانـە.. چ دڵبردنێكو چ ئەفسوونێکە، کە ژنەکان بۆ هەفتەیەکی دیکە دێنەوە لای بەنیازی گۆشت کڕین.. چ سـەیرە.. ئـەم هەسـت دەکـات خــوێنی زۆر گەشــی خــۆی وا دەنێــو وردە دەمــارە دەزوولەییــەکانی نــاو چــاوی ئــەو خاتوونانــە مــەییوە.. چـاوەکان گەشـترو سـوورتر لـە جـاران.. ئـاخر ئـەم بـانگی خوێنی خۆی دەناسێتەوە، ئیتر تێدەگات بۆچـی ئـەو خانمـە بـە هەیبـەتو شـەرمنانە لەبەردەمیـدا دۆش دامـاون، ئـەو خوێن تێکەڵبوونەی ناو چاوان داوای خوێنێکی دیکە دەکات، خـوێن خـوێن دەناسـێتەوە، هـەروا ئاسـان نییـە خوێنـەکان تێکەڵ بنو ژەهراوی نەبن.. چاوەکان پڕ تروسکەو جوانترو مەستو.. مەستتر دەبن، خوێنی تێکەڵ بە ئارەقو شـەرابو شەهوەتی ئەم، ئیتر لە خۆشیانا شاگەشکە دەبێ، ئیتر.. ئـیتر تــەواو.. تــازە ســیحرو جــەبری ئــەو خوێنــە دووچــاری خـەوزڕانو ماخۆلانیـان دەکـات.. خـەنی لـە خـۆی.. کەواتـە هـەروەك هـارو شـێت بەڕاسـتو چـەپدا.. بـەرز بـە حـەوادا کێردێـك.. و .. دوو.. و سـێ کێـرد تـاقی دەکاتـەوە، کێـردی

کورتو درێژ.. جارێكو دوو.. دە.. با پتر بریندار بێ خوێنێکی زۆرتر بڕژێتە سەر گۆشتەکان، با پڕ خومارو گەشاوەتر بن چاوەکان، لە ترسانا هەر ژنەو شەرمو شکۆی نامێنێو دەست دەخاتە سەر دەستیو تکاکارن کە با بەس بێ خۆ زامدارکردنو خوێن ڕژان.. تا ئێرەو با کەمێ حەیاو حورمەتی ژنانە بمێنێ، کەچی ئەم تازە چەقۆیەکی کول لە هەسان دەداو تیژی دەکاتەوە بە مەرجی موو بڕین، دیسانەوە ملهوڕو کەللەبەران.. لە دەلاوە خۆی زامدار دەکات، دیسانەوە خوێنی دڵە گڕگرتووەکەی لەگەڵ گۆشتی کاوڕو بەرخەکان بەو خانمە دڵناسکانە دەفرۆشێ کە حەزو نیازێك وایان لێ دەکات دە جاران ناو بازاڕو قەیسەری بگەڕێنو هەر جارەو بێنەوە بەردەمی دوکانەکەی مەمۆ.. سڵاوی گەرم لە دۆستان.. چاو داگرتنو خەنینەوەی ژێر پەچەو ماڵئاوا بە ئومێدی دیدارو ژوان.. ئیتر تەواوە.. دوای ئەم بەزمی خوێنو خەنینە ڕاوە ژن ئاسانتر دەبێ، ئیدی خوێنی هاری خۆی لە دوڕ چاوانی ئافرەتێکی منگندا.. دووان.. سێیان، پڕ بەو گوزەرەو پڕ بە بازاڕ بانگی دەکات، تەواو.. ئەوانەی کە خوێنی ئەو دەخۆنەوە، ناچار دێنەوە لای.. تا جارێكو دوو.. و دە خوێنی گەشو شیرینی ئەم پترو پتر بخۆنەوە، ئیتر تا خوێنی مەمۆ زۆرتر لەناو دەمارەکانی ئەو ئافرەتە منگنانەدا کەف بکاتو بڕوات تاوەکو لەو سەفەرەدا دەگەنە ناو ئەو دڵە ناسکانەی لە خورپەو جۆش ناکەون، ئاسانتر دێنە پای ئەوەی خۆ فڕێ

www.dengekan.com

بدەنە باوەشی، زۆر زەحمەت بوو ئەو هەموو جێ برینەی سەر دەستەکانیو زەندەو باسکی ببینم، تریفەی مانگی خیانەتکار یارمەتی نەدەدام، دەمویست ژمارەی ژنە نازدارو منگنەکان لە ژمارەی جێ تیغەکانەوە بزانمو هەژماریان بکەم، جێ زام لەسەر زام، وەلێ چۆنو کێ ئەو زامە قووڵەی ناو رۆحی هیلاکی دەبینێ؟ زامی دەیەها حەسرەتو عەشقی ناکام، سەیریم دەکردو ئەو خەیاڵە سەرمەستی کردبووم، چاوانی پڕ لە ئەسرینی رۆحیانەتی پیرە عاشقێکی پێبەخشیبوو، ترس لە مەرگو شەرم لە پیریو سەرهەڵدانەوەی گوناهە کۆنەکان لە چاوەکانیدا تێکەڵ بوون، هەمیشە لەو جۆرە پیرە پیاوانە بوو کە چاویان ئاو دەکات، ئەو پیرە پیاوانەی کە هەمیشەو ئاسان ئامادەی گریانن، هیچ کاممان نەیدەوێرا نقە بکات، تا دەهات شەو خامۆشتر دەبوو، ئەستێرە پتر دەڕژانە بان سەرمان، وەك چاوی ئەو ژنە شۆخو منگنانەی خاڵە مەمۆ باسی دەکردن، باقو بریقەیان تاریکی ئەو شەوە خامۆشەی دڕدەدا، شەویش ماندووانە گران هەناسەی دەدا، جاروبار لە دوورەوە نووزەو گریانی منداڵێك دەهاتە بەرگوێ، قروسکە قروسکی سەگە بەڕەڵڵاکان، لای لایەکی ماندوو، کۆکەیەکی نەخۆش کە دووکەڵو بۆنی مەرگ لەگەڵ خۆی بێنێ، چرپە چرپی شەرمنو ترسنۆکی ئەو ژنو مێردانەی کە خۆیان دەگرخاند تا منداڵەکانیان بخەون..

"سەر دڵ خڕ بێ.. بە مردوو بێ
شەو درەنگە بۆ جێی ژوانێ

ئەوە ڕۆژی ڕووناکەو..
هەموو عالەم دەیزانێ..!"

چرپە نەسرەوتەکان لەسەر باڵی شنەیەك دەگەیشتنە گوێمان کە تاریکیو هەوای شەوی پڕ دەکرد لە هەناسەی گەرمو شەهوەتو ئارەزوو، سەدەها خەونی ناخۆشو خۆش.. وڕێنەو هەڵبزڕکاندن، ڕەنگاو ڕەنگی چرپەو خەونەکان هەوای شەوی پڕ دەکرد لە بۆنی ئادەمیزاد، لە هەناسەو تاسەو گریانی خنکاو، قریوەیەکی نابەجێو حەیابەرە، خوێندنی ناوەختی کەڵەشێرێك، تریفەو ئۆخژنی نێو ناخی دڵ..

تاو ناتاوێك بە دەستەسڕەکەی چاوانی دەسڕی، لەناکاو وتی:

"پێکێکی دیکە.. بۆم تێکەن.. ئەگەر خودا ئەمشەو لە هەموو گوناهە پیسەکانم خۆش بێو لەسەر ئەم پێکە بمخاتە ناوەڕاستی جەهەننەم هەقیەتی.. بەڵام هەر خودا خۆشی گەورەو خاڵقی منو مارو مێرووە.. چاك دەزانێت منیش هەقمە ئەمشەو وەها هارو شێت بوویمە، ئاخر خودا پیر نابێو من پیر بوومو چیتر جوانی دونیا پڕ بە هەردوو چاوان نابینم.. با ئەمشەو لە تۆڵەی ئەم گوناهە کەبیرەیە عزرائیل بێو ڕۆحم دەربکێشێ.."

ئیتر من تەواو تێگەیشتم کە ئەو سۆزو کەفو کوڵەی لەوە گەرمترە بە هوشیاری بەرگەی بگرێ، تەوژمی بەخوڕەی ڕووبارێك لە حەزو تاسەی ساڵانی جحێڵی، ڕووبارێکی وا

www.dengekan.com

بەخورڕ کە ئازاترین مەلەوان خۆی لەبەر ناگرێ، زوو زوو چاوەکانی دەسرپییەوەو پڕ ئاو دەبوونەوە، لە دوو زنەی شەرمن دەچوون کە تازە بیانەوێت هەڵقوڵێن، دوو کانی کوێرەوەبوو کە لەناکاو بۆ جارێکی دیکە بتەقنەوە، سەدەها ئەستێرە لەناو ئەو دوو چاوانەی ئەودا دەبریسکانەوە، لەنێوان خنکانو نەخنکاندا.. وای لەو دوو چاوە شێتو جوانپەرستەی کە ئەوەندەیان نەماوە پڕ بن لە گڵو کرم بیانخوات.. مارو مێروو، تف لە حیکمەتی ئەو ژیانە کورتو هیچەی کە ئیدی حورمەتی پیرەمێردێکی شەیداو عاشق ناگرێ، زەمەن چەندە چرووکو قرچۆکە بەو ملیۆنەها ساڵەوە کە بەخشیویەتی بەخۆرو مانگو ئەستێرەکان، چەند ساڵێکی دیکە بەقەرز ناداتە دوو چاوی ئەو پیرە جوانە، ئاخر بۆ دەبێ قەلەڕەشو کیسەڵ سەدەها ساڵ بژینو ئەم نا.. ئەرێ یەکێك نییە لە فریشتەو دەرگاوانو شاگردەکانی خودا بۆی بپاڕێنەوەو بە ئاسمانو زەوی بڵێن.. بەخودا بڵێن: دڵێك هەیەو نایەوێ وا کورتو زوو لە لێدان بکەوێ، دوو چاوی پڕ حەزو زیندوو ئەستەمە ببنە هێلانەی مارو مێروو.. دوو چاو کە دەکوژێنەوە وەك ئەوە وایە کە هەرگیز دانەگیرسابن کە دەمرن، کەس بڕوا ناکات بەتەنها بۆ تاسەو حەزی ژنێکی منگن سەدەها جار داگیرساون.

لە دوورەوە، دەنێو زورگو تەلانەکانەوە، سەگوەڕێك دەهاتە بەرگوێو تێکەڵ بە حەیرانێکی برینداری ئەو شەوە دەبوو، کە بێباك سەدای بەرز دەبۆوەو بێئاگا لە هەموو

www.dengekan.com

دونیاو خەوتنی هەزارەها مەردووم لەناو تەمی زیوینی سەر سـەری شـار بـزر دەبـوو، ئەوەنـدە دوور وەك ئـەوەی حەیرانبێژەکە لەسەر مانگەوە حەیران بچڕێ..

بە نەرمە تووڕەبوونو نازێکەوە وتی:

"ئەرێ کەڕن..وتم بۆم تێکەن..!"

شـوان بـۆ پێـك سـاز کـردن هەمیـشە لـە ئێمـە بەدەسـتو بردتر بوو..

پرسی ـ "بەڕاست باوکە؟"

"قەت بینیوتە من کە خواردمەوە بەدرۆ پێکان هەڵدەم..
خۆ بەتەماش نیت لەجیاتی من لە جەهەننەم بترسیت؟"

"نەء .. باوکە لەبەر ئەوەمە کە.."

قسەکەی پێ بـڕیو وتـی: "لەبـەر دڵـم.. دەزانم.. جا بـۆچ نەوەستێ.. خودای دەکرد هەر ئەمشەو لە لێدان دەکـەوت.. ڕۆڵـە کـەی منـت بـە ترسـنۆکی بینیـوە.. پاشـان کـە دڵێـك خورپەو جۆشو خرۆشـی تێدا نـەما.. بۆچی باشـە.. ئێـوە خوێندەوارن.. پێم بڵێن بۆچی چاکە؟ بۆچی.. بۆچی..؟!"

شوان شاگردانەو بە پەلە پێکەکەی بـۆ سـازکردو ئـەویش بەرلـەوەی بـە عەزرەتـەوە هەڵیبـدات نەمهێـشتو بـە مەراقێکەوە لێم پرسی:

"بەر لەوەی نۆشی بکەین.. چ شتێك لـەو ژنانـە لـەلای تـۆ زیاتر ماوەتەوە کە مایەی خۆشی بێ یان خەم؟"

www.dengekan.com

وەك ئـەوەی گـوێ بـە پرسـیارەکەی مـن بـداتو نـەدات، چـونکە پێکەکـەی بـەرزکردەوەو کەوتمـە گومـان، هـەر هەمووماني ناچار کرد بلێین:

"نۆش!"

ترسام فەرامۆشـم بکات، نـەك لەبـەر ئـەوەی پرسـیارەکەم هیـچە، لـەوە دەترسـام کـە تـەواو مەسـت بووبێـت.. بۆیـە ویـستم دووبـارەی بکەمـەوە ـــ "چ شـتێك لـەو ژنانـە.." قسەکەی پـێ بـڕیمو تێهەڵچووەو.. دیـسانەوە وەك ئـەوەی حەکایەتەکـە بەتـەنها بـۆ خـۆی بگێڕێتـەوە، چـونکە دوور ڕادەماو لە ئاسماندا نیگاکانی وێڵو بڵاو دەبوونەوە..

"من هەرگیز دەنگـو بۆنی ژنـە منگنـەکانم لـەیاد ناچـێ.. هەرگیز.. ئەو ژنانەی کە مـن خۆشـم ویـستنو بـە دزییـەوە بۆیان گریام، هەر ئافرەتەو دەنگێکی جیاوازی هەیە کە هـی هەندێکیان دەگاتە سەر پەڕەی ڕۆحو دڵ، دەنگـو هەم بۆنی جیـاواز، هـیچ کاتێـك دەنـگـو بۆنـەکانم تێکـەڵ نـەکردوون، هەرگیز.. هەموو ئەو بۆنانـەی حـەزم لێکـردوون لەکەللـەما هەڵیـدەگرم، هـەر کاتێـك بمـەوێ بـۆنو بەرامەکـەی بـۆم دێتەوە، هـەر بەوەشـەوە مـاوم، هـەموو ئـەو دەنگـە خـۆشو شیرینانەی ژنە منگنەکان لەگوێمدا دەزرنگێنەوە بێ ئـەوەی زرنگـەیان لـەلام تێکـەڵ بـێ، هەریەکـەیان زەنگوڵـەی خـۆی هەیـــە، زێـــڕینو زیـــوین، نـــازانم ئـــاخۆ دەردە پیریمـــەو گوێییەکانم تەپ بوون یان ئێستاکە زرەنگانەوەی دەنگی ئەم جۆرە ژنانە لەم شارەدا نابیستم..؟ چییە نـازانم.. لەوانەیـە وەك جۆرە مـەلێکی دەگمـەنو خۆشـخوان نـەمابن، هـەرگیز

ئەو جۆرە ژنە بۆنخۆشانە نەماون کە کەللەی منیان پڕ دەکرد لە بۆنی بەهەشتی شاراوەی ژێر کراسو کەواو عەبا.. بۆنێك کە سینەمی پڕ دەکرد لە بۆنی گیابەندی کوێستانان، وەك جاری جاران نییە.. نە بۆنێك هەیەو نە دەنگێك ڕامچڵەکێنێ، زۆر جاران کە غەریبی ئەو دەنگو بۆنانە دەکەم لە دڵەوە دەگریم، حوشتر چۆن کاوێژ دەکات، ئەمن ئاواهی لەناو دڵو ڕۆحو کەللەو گوێو هەر هەموو بەدەنم ئەو بۆنو دەنگانە کاوێژ دەکەمەوە.. تا دەمرم هەروا دەکەم.. ناچارم.. ئێوەش.. هەموو خەڵکی کە پیر دەبن جگە لە کاوێژ کردنەوەی شتە خۆشو ناخۆشەکان هیچی دیکەیان پێ ناکرێ، وا هەست دەکەم یادی ئەو ڕۆژگارە تەڕو خۆشانە مەرگی منیان دواخست، من ئێستا تەنیام، ماڵو ژنو کوڕو کچ بەتەنها ئاوەدانی گەورەت بۆ ناهێنن، خۆ هەر کەسەو خەمو دەردو دونیای خۆی هەیە، جاروبار دەچمە دەرەوە، هێشتا ئەژنۆکانم نەشکاون.. هێزو شەنگیان تێدا ماوە، بەڵام جاروبار ناچارم هەڵوەستەیەك بکەمو پشوو بدەم، هەن بە تەنیشتما ڕادەبوورنو ملهوڕانە بەرم دەکەونو بە زەحمەت خۆم بۆ ڕادەگیرێ، هەن میهرەبانو ژنو پیاوو منداڵی زۆر هەن حەز دەکەن دەست بدەنە بن باڵت.. ئیتر دونیا وایە، شەقامەکان دەگەڕێم، کەس لە دۆستانی خۆم نابینم.. دەچمە مزگەوتو ناو چایخانەکان، ناو قەیسەریو گوزەری ئاسنگەرانو قەسابەکانو سەفارچییەکانو زەڕنگەرەکان.. هیچ.. لەوە دەچێ زۆربەی

www.dengekan.com

هاوتەمەنەکانی من مردبن، زۆر جاران هەست دەکەم ئێرە شارێکی دیکەیە، لە دۆستو برادەرەکانی خۆم تاكو تەرایان دەبینم.. ئەو دوو سێ کەسەش نامناسنەوە، لە پێ کەوتوونو سەردانیان دەکەم، کە دەچم بۆنی مەرگ لە خۆمو لەوانیش دەکەم، هەندێك لە هاوڕێ کۆنەکانم لە تەمەنێکی کەمو زۆر زوو نەخۆش کەوتنو مردن، هەندێکیان سەفەری ئێرانو تورانیان کردو نەگەڕانەوە.. بۆ؟ نازانم.. لەوەتەی من جحێڵم منو دۆستەکانم ڕاپێچی شەڕ دەکرێین.. لە سەفەر بەلکەوە تاوەکو ئێستا.. خۆ شەڕی کوردو حوکمەتو.. کوردو کورد نەبڕایەوە.. زۆرێك لە برادەرە هەرە شیرینەکانم لەنێو ئەو دۆڵو شاخو کێوانە کوژران.. جگە لە شەڕی بەرە بابەکانو خێڵو تایەفەکان، قڕی خستۆتە ئۆمەت، لەوە دەچێ بەلای ناگەهان تەنها بە منی نەزانیبێ، نازانم چۆن ئەو هەموو سەرو دەراوەم کردو لەسەر شەرەفو مەرەف نەیانکوشتم.. موعجیزەی ئیلاهییە.. لەوە دەچێ خودای تەبارەك وەتاعالا بۆ خۆشکردنی ئاگری جەهەننەم منی دانابێت، نازانم کەی نۆرەی من دێت، چاك دەزانم کاوێژ کردنەوەی ئەو دەنگو بۆنو شتانە.. ئەو ختوورەو غایەلەو خەیالانە چەندە حەرامو گوناهە.. بەلام چی بکەم؟ لەم دواییەدا ڕازی دڵی خۆم لای مەلایەك درکاند.. چاوی چووە پشتی سەریو وتی:

"بەم تەمەنەوە خەیاڵی وا خەراپو پیسو شەیتانی دەلیلی ئەوەیە کە ئیمانت زۆر زەعیفەو لە دڵەوە تەوبەت نەکردووە، با ژمارەی نوێژو ڕۆژووەکانت زیاتر بێ..". من

چاك دەزانم کە پیاوێکی باشو ئەهلو سەهل نیم.. خەیاڵم.. خووم خەراپە.. دەزانم کە جێگەی من بەهەشت نییە، کەم پیاوی وەك خۆم بینیوە، دڵێکی هیچو قەحپەم هەیە، من تێناگەم خودای تەبارەك وەتاعالا چۆن چۆنی ئەو هەموو ژنە جوانو بۆنخۆشو منگنەی دروست کردووەو کەچی بە پیاو دەڵێ: سەیریان مەکە.. چاو داخەن.. خۆتان بگرن، بۆ بەدبەختی قەسابیش بوومو پتر ژنان ڕوویان تێدەکردم، ئەوەندەش گۆشتم هەرزان کرد دونیاو بونیا پێی زانیو لە شارەکانی دیکەوەش.. لە گوندەکانەوە خەڵکی سۆراغی منیان دەکرد، ئاسنگەرەکانی دەرودراوسێ بەغیلیان پێدەبردم، منیش دەمزانی هەرچەندە ئەوان قەهرو ئارەقە دەڕێژن، بەڵام سەرسووکترن.. کەللەو بازوو ڕەقتر، ئاخر ئاسنو گۆشت دوو شتی جیاوازن.. وا نییە کوڕینە؟"

ئێمە سڕوسەرسام قسەمان نەدەکرد، لەدوای ئەو سەرگوزشتە سەیرانەو ئەو ئیعترافە جوانە هەر زارکردنەوەیەك خەسارەت بوو، من وام هەستکرد سیحری عارەقەکە بێت ئەو سۆزە گەرمو دێرینەی لەدڵدا خستبێتە جۆش، دوو سێ جار وتی:

"بۆچی ئاواهی ئەبلەق بوون؟"

سەیری یەکدیمان کردو هیچمان نەوت، من تەنها توانیم بڵێم: "قسەکانت ئەوەندە خۆشن.. حەیفە پێت ببڕین" عەیبی گەورەی من ئەوە بوو بە ڕۆژیش دەمخواردەوە.. نەمدەتوانی حەیوانەکان کەلوپاچ بکەم یان بیانگروێنم

گـەر مەسـت نەبوومایـە، ناچـار نەبوومایـە خـۆم سـەرم نــەدەبڕین، هەمیــشە بــەیانیان زوو لــە قەســابخانەوە کەلاشـەکانیان بـۆ دەهێنـام، دەیـەها جـار بـۆ بـزنو مـەڕە سـەربڕاوەکان گریـاوم، چـەندەها جار ویـستوومە سـەریان ببڕمو چەقۆ لەدەستم کەوتۆتە خوارێ، من تێناگەم گۆشـتی ئەو بەستەزمانانە بۆچی حەلاڵە؟ زۆر جاران خۆم دەخـستە شـوێنی ئـەو مـەڕو بزنانـەی دەمکوشـتنەوە.. باوکـەڕۆ کـە ناخۆش بوو، سـەدەها شـەو خـەونی خـەراپم بینیـوەو خـۆم بوومەتــە بــەرانو مــەڕو بــزن.. باعــەو قــاڕەم بــەدەم سـەربڕینەوە وای لێکـردووم هـەر هـەمان ئـانو سـات لـەو مۆتەکەیـە وەئاگـا بـێم بـەدەم ناڵـەو گریانــەوە هەسـتمە سەرپێو ئەوانی دیکـەش وەئاگا بێـنم، هـەرگیز نـەموێراوە سـەیری نـاو چـاوی حەیوانـەکان بکـەم، ئـاخر کـە چـەقۆ دەگریتە دەسـتو بـۆ لایـان دەچیت یەکسەر بـۆنی خـوێنی خۆیـان دەکـەن، هەسـتدەکەن تـاوێکی دیکـەو کارەسـاتێك دەقەومێ، هەر بۆیە زووتر دەکەونە پەلەقاژەی مەرگ، ئێوە دەزانن کە من قەساب بوومو بـەلام چـەندەها ساڵە دڵـم لـە گۆشت تۆراوە.. خۆ بڕوام پێدەکەن.. کەچی ئەوەندە کافرو بێ زەوق بووم ژنێکی منگن بهاتبایەتە بەر دوکانەکـەم ئـەو خـەمو قـەهرەی بـیر دەبردمـەوە، ئـیتر خولقەکـەم ئـاواهی تێکەڵو پێکەڵ بوو، تاوێك دڵتەنگـو وەڕس دەبووم، تاوێکی دیکە دەکەوتمە سەر هەواو هەوەسو کەیفە کەرانە، ڕۆژانـە دەتوت تەگەو نێریم، لە دوورەوە بۆنی بـزنو کارمامزەکـانم دەکـرد، لـەو سەردەمەشـدا تـاكو تـەرا ژن هـەبوو بـوێرن

پەچەو سەرپۆش فڕێ بدەن، ئەوانیش پیرو کامڵ بوون.. سەرە ژنی ناو پرسەو شایی بوون، تاك‌و تەراش ژنانی عەلۆدەو سفوور لەسەر جادەکان دەبینـدران.. مەکتەبێکی کچان کرابۆوە.. کچانی پارچەڵە مەکتەبلی کەمەکێ بەلەکیان لێ ڕووت دەکرد، کچ‌و ژن هەبوون لەگەڵ براو مێردو باوکی خۆیاندا لەناو ترومبێلەکاندا بەسەر کۆتی دەردەکەوتن، ئەوانیش شارستان بوون، سەیرە.. لەو زەرف‌و زەمانەدا بوو کە من (لەیلا) خانم ناسی.. ڕێکەوتێکی زۆر عەنتیکە بوو، بەیانێکیان کتوپڕ ژنێکی بە هەیبەت‌و خاوەن جەماڵ هاتە بەردەمی دوکانەکەم، خانمێکی عەلۆدە بوو.. پرچی پەخش‌و پەرێشانی بەردابۆوە سەرشان‌و ملی، بەرملی ڕووت تا نزیك بڵندایی هەردوو مەمکی.. خودا هاوار.. ئاگات لێم بێ‌و ئەژنۆم نەشکێ، ئەوەندە خاتوون‌و نازەنین بوو کە من ناچار بووم شەرمی لێبکەم، دەتوت دەهرێکە من چاوەڕوانی خانمێکی وا بە ویقارو نازدارم، پتر شەرمم لەو بەرگە خوێناوییەی خۆم کرد، جگە لە بۆنی خوێن.. بۆنی قشپل‌و ریخم لێدەهات، کە سەرم نەوی کرد هەردوو کەوشە ڕەنگینەکەی بە بستێك لەو گۆلاوی خوێنە دوور بوو کە لەبەردەمی دوکانەکەم پەنگی خواردبۆوە، پووزی پاك‌و سپی‌و لووسی بەدەرەوە بوو.. ئەوەیان پیاوم دەویست تەحەمولی بکات، ئاکاری وردو شیرینی حەیرانی کردم، ئالاو.. والا دەدرەوشایەوە، من حەزم دەکرد بمرم، زۆر ناشرین بووم، خوێناوی‌و چەقۆ بەدەستەوە.. چەقۆکەم لێ

www.dengekan.com

زیادبوو، عەیب نەبووایە ئانو سات کە ئەو خانمەم بینی فرێم دەداو یەکسەردەچووم بۆ حەمام، یەکەمجارم بوو تا ئەو حەدە ڕقم لەو ئیشەی خۆم بێتەوە، سرڕوسەرسام بووم، شەرمم دەکرد کە ئاواهی بەو سەروسەکوتە لەبەردەمیدا وەستابووم، ئەوەندە شۆخو شەنگ بوو حەزم دەکرد بگریم، بە عەرەبیو نەغمەیەکی خۆشەوە مەرحەبای کردم، عەسکەریم کردبوو.. بایی خۆم عەرەبیم دەزانی، کەچی یەکسەر لاڵ بووم، سەرتان نەیەشێنم.. لە شیعرە کۆنەکاندا باس لە شیرو تیرو مووژەو ئەبرۆی کەوان کراوە، بڕواتان بێ ئەو شاعیرانە هەقیان بووە، ئەو خانمە هەزار تیری دا لە جەرگم، باوکە ڕۆ لەو مایینە ژنە.. بەقەد من کەڵەگەت بوو، دوای ئەو خانمە ئیتر پێم حەلاڵ بوو ژنان عەملۆدەو سفوور بن، ژنە دکتۆری ددان بوو، هەر زوو زانیم عیادەکەی لەکوێیە، پاشان زانیم ئەو خانمە.. ئەو (لەیلا) یە کە بە هەق سەد کەسی مەجنوون دەکرد، خەڵکی موسڵە، ئاخر دوای ئەو ڕێکەوتە خۆشە چەند جارێکی دیکە هاتەوە بەردەم ئەو دوکانە خوێناوییەم، ئامۆژگاری کردم کە دەتوانم خۆمو دوکانەکەم خاوێنتر بین.. یەکسەر بەگوێم کرد، هەتا بۆم بکرایە خۆم لە خوێنو پیسی دەپاراست، کەمو زۆر کوردییەکی شیرینی دەزانی، ئەو هەڵەو پەڵە جوانانە هەر لە خۆی دەهات، کە لێم پرسی لەکوێ فێر بووە؟ تێیگەیاندم کە لە شاری موسڵ دەرو دراوسێی کوردی زۆر بووە، دوو چاوی ڕەش کە هەر دەتوت دوو قلە تریێ ڕەش میرین، ئەسمەرێکی خوێن گەرم، وام

هەست دەکرد بەسەر هەردوو کوڵمییەوە قوڵپەقوڵپ ئەو خوێنە دەکوڵێت، کەچی چەناگەو بەرملی سپی سپی دەتوت قوماشی شەعادەیە، لە هەمووی شیرینتر ئەوە بوو کە ئافرەتێکی منگن بوو، نەمدەوێرا لێی بپرسم: کچە یان ژنە تاوەکو خۆی بەر لە ماڵئاوایی درکاندی، دەتوت شاژنە، شەیتان شەرمی لێ دەکرد، بەنازەوە هەنگاوی دەنا، من چی بووم جگە لە قەسابێکی خوێناوی تا بپرسم، هەرگیز ئافرەتێکی منگنی وا مەشرەف خۆشم نەدیبوو.. هەم منگنو هەم عەڵموودە، بڵێم خەڵاتی خودا بوو یان بەڵای سەر؟ بێ عەباو پەچەو ئاواهی سیحربازو خۆشخوان، زرنگانەوەی دەنگی ئەو لە هی هەموو ژنەکان جیاواز بوو، بێ مەیخانەو مەی مەستی دەکردم، ئەو چەند ئافرەتە منگنەی من شەیدایان بووم وەك ئەو خانمە عەلۆدەیە نەبوون، ئەو شاژنە رێكو ڕاست سەیری چاوەکانمی دەکرد، هەمیشە چاوی دەشکاندم، کە دەیزانی هیلاك بوومو چیتر ناوێرم سەیری کەم، مەکربازانە دەخەنییەوە.. یانێ.. ها.. تۆم بەزاند، هەستم دەکرد بزانێت کە من تەواو گیرۆدەو کەمەندگیری بووم، جار دوای جار شەیداتری دەکردم، هەر جارەو جلێکی جیا، ڕەنگینو ڕازاوە، وای لەو پێڵاوە ناسکانەی پشتە پێ قۆقزو پەنجەکانی نەدەشاردەوە، بێباك لەو شارە پڕ لە تەپو تۆزو غەمگینەی ئێمە، دەتوت تاوسە خۆی دەلەنگێنێ، تا دەهاتو دەڕۆیشتەوە دوکاندارەکان سەد جاران خۆیان دەکرد بە قوربانی، جوانییەکەی سووكو

چــرووکی کــردین، پینەچــییەکەی بەرامبــەرم دەیــوت: کوڕینـە.. پیـاو کـە سـەیری ئـەو خانمـە دەکات دەسـتنوێژی دەشکێ، من لەجیاتی بزمار داکوتین.. پەنجەی خۆم دەکوتم، تەنەکەچییەکەی تەنیشتم دەیوت: برادەرینە بەدەست خۆم نییە کـە دەیبیـنم خـۆم تـەڕ دەکـەم، کوڕە گەنجـەکان سـەد جاران بە حەیرانی دەبوون، ئاسنگەرەکان کـە سـاڵ دوانـزەی مانگ لەبەردەمی کوورەکانیان ئاسنیان دەکوتـا بـە بیـانووی گەرماوە دەهاتنە دەرێ، کە دەهاتو دەیدواندم حەزم دەکرد خۆم وەك کەلاشـی تەگەیـەك یـان بـەرانێك بـە قەنارەکـەوە هەڵبواسـرێمو گۆشـتی لاڕانـی خـۆمی بـۆ لێبکەمـەوە، هـیچ جارێك نەبوو دەستی خۆم نەبڕم، بۆ چما چەقۆو لاکی هیچ حـەیوانێکم بـە قەنارەکـەوە دەبینـی؟ بـۆ چـما هەسـتم بـە بڕینــی دەمــاری دەســتو پەنجــەکانم دەکــرد، دواجــار وام لێهــاتبوو هەنــدێ ڕۆژ دەچــوومە ئــەو چــایخانەیەی کــە کــەوتبووە بەرامبــەر عیادەکــەی، ئــەوە خوایــە لــە هــاتو چوونێکدا چاوم پێی بکەوێ، بـەدەم چاوەڕوانی دەرکـەوتنی ئـەو خانمـە بیـست "چـا"م دەخـواردەوەو دوو سـێ پاکـەتم دەکێشا، کە چـەند ڕۆژێـك نـەدەهاتو دوا دەکـەوت، شـەوانە پترم دەخواردەوە، بە ڕۆژیـش قـسووریم نـەدەکرد، هەنـدێك جار سـۆزێکی گـەرم دڵـی دەخـواردمو دەگریـام، قەسـابەکانی دیکەو هاوڕێ عارەق خۆرەکانم جرتیـان دەکێـشاو جنێویـان پێ دەدام:

"بێ غیرەت.. ئەو بۆڕە بۆڕەت لە چییە.. داناوەشێی؟"

"بەشــەرەف لــەوە جــوانتر لــە تیاترۆخانــەکانی موسـڵو بەغدا هەیە.."

"جەماعەت.. من تەریق دەبمەوە.. ئەو نامەردە هەیبـەتی پیاوەتی تێدا نییە.."

"بۆ ناچی بکەویتە سەر کەوشەکانی ژنـانی..؟ یەکـەمجارە ببینم پیاوێکی زلو زەلام بۆ ئافرەت بگری.."

"کوڕینە.. من تێناگەم چی داوە لە قەسابی، بـۆ لـەجیاتی سەربڕینی مەڕو بزن قوماشـی ژنـان نافرۆشـی.. ئـەوە حاڵـە بەتۆوە؟"

"کراسـەکەت چـیتی مـۆرە.. تووخـوا هەڵیکـە زۆر شـۆڕە.. ها.. ها.. ها.."

"من ترسی ئەوەم لێنیشتووە ئەو خانمـە موسـڵاوییە بـەم شینو شـەپۆڕە بزانـێو پیـاوی کـوردی لەبـەر چـاو بکـەوێ.. نەچی لەلای بگری گەواد.."

"ئەرێ ناوی چییە؟"

سەرکزو شەرمنانە دەموت: "لەیلا.."

"ئێ.. جەنابیشت مەجنوونی ئاخیر زەمان.."

دەیانـدایە قاقاو پێکەنین، بـەو گاڵتـەو مەزاقـە ڕاهـاتبووم، بـەڵام نـەدەکرا لەبـەر چـاوی ئـەوان مەسـت بمو بـۆ لـەیلا بگـریم، لـەنێوان غـەزەبی برادەرەکـانمو پـێ رابواردنیـان جاروبەر خۆم تەرەو تەنیا دەگـرت.. نەیانـدەهێـشت، ناچـار، هەر جارەو بیانوویەکم دەدۆزییەوە تاوەکو خۆمیان لێ دوور بخەمەوە، چونکە تەواو وای لێهاتبوو بـە کـەڵکی نـاو پیـاوان

نەیەم، دەیەها جار شەوو نیوەشەو لەناو پێخەفەكەمدا ژنەكەم گوێی لە گریانو ناڵەو وڕێنەم دەبوو.. بەیانیان كە هەڵدەستا.. دەیپرسی:

"مەمۆ.. شەوان ناوێرم خەبەرت كەمەوە.. پیاوەكە دڵم ژان دەكا كە گوێم لە ناڵەو گریانتە.. بەدەم خەوەوە وڕینان دەكەی..!"

بە درۆ پێم دەوت: "نا.. ژنەكە.. ماندووم.. خەبەر مەكەوە.. شەوانە مەڕو بزنو مانگا سەربڕاوەكان دێنەوە گژمو دەڵێن كوا سەرەكانمان.. بە شەڕە شۆق دەكەونە گیانمو شێتم دەكەن.. چۆن نەگریم ئافرەت.. چۆن نەگریم؟"

ئەویش دڵپاكو سادەو ساویلكە دەیوت:

"دە واز بێنە مەمۆ.. دەست دە كارو كاسبییەكی دیكە"

نائومێدانە دەموت:

"تازە رۆی.. تازە رۆی.. لە دەست دەرچوو..!"

بێئاگا لە خۆی پێكەكەی هەڵدا بێئەوەی تەواوی بكات داینایەوە، من وەك ئەوەی كە غەمگینی ئەو هەموو حەزو حەسرەتو یادە تاڵو شیرینەی بم.. پێم وت:

"تۆ خۆت پیاوێكی دونیا دیتەی.. حاڵەتی وا سەیر نییە.. نە ئافرەتەكان وەكو یەكنو نە پیاوەكانیش خاوەن هەمان خدەو خوون.. جوانی لەوەدایە كە تا ئێستاش بە حەسرەتو جوانییەوە چیرۆكی ئەو ژنە منگنە دەگێڕیتەوە..!"

دەم خۆش.. هەم منگنو هەم عـەلۆدەو هـەم نـازدار.. مـن زۆر پێم نـاخۆش بـوو کـە دەهاتـە ئـەو بـازاڕە بـێ حەشـرو نەشرە، هەتا پێم گوناه بوو کە بەسەر زەویدا دەڕوا، جارێك پێم وت.. قاقا پێکەنیو ددانە سەدەف ئاساکانی دەرکـەوتن، دڵپاکانە پرسی:

"ئەی لە کێندەر بچم؟"

دەمویـست بڵـێم بەسـەر دڵـی منـدا بـڕۆ، نەمـدەوێرا.. دەترسام بتۆرێو بە ئەدەب سزم بزانێ، کـە بـە کوردییـەکی شـەقو شـڕو شـیرین قـسەی دەکـرد، مـن حـەزم دەکـرد لـە خۆشیانا بیخۆم.. حەزم دەکـرد لـە خـۆم هەڵـدەم.. باوکـەڕۆ کە عەرەبیو کوردی تێکەڵ دەکرد زمانێکی تر بوو جیـا لـە هەموو زمانە خۆشەکانی دونیا..

هەمیـشە بـە دزییـەوە لـەو چایخانەیەوە دەمبینـی، ئـەو نەیدەزانی.. لای من گرنگ ئەوە بوو گەر بۆم بکـرێ ڕۆژانـە چاوم لێی تێر بکەم، ماوەیەك.. بوو بـە هەفتـەو بـزر بـوو.. عیادەکـەی ئـەو لـە باڵەخانەیـەکی گـەورە بـوو.. چـەند عیادەیـەکی تـری تێکـەوتبوو خـۆم بـۆ نـەگیراو چـووم لـە دەرگاوانەکـەم پرسـی.. قـورگم پـڕ ببـوو لـە گریـان.. دەرگاوانەکە تێیگەیانـدم کـە دکتـۆرە خـان چـۆتەوە موسـڵ بەسـەردان.. پاشـان پرسـی چـیتە؟ پـێم وت ددانم.. ئەمـشەو نەخـەوتووم، کـە نائومێـد بـوومو ترسـام لـەوەی سەفەری یەکجارەکی بێو نەیەتەوە، زۆر دڵم بە حاڵی خـۆم سووتا، چوومە ئاودەستی مزگـەوتێكو بـە فێڵی میزکـردن

تێر گریام، زۆرم بیر دەکردو شێتو شەیدای ببووم، دەنگە منگنەکەی بە ئاوازێکی زۆر خۆشەوە لە گوێمدا دەزرنگایەوە، خەندەی پڕ نازی، قریوەی بێ شەرمو ترسی کە لە ناکاو لە قورگیدا دەتەقییەوەو لەناکاو شیرینانە خامۆش دەبوو، خۆم لەناو چەند کۆلانی گەڕەکێکی دوور لە گەڕەکی خۆمان بزر کرد، نەمدەزانی بۆ کوێ دەچم.. بۆ هەر دەڕۆم، ئەو رۆژە وەك ئەسپێکی کێویو برینداد سمکۆلانم دەکرد، بۆ رۆژی دواتر وەك ئەسپێك.. ئەسپێکی شێت بۆنی ماینێك بکات، لە دوورەوە، بۆنی ئەو خانمەم دەکرد.. دڵم دادەخورپاو هەستم کرد بۆنی ئەوەو لەو ئاسمانو دەوروبەرەدا بڵاو بۆتەوە، بۆنی ئەوەو هاتۆتەوە.. دەمحیلاند.. ئەو بەیانییە خولقی ئەوەم نەبوو گۆشت بفرۆشم، دوکانم کردبۆوەو وەك ئەوەی ماخۆلانم پێکەوتبێ دەهاتمو دەچووم، ئەو ناوەم گێرە کرد، یەك دوو دۆستی شیرینم هاتن، شەکرە ژنو منگن، بێئاگا بووم لە دونیا، شپرزەو شێواو وەڵامی ئەوانو هەر کەسێکم دەدایەوە کە بۆ گۆشت دەهاتن.. ئەمڕۆ نەخۆشم.. پرسەمان هەیە.. دەچمە شایی.. ددانم دەکێشم.. لەسەر سەفەرم.. هەر هەمووی درۆ بوو.. کە زانیم مرۆمۆچو ناشیرینمو تا درەنگتر دەبوو.. پتر خەڵکم ڕایی دەکرد یان بڵێم درۆم دەکردو دەرم دەکردن، دۆستو برادەرو ژنەکان نائومێدانەو بێ گفتی شیرین دەڕۆیشتن، وەك شێت کە ڕاوەدوونرابێت چاوم بە هەر چوار دەوری خۆمدا دەگێڕا، لە ناکاودا مەستو ملهوڕانە بە دراوسێ دوکانەکەی خۆم وت:

"هەر ئێستا دێمەوە.. چاوێکت لە دوکانەکە بێ.."
پێکەنینم بەخۆم هات کە وام وت، ئاخر کێ کاری بە چەقۆو قەنارەو چەپە چاغە؟ نازانم چۆنو بە کوێدا گەیشتمە بەر عیادەکەی، پڕ بوو لە منداڵو مەزن، پیرەژنو پیرەمێردێکی زۆر کە بەنیازی تاقمی ددان رژابوونە ئەو ناوە، زریکو هوڕی منداڵی چڵکنو چڵمن، زۆر وەستامو چاوەڕێم کرد، زۆر بێزار بوومو شێتی دیداری ئەو خانمە بووم، ناچار بە دەرگاوانەکەم وت: من پەلەمەو ئەو ژانو ئێشی ددانە لەو رۆژەوەی کە هاتمە لات کوشتوومی.. بیرتە.. درۆ یان ڕاست وتی: ئا بیرمە.. بیرمە.. پێم وت: بە دکتۆرە خان بڵێ مەمۆ ـ ی قەساب هاتووەو ددانی دەکێشێ، وەها هیلاکو پەرێشان بووم مەحاڵ بوو بڵێ ناکرێ، نۆرە بڕی بۆ کردمو چوومە ژوورێ.. بە خەندەیەکەوە پێشوازی زۆر خاتوونانەی لێ کردمو کورسییەکی لێ نزیک خستمەوە، هەردوو ئەژنۆم شکابوو، ناچار ڕوونیشتم.. چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسك.. بەو زمانە شیرینەی خۆیەوە منگاندی:
"خێر.. مەموو.. خەستە نی؟"
شەرمم کرد پێی بڵێم خەستەی تۆم.. یادی تۆم کردو ئەم شارە بێ تۆ چۆڵ بوو.. حەزم کرد گلەیی لێ بکەم کە بۆ وا بێ هەستو خوست سەفەری کردو پێی نەوتم.. نەموێرا.. ئاخر من کێمو چیم، کە خەندەکەی سەر لێوانی نەماو کاڵ بۆوە، زانیم چاوە پڕ لە فرمێسکەکانم حەیای بردوومو هەستی بە شتێکی ناجۆر کردووە، کە چوومە ژوورەوە هەر

بـه درۆ دەسـتم بـه لا ڕوومـەتی ڕاسـتمەوه گرتبـوو، بـەدەم سکاڵاو گلەییەوه کە پتر لە پاڕانەوه دەچوو توانیم بڵێم کـه بۆچی دیار نییەو چما وازی لە گۆشت خـواردن هێنـاوه؟ بـه هـــەمان خەنـــدەی شـــیرینی خۆیـــەوەو منگنانـــه باســـی سـەفەرەکەی کـردو تێیگەیانـدم کـە کـەس و کـاری نـەخۆش کەوتبوون، گێلانەو ژنانه وتم:

"قەزای ئەوانیش بکەویّ لـه گیـانم.. هـەر خـۆت نـەخۆش نەکەویت.. بە قوربانت بین.. هەموومان..!"

نیوه ناچڵ تێمگەیشتو بەو لە بزه خۆشەوه وتی:

"نەیکات..خودا.."

کـه پرسـی: چـیتە؟ هـیچ چـارم نـەما.. چـاوم پـڕ بـوو لـه فرمێـسك، هەسـتم کـرد ئەوەنـدە خاتوونـە ژوورەکـەی پـڕ کردۆتـەوه، ئەوەنـدە شـەنگە ئـەو شـارە خامۆشـەی ئێمـەی ئـاوەدان کردۆتـــەوه، پـــێم وت کـــە ئەمـــشەو تـــا بـــەیانی نەخـــەوتووم و هـــەر گیـــنگلم خـــواردووه، وەك دە مـــار لـــە هەناومدا بێ.. لە کەللـەما.. کـە پرسـی: بـۆ؟ نـەموێرا بڵـێم ئاخر یادی تۆم دەکرد، هەر بە خەیاڵی تۆوه تـەپاوتلم داوه، بەتـەنیا لـە ژوورێکـی دیکـە خـەوتم.. نـەموێرا.. نـەموێرا، حەزم دەکرد واز لە دەردی پیاوەتی بێنم و خۆ هەڵدەمە ناو باوەشی، تێر بم لـەو بـۆن و بەرامـەی.. گـەر نەیهێـشت خـۆم هەڵدەمە بەر کەوشە جوانەکانی.. چش لـە شـکۆی پیاوانـەو درۆزنانه.. ناچار وتم:

"ژانی ددانم شێتی کـردووم.. داوییـەتی لـە کەللـەم.. قـەت وانەبووم.."

که قسەم دەکرد بە هەردوو دەست ئیشارەتم دەکرد تا باشتر لێم حاڵی بێ، فرمێسکەکانم قووت دەدایەوەو خۆم گرتبوو تا نەیدەمە پرمەی گریان، نەیدەزانی بڕوا بکات یان نەیکات، خەمو قەهرەکەم دەخواردەوە چونکە دەترسام بە بێ غیرەتم بزانێو وا تێبگات هەر بەڕاستی ددان ئێشەکەم منی گریاندووە نەك یادە بە جۆشەکەی ئەو، فەرمانی پێکردم کە بچمە سەر کورسییەکی چەرم ڕەشو درێژکۆلە کە لە پژدێن بەسەرەوە کێلی دەکردمەوە، کە پرسی: کام ددانتە؟ بیرم چوو بوو.. لەپی دەستم خستبووە سەر لا ڕوومەتی چەپم، بە گومانەوە پرسی کە من هاتمە ژووری دەستی ڕاستەم بە لاڕوومەتی ڕاستمەوە بوو، ناچار وتم کە من هەموو ئازای جەستەم کەوتۆتە سەر ئێشو ئازارو هەموو دەمو ددانم ژان دەکات.. نازانم کام لایە، فەرمانی پێکردم کە دەم بکەمەوە، هەرگیز نەمدیبوو وا دلێرانە ژن فەرمان بەسەرمدا دەربکات، بەڵام پڕ بەدڵ حەزم دەکرد تا ئێوارە فەرمان دەربکاو منیش گوێڕایەڵی بم، لە ژنو پیاوە نەخۆشەکان فێری چەندین وشەی عەنتیکە ببوو، من هەر دەجووڵام.. لەناکاو لێمی پرسی:
"گەلۆر بووی؟"

سەرەتا تێنەگەیشتم، چونکە ڕۆشنایی خستبووە ناو دەممو لە ددانە خەراپەکە دەگەڕا.. سەرەتا وتم: کێ گەلۆرە خانم؟ سوور هەڵگەڕام.. پاشان کە دووبارەو سێ بارەی کردەوە بە مەقاشێك لە ددانەکانمی دەدا.. تێگەیشتم کە

لێم دەپرسیێ ئاخۆ ددانم کلۆر بووە، ئۆخژنێك بە دڵمدا هاتو هێور بوومەوە، بەدەستو پەنجە وەك ئەوەی هەڵماتێن بکەم تێمگەیاند کە کاکیلەم پل داوێتو ژانەکەی شێتی کردووم.. درۆ.. من خۆزگەم بوو لەسەر ئەو کورسییە هەڵنەستمو لەو چاوە ڕەشانەی ڕابمێنم.. کام ددانتە؟ هەموویيەتی.. ددانو پووك و زمانیشم تا دەگاتە ناو گەرووم.. دەم بکەرە.. دانەخە.. زیاترڕ.. زیاترڕ.. وا دەمم کردەوە کە تا ناو هەناوم ببینیێ.. باشە.. هیچ کام گەلۆر نییە؟ پێم وت نا یەکێك لە کاکیلەکانم، لای ڕاست کلۆرە.. وتی کەمەك.. پڕ دەبێتەوە.. ددان دەشۆری ئەتۆ؟

بە درۆ وتم: ئا.. بەڵێ.. جغەرە.. عەرەق؟ وتم: کەم کەمە.. سەری بەڕاستو چەپدا دەجوولاند یانیێ ها بەدعەمەلو درۆزنم.. چاوە گەشەکانی مەستیان کردم، زوو زوو دەیوت.. هیچ نییە دیار.. بە نەشتەرێکی باریك لە ددانەکانمی دەدا، کە سەری پەنجەکانی بەر دەمو لێوو سمێڵم دەکەوت سڕو وڕ دەبووم، تەزوویەك هەموو گیانمی دەخستە سەر مێروولە، ختووکەم دەهاتیێو حەزم دەکرد گاز لەو پەنجانەی بگرمو یەکە یەکەیان ماچ بکەمو بیلێسمەوە، مەحاڵ بوو ڕێم بدات بەو خۆشییە شا مەرگ بم.. کە زانی لەو کورسییە دانابەزم، نا ئومێدانە جێی هێشتمو بە پەلە چۆوە سەر دەستشۆرەکەو هەردوو دەستی جوان شۆریو وشکی کردنەوە، ئەمجارەیان بە دەمامكو دەستکێشەوە بۆم هاتەوە، دەمو لێوە تەنکەکەو لوتە قنجەکەی لە من شاردەوە، بەڵام دوو ئەستێرەی چاوی هەر

درەوشاوەو گەشاوە بوون، بۆ منێکی نەگبەتو سەودا سەر هەر زۆر بوو.. زۆر بوو بە دەستکێشیشەوە بێ دەستو پەنجەی بەر دەمو ددانم.. سمێڵم دەکەوت، پڕشنگی بەتینی گڵۆپەکەی سەر سەرم بوو یان سۆزێکی لەناکاوو گەرم کە وای کرد هەردوو چاوەکانم پڕ ببن لە ئاو، لە ژێرەوەش کراسەکەی بەر شەرواڵەکەم دەکەوت، دوعام دەکرد تۆزێکی دیکە نزیکتر بێتەوە، بۆنو بەرامەی خۆشی بەنجی کردبووم، دەمخواست لە باوەشیدا بەو سۆزە گەرمەوە تێر بگریم چونکە دەمزانی گەیشتن بەو خانمە مەحاڵە، دوو سێ جار ویستم بە ئەنقەست ئەژنۆم بەر ئەژنۆی بکەوێ.. نەموێرا، هیچ نییە.. مەگەر ئەشیعە بیگری.. چۆنکە ددان دەردی شاراوەی هەیە، کە وتی دەردی شاراوە، ویستم بڵێم دەردی شاراوە لە ددانمدا نییە.. بەڵکو لە دڵمدایە، حەبی بۆ نووسیمو ناردمی بۆ ئەشیعە، کە ئەشیعەم بۆ بردەوە.. عەجەب.. هیچ نییە دیار، فەرمانی پێکردم کە حەبەکانم بخۆمو دەرزییەکی ئازاری بۆ نووسیم، گوایە گەر چاك نەبووم دوای دوو سێ رۆژ سەری لێ بدەمەوە، من هیچم نەبوو.. کەچی لەبەر خاتری ئەو خانمە هەموو حەبەکانم خواردو دەرزییەکەم لە خۆم دا، من ئامادە بووم هەر سیو دوو ددانم دەربهێنم تەنها بۆ ئەوەی سەیری چاوەکانی بکەم، بۆنو بەرامبەی کەللەم پڕ بکاو بەو دەنگە منگنەی گومانم لێ بکاتو لێم بپرسێو فەرمانم پێ بکات بمرمو منیش ئامادە بم کە بمرم.. وای خودایە کە سەلارو سەنگین

بوو، سەیر ئەوە بوو کە وەك بلێی ددانەکانم وەڵام بە دڵم بدنەوە، هەر لە خۆیەوە لای چەپم ئاوساو خڕینەکانم کەوتنە ژان، کە چوومەوە ماڵێ خۆم هێنایە حاڵی جان، دایکی شوان سەیری پێدەهات کە پیاوێکی زلو زەبەللاحی وەك من لەتاو ددان ئێشە زووڕە زووڕ دەگریم، ئەو نەیدەزانی کە من دەردێکی دیکە هۆشو گۆشی نەیهێشتوومو دەمگرێنێ..

دەقیقەو سەعاتم دەژمارد تا بچمەوە لای، ئەو دوو ڕۆژە ئاگام لە دوکان نەمابوو.. دەرودراوسێ دوکان بۆیان داخستبووم، سێ ڕۆژم پێ تەواو نەکرا، بە گومانەوە لێم وردبۆوە، بە نەرمە غەزەبێکەوە دەیوت کە من بەلام نییە.. دوو سێ جار هەر ئاواهیو.. وازم نەهێنا، ئاخر هیچ بیانوویەکی دیکەم نەبوو، تا ناچار بوو بۆ دواجار، نائومێدانە، ددانێکم بکێشێ، من هەر لە خۆمەوە دەستم لەسەر یەکێك لە کاکیلەکان داناو.. وتم: ئەوەیان کوێری کردووم، دەمزانی دەرکێشانی کاکیلە زۆر زەحمەتە چاوەکانی پڕ بوون لە خەنینی درۆو مەکربازانە، وەك بزانێت درۆ دەکەم.. چش.. گرنگ ئەو بوو ئەو ژنە خاتوونە خۆیم لێ نزیك دەخاتەوە، دەمدوێنێ، دەستو پەنجەی بەردەمو ددانم دەکەوێ، ویستی دەمو ددانم بەنج بکات، سوێندی شەرەفم خوارد کە مەحاڵە.. بۆ من منداڵم؟ ئاخر ئەو نەیدەزانی کە من تەنها بە نیگاکانی، بە بۆنی ژنانەی کە خێلم دەکات، بەو دەنگە کەرخو منگنەی کە مەستم دەکات بەنج ببووم، جا هەر بەڕاستی وابوو، بەسەر

منو کورسییەکەدا دەنووشتایەوەو ژنانە پێی دەوتم کە من قەسابێکی ئازام، پەنجە نەرمەکانی لەودیو دەستکێشەوە تەزووی دەخستە گیانم، ئەوانە چەقۆو نەشتەرو مەقاشو گاز نەبوون بەدەستییەوە، باقو بریقیان پتر لە هی ئەنگوستیلەو بازن دەچوو، دەمامکی تا ناوەڕاستی لووتی قنجی هەڵکشابوو، چاوەکانی دەبریسکانەوەو لە دەمە بۆگەنەکەی منیان دەڕوانی، لەو ژوورەدا تاکە شتێکی زیندوو چاوەکانی ئەو خانمە بوون، گازەکەی لە ددانم گیر دەکرد، من بێباکتر بووم لەوەی بزانم کاکیلەیە یان خرێنە، من ئازارەکەم لێ دەبوو بە خۆشیو دەخەنیمەوە، تا بینوێنم ئازاو بەجەرگم، کەچی ئەوەندە میهرەبان بوو دڵی نەدەهات، گوێم لە قرچە قرچی گازەکە بوو کە گیری دەکرد لە بنی ددانێکم، من لە چاوانی ڕەشی ورد دەبوومەوە، ئەم بە سۆزی خوشکێکەوە دەیویست سەرم بەلای چەپدا وەرسوڕێنم، بۆ پشتەوە تاوەکو جوان ناو دەمم ببینێو دەستی بخێوێتێ، من بیرم دەچۆوەو ئەو میهرەبانتر هەوڵیدەدا سەرم وەرسوڕێنێ، بەدەم سەر شۆڕکردنەوەو قژی پەخشو بڵاوی دەڕژایە سەر شانو ملم.. سەر سەرم، ئانو سات کە بیری کەوتەوە، تۆپەڵی کردو بەتەوقەیەك ڕاگیری کردو لەو جوانییە بێبەشی کردم، ڕۆشنایی ئەو گلۆپە زەردە نەیدەتوانی دوو گوڵاڵە سوورەی سەر کوڵمی ئەو نازدارە لە من بشارێتەوە، لە ناکاو دەستی لەرزیو دیسانەوە باسی بەنجی کرد، بۆ من ئەو سووکە شەڕە

www.dengekan.com

بەلەزەت بوو، ئەو دەیوتو من سوێندم بە خوداو دارو بەرد دەخوارد کە بەم ژانە قورسەی ددانمەوە دەڕۆم یان مەرجە بێ بەنج ددانەکەم بۆ دەربکێشێ، جا نەشمیلێکی وا لەگەڵ بەرانێکی وەك من چی پێدەکرا، دواجار نائومێدانە وتی: "أمرنا لله" فەرمانی کرد کە تەواو دەمم بکەمەوەو نەجووڵێم، جا هەر واش بوو.. بشمردبام.. نەدەجووڵام، من کەوتبوومە بەردەستی خانمێکی وا خەنی لە خۆم، دڵنیابن گەر پێی بگوتبام واز لە عارەقو جگەرە بێنە.. دەمکرد.. دەیەها جار گازەکەی دەستی لە ددانەکەم گیر دەکردو دەخزی، جا خۆ ئەوە ددان نەبوو من هەمبوو.. ددان ددانی گورگ بوو، نائومێدانەو بەوپەڕی شەرمەوە دەمویست کە پێی بڵێم ڕەگی قووڵە، نەدەکرا، زەندەو باسکیو دەستی نەرمو نیانی هی ئەوە نەبوو ددانی تەگەیەکی وەك من بکێشێ، من تا ناو هەناوم بۆنی زۆر خۆشی ئەوم هەڵدەمژی، بە خەیاڵیش دەستکێشەکەم دادەماڵیو سەری پەنجەکانیم ماچ دەکرد، ئەو بێئاگا لەوەی کە من چ هەوەسێك مەستو بێ هۆشم دەکات، بۆنی سەرو پرچی جیاواز بوو لە بۆنی سینەو بەرۆکی، ئەو جاروبارەی کە بەدەم ددان کێشانەوە گازەکە دەخزیو تەواو لە بنو بۆتکەی ددانم گیر نەدەبوو، رادەتەکیو بە حاڵ ڕەتی دەبردو بێئاگا لە خۆی بەرم دەکەوت، پووزی نەرمی لەسەر شەرواڵەکەوە بەر بەلەکم دەکەوتو سەرلەنوێ بەنج دەبوومو دەبوورامەوە، چاوەکانم دەنووقاندو هەر بە خەیاڵ شەیداو عاشق خۆم لە باوەشی ئەودا دەبینییەوە، هەناسە

بڕکێی پێکەوتبوو، هەناسەی گەرم‌و پاکی، خۆزگەم دەخواست ئەو ددان کێشانە چەندین رۆژو شەو بخایەنێ.. نا تۆ بڵێ دەهرێك، ئەوەندە ملکەچی ئەو حەزە گەرمەی خۆم بووم کە دەمخواست لەجێی ددانە کێشراوەکە خوێنم فیچقە بکات‌و نەوەستێ تا لەو ژوورەی ئەودا درەنگتر بێمە دەرەوە، نیوە مردوو بم‌و چش.. بەتەنها لەو کارمامزە ڕابمێنم‌و بەس، دوا تەکان‌و ئاخ.. لە بن‌و بۆتکەوە ددانەکەمی دەرکێشا، خەریکبوو بە پشتدا بکەوێ، منی زۆر حەرامزادە هەرگیز هەلی وام بۆ نەدەڕەخسا، بۆیە یەکسەر بە فرسەتم زانی‌و دەستی ڕاستەم لەلاوە بۆ کەمەرو پشتی درێژکرد.. توند رامکێشاو گوشیم بەو نیازەی کە نەکەوێ، کە نیگام کرد ئارەقەی کردبۆوەو زەنگوڵ زەنگوڵ لە هەنییەی دەتکا، وتی ـ "عەفوو.. مەمنوون.." ویستم پێی بڵێم من مەمنوونم کە ئەوەندە هیلاکم کردی.. بەمن بووایە ئارەقەی سەر ڕووخساری بخۆمەوە، سەیری ددانەکەی کردو بە خەمێکەوە وتی: "عەیبی نییە ددانەکەت".

بە پەلەو وەك ئەوەی خۆم لەو درۆو ساختەبازییە پاك بکەمەوە بەدەست ئیشارەتم بۆ دەکرد کە ئەو ددانە کوشتبوومی، بەدەم قسەوە لۆکەی دەخستە جێی چاڵبووی ددانەکەم‌و فەرمانی پێکردم کە دەم داخەم‌و لەسەر کورسییەك، هەر لە ژوورەکەی خۆی، دانیشم‌و پشوو بدەم، دەترسا لەوەی خوێنم نەوەستێ، حیسابی سەعاتم نەکرد..

بەڵام سرتر بووم لەوەی تێبگەم چیم کردووەو هەر چاوەڕێ بووم، گرنگ ئەوە بوو لەو دولبەرەم نزیک ببمەوە، جا چ زیندوو چ مردوو، دوای پشوویەکی درێژ سێ چوار جار فەرمانی پێکردم کە بڕۆم، خۆم لە گێلی دا، کەچی چەند بارەی کردەوەو دڵنیای کردم کە خوێنم نییە، وەك عاشقێکی نائومێدو دەرکراو ملم نا، نەچوومەوە ماڵێ، یەکسەر بەو دەمەو ئێوارەیە چوومە یانەی فەرمانبەران تا مر بووم خواردمەوە، دەمخواردەوەو لەناوەوە بەزۆر قوڵپی گریانێکم ڕاگرتبوو، کە شەو چوومەوە تەواوێك سەرخۆش بووم، ژنەکەم بەدیارمەوە ئێشکی دەگرتو بۆ گریانم دەگریا، سەرتان نەیەشێنم ئەو شەوە ژانی حەزی ئەو ژنە منگنە نەیهێشت بخەوم، نەك ژانی ددانە دەرکێشراوەکەم، دوو ڕۆژان چاوەڕێ بووم.. نەهات، هەر لە هەمان چایخانە دانیشتمو چاوشارکێم بوو، بێ ئۆقرەو هیلاك.. کە هات بە هەڵەداوان لە جادەکە پەڕیمەوە، وەها شێتانە خەریك بوو قەمەرەیەك بمشێلێ، نەمهێشت یەك نەخۆش بچێتە لای، دەرگاوانەکە ببوو بە دۆستم، بێ فەرموو لێکردن چوومە ژوورەوەو دەستم بە لا ڕووتمەوە گرتبوو، بێ ئەوەی لێم زویر بێ خێرهاتنی کردم، زانی درۆ دەکەم، زانیم کە دەزانێ درۆ دەکەم، بەڵام لە درۆ زیاتر چیم پێدەکرا، لەوە دەچوو ڕامبهێنێ ئەو مەیلە دابنێم، چونکە پێی لە دوکانەکەم بڕی بوو، سوێندم بە پێغەمبەرو قورئان دەخوارد کە دیسانەوە دەمو ددانم ژان دەکات، بێ سوود بوو، ئەمجارەیان دەستم کرد بە گریان، دەستی گرتمو خانمانە

وەك ئـەوەی ڕێنمـایی منـداڵێكی گرینـۆك بكـاتو لەسـەر كورسـییەك داینـام، تـەریق بوومـەوە كـە ئـاواهی بـە كـوڵ دەگریـا، بەوپـەڕی جورئەتـەوە سـەیری هـەردوو چـاوە تـەڕەكانمی كـرد، دەكـولاەو قولێـەقولپ هەنـسكم هەڵـدەدا، بـەدەم دەسـت گوشـیینەوە كـە دوور بـوو لـە هـەوەس دڵـی دەدامەوە كە ئەگەر ژێر نەبمەوە.. ئەویش لەگەڵمدا دەگری، بەدەست خـۆم نـەبوو، دەتـوت هـەموو تایەفەكـەم مـردووە، ئـاوی بـۆ هێنـام، لـە كـوێو چۆن؟ نـەمزانی، دەستەسـڕێكی سپی بۆنداری لـە جانتاكـەی دەرهێنـا تـاوەكو فرمێسكەكانم بسڕم، لەوە دەچوو خۆی جگـەرەكێش بـێ، جگەرەیـەكی بـۆ ئاگردامو بە ڕوومەوە خەنییەوە وتی:

"وانەكە.. لوتفەن.. وانەكە.. ئاوها نابێ!"

بەوپەڕی بێدەسەلاتیمەوە وتم:

"بەدەست خۆم نییە دكتۆرە..!"

بە عەرەبیو كوردی تێیگەیاندم كە پێی ناخۆش نییە من سەرسامم بەلام خەم لەو هەموو بێتاقەتییەو ڕۆحە شێتەی من دەخوات، بە كـەمێك زویـر بوونـەوە گلـەیی لێكـردم كـە چۆن دەبـێ بـۆ دیتنێـك ددانـێكم بكێـشێ، پاشـان زانـیم كـە موسڵمان نییە، بەڵكو گاورەو دەستگیراندارە، پێی وتم:

"عەنتیكەیە ئەتۆ قەسابێكی عاتیفی..!"

دواجار بەدەم گریانەوە پێم وت كـە وەك جـاران سـەردانی دوكانەكەم بكاتو منـیش گۆشـتی هـەرزان یـان بەلاشـی پـێ ببەخشم، ئەو لوتفەی منی پێ خۆش بوو..

www.dengekan.com

ئەو ژنە منگنە باسی دەیەها حەکایەتو حاڵەتی بۆ کردم تا تێبگەم کە شەرم لەو سۆزەی خۆم نەکەم، سەدەها کەسو حاڵەتی وەك من هەیە پێویست بە خەمو قەهر ناکات، ئەو خاتوونە دەستی لە ملم کردو سەرمی ماچ کرد، لێی پرسیم کە ئەو چی بکات تا وەکو من دڵم وا تەنگ نەبێ، زمانم تەتەڵەی کردو دووبارە تکام کرد کە دوکانەکەم ئاوەدان بکاتەوە بە هاتنی، بەڵێنی نەشکێنێ، ویستم دەستەسڕە سپییەکەی بدەمەوە کە بە فرمێسکەکانم تەڕ ببوو، بە میهرەوە تکای کرد کە ئەوەیان دیارییەکی سادەیەو مەرجە قایل بم، ئەو فریشتە منگنە تەنها سێ مانگ لەم شارەی ئێمە مایەوە، ڕۆژێك هاتو کەمێك شپرزەو بێ ئۆقرە دەرکەوت، منگاندیو داوای کرد کە سبەی پێشنیوەڕۆ بچمە عیادەکەی، دەقیقەو سەعاتم ژمارد تا ڕۆژی دواتر، لە بەیانییەوە چوومە چایخانەکەو قاوەڵتییەکەشم بردە ئەوێ، کە هات.. کەمێك چاوەڕێ بوومو خۆم نەگرت، دیسانەوە فەرمووی دانیشە ئاو.. چا.. جگەرە.. قسەی شیرینو پاشان بە خەمێکی خانمانەوە کە هەر لە خۆی بێ:

"ئییدی.. تەمام ئیشی من لێرە.. دەچم لە موسڵ.. سوبحەینێ.."

نەمتوانی بپرسم چۆنو بۆ؟ لەپڕ دامەوە پڕمەی گریان، ئەویش دیسانەوە دەستی خستە سەر دەستمو توند گوشی، هەڵیساندمو دەستی لە ملم کرد، کەم ژنی ئاوا بە جەرگو ئازام بینیبوو، ئەو ڕێزو میهرەبانییەی منی خەساند، زانیم کە زۆر سکی پێم دەسوتێ، خوشکانە سەرمی خستە

www.dengekan.com

سەرشانی، تێیگەیاندم کە ئەویش سۆزێکی زۆر جوانو پاکی بۆ من هەیە، سوێندی بە عیساو ئینجیل خوارد کە جاروبار سەردانم بکات، لەتە کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێناو کە ناوونیشانی عیادەکەی خۆیو دەستگیرانەکەی تێدا نووسرابوو، زۆر بە متمانەوە وتی کە حەز دەکات بیناسمو بمناسێ، گوایە ئەویش وەك من حەزی لە خواردنەوەیە.. دەبوو قەساب بێ چونکە زۆر عەسەبیو گۆشت خۆریشە، ئەو دەدواو من هێشتا لە گریان ژیر نەببوومەوە، پێی وتم:

"ئەویش خۆشی دەوێ لە من.. گری گری"

دیسانەوە دەستەسڕێکی لەبەر باخەڵی بەروانکەکەی دەرهێناو ئەمجارەیان ڕەش بوو، بەلاقرتێوە وتی:

"ئەوە دووەم مەندیلە"

پێم وت: "نا.. تکا دەکەم.. من دڵم نەهات دەستەسڕەکەی دیکەش بەکار بهێنم.."

ئیشارەتم کرد بەدەست کە تەقەت پاراستوومەو هەڵمگرتووە، شەو کە دەنووم دەیخەمە ژێر سەرینەکەم.

هەر بەدەم خەندەوە تکای لێ کردم کە ئەو مەندیلە ڕەشەشی لێ وەربگرم، سپییەکە بۆ ژێر سەرینو ئەم ڕەشە بۆ سڕینەوەی فرمێسك.

کەوتمە سەر کورسییەکەمو دامەوە پڕمەی گریان، دەتوت لەناکاو هەردوو ئەژنۆم شکاون، فرمێسکم پێ نەما.. ئەویشم گریاند، من زاتم نەکرد فرمێسکەکانی بۆ بسڕم، ئەو ڕۆژە هیچ نەخۆشێکی دیکەی نەبینی، ئاخر من بە

www.dengekan.com

بیست نەخۆش هەبووم.. زۆر بە زەحمەت ژیری کردمەوە، نەیدەزانی چیم لێ بکات، زوو زوو هەردوو ناو لەپیم بە فرمێسك تەڕ دەکردو لێدەگەڕا ماچیان بکەم، وەك گوناهبارێك لەبەر قاپی غەوسێك بکەوێ لێی دەپاڕامەوە کە لەیادم نەکات، هیچ حەیاو حورمەتێکی پیاوانەم لەلا نەمابوو، قەت وا زەلیل نەببووم، کەچی ئەو خانمە زۆر نەشمیلانە دەیوت: وامەکە.. خەراپە.. وامەکە.. بیرمە فێری دەکردم کە ئەگەر کەسێکم خۆش ویست ناکرێ هەموو دڵو ڕۆحی خۆمی بدەمێ، چونکە کە ئەو نەما.. منیش دەفەوتێم، لەوە نەدەچوو تەنها بۆ ئەو بگریم، شتێك لە ناوەوە دەیگریاندم.. شتێك وەك خەسارەتی هەموو تەمەن، لەسەر کورسییەکە ڕاستی کردمەوە.. عەیبە.. تەواو.. حەزم کرد دەستبەجێ بە گوێی بکەم تاوەکو بزانێت چەندە لەلام ئازیزە، فرمێسکەکانم قووت دایەوە، ناو هەناوم پڕ بوو لە گریان، دەترسام هەرگیز نەیبینمەوە، سوێندی خوارد کە لەگەڵ مێردەکەی یان کە بۆ کارێك هات سەردانم بکات، داوەتی زەماوەندەکەی کردم، ئاهەنگێکی شاهانە بوو، لەو شاییو زەماوەندەدا سێ کەس بەدوامەوە بوو خزمەتم بکات، لێتان ناشارمەوە، لەو زەماوەندەدا بە چاوێك دەگریامو بەچاوێك پێدەکەنیم، ئەنگوستیلەیەکی گرانبەهام کردە دیاری دەستو پەنجەی.. بە چرپەوە لەلاوە کە سوپاسی کردم هەر بۆ خۆشیو مەزاق وتی: وا سەیرم مەکە.. غیرە دەکاو دەتکوژێ، پاشانیش زانیم مێردەکەی دکتۆری دڵە، منیش بە مەزاقەوە پێم

دەوت: "دوای تـۆ تووشـی دەردەدڵ بوویمـە" پێکـەنیو پێـی وتم: "خوا ڕەحمی کرد هەموو ددانەکانتم نەکێشا.."

هـەراو زەنـای زەماوەندەکـە ئەوەنـدە زاڵ بـوو کـە کـەس گوێی لەو ڕازو نیازانە نەبوو.

کە باسی ددانمی کـرد وەك منـداڵێك کـە گونـاهی کردبـێو بیشارێتەوە، نەمزانی چی بڵێم، سەرم نەوی کردو چاوەکانم شاردەوە، ئەوەندە هاتو چـۆی موسـڵ ــ م کـرد ببـوومم بـە بـرادەری چـەند قەسـابو جەڵەبـچییەکی ئەوێنـدەرێ، دوو جار لەگـەڵ مێردەکـەی هاتـەلام، منـیش سـەردانم دەکـردن، هـەردوو لا میوانـداری یەکـدیمان دەکـرد، پاشـان مـن لـە گومانو غیرەی مێردەکەی ترسـامو کـەمم کـردەوە، تـا بڵێـی پیاوێکی مەشرەف خۆش بوو.. بەغیلیم پێ دەبـرد کـە ئـەو خانمـە ژنییـەتی، جـارێکیش بەیەکـەوە خواردمانـەوە، مـن گریامو سەیری پێهات.. میـوانی مـن بـوون لـەناو باخـەکانی شەقڵاوە، ئەو نەیزانی بۆچی دەگریم، ئەو خانمە ئەوەندەی باس کردبووم کە کردبوومی بە براو کەسی خۆی، گوایە من تاکە پیاوێك بووم کـە لـەو شـارەی خۆمـان بـۆ ئـەوێکی ژنو هـەم غـەریبو تـەنیا پـشتو پـەنا بـووم، بۆیـە دەروازەی ماڵەکەی بۆ من کراوە بوو.. بەڵام مـن.. منـی شـێتو وێـتو بـەرباد قـەت نـەمتوانی ئـەو حـەزو سـۆزە زۆرە لـە خۆمـدا بکوژم، هەمیشە دەهاتە خەونم هەواو هـەوەسو تـەماعێکی ئەوتۆم بۆی هەبوو کە قەت نەموێرا نـە لای خـۆیو نـە لای کـەس باسـی بکـەم، بـە چـاومەوە دیـار بـوو، لـە ترسـاناو لـە

شەرمی خۆم، لە داخو حەسرەتی ئەو خەیاڵە خەراپەم هاتوچۆم کەمتر دەکردەوە، لەوە دەچێ من خوێنێکی ڕەش بەدەمارەکانمدا بگەڕێ.

بەدەم فرمێسك سڕینەوە باوێشکێکی داو چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، مەستو خەواڵوو، بە دەستەسڕە ڕەشەکەی کە دیاری دکتۆرە لەیلا بوو فرمێسكو ئارەقەی سڕییەوە، من تەواوێك نوقمی خەیاڵات بووم، هەمووومان سڕو سەرسام بووین‌و نەماندەزانی چی بڵێین، بەدەم گوێگرتن لەو حەکایەتە نەمزانیبوو چەندم خواردۆتەوە..

چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك، لەژێر تریفەی مانگو جریوەی ئەستێران دەبریسکانەوە، من بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی پیاوێك بەو هەموو ساڵانەی تەمەنەوە یادەوەرییەك، سۆزێکی دێرین، ڕووخساری ژنێك، حەزێکی راگوزەر، ئارەزوویەکی نامرادو کوژراو تا ئەو ڕادەیە غەمگینی دەکاتو تا هەنووکەش فرمێسکی پێ دەبارێنێ، لەو هەموو جێ تیغە ورد دەبوومەوە ــ ڕێ ڕێ بەسەر هەموو پەنجەکانییەوە، هەردوو پشتی دەستییەوە، کۆنە برینی سارێژ بوو بەسەر دەستی چەپییەوە لە ژمارە نەدەهاتن بە بەراورد لەگەڵ کۆنە برینەکانی سەر دەستی ڕاستی، دەمارە شینەکانی ژێر پێستی هەردوو باسکی ئەو پیرە دڵتەڕە هێشتا خوێنێکی گەرمی دەشاردەوە کە لەوە نەدەچوو ئامادە بێت سارد بێتەوە، خامۆش بووین‌و شەرممان لە فرمێسکی ڕانەگیراوی دەکرد، لەو هەناسەیەی کە بەزۆر لە خوداو لە ئاسمان‌و لە هەوای ئەو سەربانەی وەردەگرتو

زەحمەتتر دەیدایەوە، لە ناکاو قومێکی قوولّی لە پێکەکەی خواردەوەو چۆڕی تێدا نەهێشتو وتی: "من بێ دڵی خۆم نەکرد.. بەڵام ئەوەندە دەزانم کە ئەو ژیانەی من هەر هەمووی سەرشێتیو دەردەدڵ بوو..!"

ڕووی لەمن کردو باوکانە وتی:

"تۆ حەز دەکەی دڵم بدەیتەوە.. من یەکجار لە ژیانما دڵدانەوەم پێ خۆش نەبووەو.. ڕقم لێیەتی.. هەتا ئەو وەختەش کە خاتوو لەیلا بۆ دواجار دڵمی دایەوە.. من لام وەکو ئەوە وا بوو کە بۆ مردوو بگریتو شینو واوەیلات بێ.. وا بزانی زیندوو دەبێتەوە..!".

گێلانە وتم: "شەرمەزارم.."

بە پەلەو دۆستانە چرپاندی:

"دوژمنت.. هیچ ناکرێ.. پیاو چەندە بەخۆیەوە بنازێ.. لەبەردەم سیحرو جوانی ژنێکدا ئەو نازو فیزە دەدۆڕێنێ.. وەك باوکە ئادەم کە بەهەشتی دۆڕاند.. پیاو بەفیزو فەڕوحە، بەڵام درۆزنو ڕیاکارە.. هەریەك لە ئێمە فیزێکی بۆشو بەتاڵی هەیە.."

لە یەکدیمان دەڕوانیو هیچمان نەدەوت، هیچمان نەمابوو بیخۆینەوە، لە بنی قاپەکە بایی پێکێك مابوو، بەچاو لە یەکدی گەیشتین کە ئەو دواپێکە خەڵاتی ئێمە بێ بۆ ئەو پیاوە پیرو سەوداسەرە، هەستمان کرد کە گەرەکییەکی مەستتر بێ، بەجۆرێك کە هەموو یادە تاڵو شیرینەکانی لەیاد بکات یان هەموویانی وەبیر بێتەوە، بەدەستێکی

www.dengekan.com

لەرزۆکـەوە، بـێ ئـەوەی فـەرمان دەربکـات، بـە خاوەخـاو پێکێکی بۆ خۆی سازاندو ئێمەش ڕامابووین، باوکانـە داوای کرد کە هەریەکەو قەیتانێکی لێ بخۆینەوە.. ئەوسا ئـەو دوا قـەیتانی لێ فـڕ دەکـات، لـەنێوان نـەخێری ئێمـەو ئـەرێی ئـەودا.. ئـەو بردییـەوە، وەك پێـشەوایەك کـە هەمیـشە بـە سەرکەوتن ڕاهاتبێ وتی:

"هەڵیدەن.. بەخۆشی مانەوەمان لەگەڵ ئێوەو.. نەبا ئەوە دوا مەجلیسی خۆشی من بێ.."

بەیەك بین هەڵیـداو بـە زمـان سمێڵی لستەوە، پێکەکـەی داناو تێهەڵچۆوە:

"هەروا کۆكو تەبا بن.. لە دونیادا لە موحیبەتی هاوڕێو دۆسـتان خۆشـتر نییـە.. دەزانـن مـن کـە هاتمـە لاتـان دەستنوێژم هەبوو، بەڵام موحیبـەتی ئێـوەو دڵـە حیزەکـەی خـۆم.. دەی.. مـن هـەر وا بـووم.. قـەت چـاك نـابم.. پیرەمێردێکی بێ وادەو بەڵێنم لەگەڵ خۆمو خودای خۆم.."

ڕاماو پاشان بە پەلە وتی:

"بەڵام لەگەڵ دۆستەکانم سەر ڕاست بووم.."

بە لاقرتێوە وتم: "دۆستی ژن یان پیاو؟"

"هەردووکیان" خەنییەوە. "بـەڵام تـازە تـەواو.. مـن تـازە کەسم نەما.. جگە لەو پیرەژنەی وا لـە خـوارەوە خـەوتووەو خەون بە بەهەشتەوە دەبینێ.."

بە هەلم زانی کە زەردە نیشتە سەرلێوانیو پێم وت:

"دەکرێ پرسیارێك بکەم.. مامی خۆم؟"

"جا بۆ نایکەیت.. برازا.. ئیزنی ناوێ.."

"پرسیارەکەم کەمەك ناخۆشە.."

"خۆ لە پیریو مەرگ ناخۆشتر نییە؟"

"هەر ئەوەشە پرسیارەکەم.. تۆ کە ئەوەندە گەرمو گوڕ ژیاویت.. لە مەرگ ناترسیت.. کە گەنج بووی.. یان ئێستا.."

سەری نەوی کردو ئاخێکی هەڵکێشاو لاوونیو لە من ڕاماو سەیری پێکەکەی کرد کە چۆڕێکی تێدا مابوو.. هەڵیگرتو بەدەم گەمەکردن بە پێکەکەوە وتی:

"لەوە دەچێ ئەمشەو دوا شەوی عومرم بێ چونکە زۆر مەستم.. مەستم بە ژیانو بە مەرگێك کە وەك گورگێکی برسی وا لەو قوژبنی سەربانەوە خۆی مەڵاس داوە.. ئێوە گەنجن.. زەحمەتە وەك من ئەو گورگە هارە ببینن.. جا بۆ دەبێ ببینن.. برازا تۆ زۆرت پێیەو کەمی دەردەخەی. ئەمشەو ئافرەتو مەرگتان بیر خستمەوە.. خودا بتانگرێ.. مەگەر ئەو عارەقە هۆشو گۆشم ببات..!"

کە زانیم بەم پرسیارە خرۆشا، شاگەشکە بوومو بیرم لەو چیرۆکە پڕ لە حەسرەتو کەسەرەی دەکردەوە کە لە دڵیدا تەقەت وەك دانەی گەوهەرێك پاراستوویەتی، وەك دەروێشێك کە جەزبە لێی بداتو بکەوێتە سەرحاڵی خۆی هەموو ئازای جەستەی بەدەم هەژانێکەوە تاوتاو رادەتەکیو تاوتاویش دەلەرزی، بۆ مەرگی ژانێك لە رۆحی خۆیدا تەقەللای دەدا، لاوو نیو.. بە چاوێکی پڕ لە خۆشەویستیو سووکە گلەییەك لە من ڕاما، وەك کەسێك کە شتێکی

www.dengekan.com

گەورەی دۆڕاندبێ، شتێك بەقەد سووتانی هەموو عومر.. بەقەد خوێنی ڕژاوی سەدەها مەڕو بزن، بەقەد هەموو ساڵەکانی پڕ لە سۆزو شەیدابوون بۆ ژنە منگنەکان.. تاقانەی ناو ژنە منگنەکان، سمێڵی بە دووکەڵ زەردبووی خۆی لستەوەو وتی:

"بێ ترس‌و شەرم وەڵامت دەدەمەوە.. گەر ئافرەت لەم دونیایەدا نەبووایە.. ئەوەندە وەك ئێستا لە مەرگ نەدەترسام، هەر لەتاو خۆشی‌و جوانی ئافرەت گەلەك ڕقم لە مەرگە، زۆرم پێ ناخۆشە من پیر بووم‌و دەمرم.. دوای من ئەو هەموو ئافرەتە ناسك‌و نازدارو منگنانەش بەسەر دونیاوە بمێنن، وا هەست دەکەم کەس وەکو من چیتر دڵی بێوەژن‌و قەیرەو ئەو هەموو کچ‌و خاتوونە دڵساردانە ڕاناگرێ، ڕاستە من قەسابێکی سمێڵ بابڕو خوێناوی بووم، بەڵام کەس وەکو من دڵی بۆ جوانان نالەرزێ.. ئەوساو ئێستاش.. ڕەنگە سەبەبەکە ئەوە بێ کە من هەمیشە دەستم لەناو خوێن‌و مەرگدا بووە.. بەڵێ.. بەتەنها ئەوە بەسە وا بکات لە مەرگ بێتاقەت بم.."

ویستم بەپەلە پیری‌و ترس لە مەرگ ڕاوبنێم، خەیاڵی قیامەتی بۆ خۆش بکەم‌و کەمەکێ گوشادی بکەم:

"بەڵام مەترسە..!"

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم‌و تێهەڵچۆوەو دلێرانەتر بەرپەرچی دامەوە:

"نا.. شتێك نییە لێی بترسم.. من گوتم لە مەرگ بێزارم.. تاقەتم نییە بمرم‌و.."

منیش بە پەلە وەك ئەوەی لە نیازی ئەو گەیشتبەمو ڕستە قرتاوەکەم تەواو بکەم.. بە شەرمێکەوە پێم وت:

"دەزانم ناترسی.. من ویستم بڵێم.. لەوێ.. لە قیامەت.. لە بەهەشت حەفتاو دوو حۆری ناسكو نازدار چاوەڕێتن.. هەمووشی پەریزادەن..!"

"جارێ من تێناگەم بۆ حەفتاو دووەو حەفتا نییە ئەو دووە چییە.. هەتا گەر واش بێ.. جیاوازە.."

بە گومانەوە پرسیم: "جیاوازییەکە لە کوێدایە؟"

"لەوەدایە کە من لەوێ قەساب نیمو لەتاو ئافرەتێکی منگن دەستی خۆم نابڕم.. دەزانی ئەمەیان بۆ من چ خۆشیو لەزەتێکی تێدایە؟"

یەك بە دونیای ئەو سەربانە تریقامەوە، بە پەلەو لە شەرمی ئەو پیرە قەسابەو دونیای خەوتووی دەوروبەرم قریوەکەم خنکاند، قریوەیەکی پڕ لە سەرسامیو خۆشنوودی، سەرسامی ئەوەی کە پیرەقەسابێکی وا لەم شارەدا هەیە ئەوەندە بەم خاكو خۆڵو سەربانو زەوییەوە بەستراوەتەوە، لە پەریزادەکانی بەهەشت بێزارەو حەز بە چرپەو ڕازو نیازی ئافرەتێکی منگن دەکات لەناو بازاڕێکی بێ سەروبەرو جەنجاڵدا، خۆم بۆ نەگیراو قاقا پێکەنیم، شوانو عەبە ـ ش لەگەڵما خەنی بوون، وام هەست کرد ئەستێرەکانیش لەگەڵ ئەو خەنینە پتر ڕاچڵەکینو درەوشانەوە، مانگیش وەك ژنێکی چاوپانو دەم پان خەنییەوە، شتێك لە هەواکەی سەرسەرمان شپرزە بوو، شا

www.dengekan.com

گەشـكەو سەرمەسـت بـووم، فـڕیم‌و نیـشتمەوە، ئـاە.. كـە سەیرە پیرەی قەساب حەز بە حـەفتاو دوو حـۆری ئاسمانـان ناكا چـونكە لەوێنـدەرێ نـە قەسابەو نـە ئـافرەتێكی مـنگن نیو كیلۆ گۆشـتی لێ دەكـڕێ، لەوێنـدەرێ نـاتوانێ بەخـشندە بێ گۆشتی بەلاش بدا بە بێوەژنەكان‌و دڵی قـەیرە كـچەكان ڕابگرێ.. ئان‌و سات خـەیاڵی پـەرت كـردم كـە بـە خەمـەوە وتی:

"جارێكیـــان لەگـــەڵ دەســـتگیرانەكەی دكتـــۆرە لـــەیلا دەمـانخواردەوە.. باسـی مـەرگ‌و ژیـان‌و خۆشەویـستی بـوو.. ئەو پیاوە زۆر عاقڵ بوو.. قسەیەكی كرد قەت لەیادم ناچێ: وتـی مـن بـڕوام وایـە هەقـە ئێمـەی ئینـسان كـە ئەوەنـدە عومرمان كورتە بیر لە مەرگ نەكەینەوە مادامەكێ دەژیـن، چـونكە كـە مـردین مـەجاڵی ئـەوەمان نـابێ بـیر لـە ژیـان بكەینەوە..".

حەكیمانە سەرم لەقاندو وتم:

"دروستە.. قسەیەكی عاقلانەیە.."

"بیر لە شارێكی وا بكـەرەوە یـان دونیایـەك كـە ژنـی تێـدا نەبێ.. كاولە ئاشە.. گەروا بووایە چی دەبوو؟"

بۆم تەواو كرد:

"بڕوا دەكەم پیاوەكان یەكدییان بخواردایە"

"ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە بێ كە بەهەشت پڕە لـە حـۆری.. ئـەگینا پیـاو لـە سـێوو پرتـەقاڵ خـواردن‌و ڕووبـاری شـیرو هەنگوینیش بێزار دەبوو.."

وەلامی قسەکەی ئەوم نەدایەوە، تەریقی قاقاو قریوەکەی خۆم پێم وت: "عەفووم کە مامی خۆم.."

بە سەرسامییەوە پرسی: "چیت کردووە؟"

سەرکزو شەرمنانە وتم: "بەدەنگی بەرز قاقام لێدا لە خۆشی ئەوی کە تۆ حەزت بە حۆرییەکان نییەو کەچی بۆ ژنێکی منگن دەستی خۆت دەبڕی..!".

"دە سەد جارا وایە.. دەم خۆش.. حەز دەکەی تا بەیانی پێبکەنە.. دەڵێن خەنین بۆ دڵ چاکە.."

بە حەسرەتێکەوە پێم ووتن: "مامی خۆم.. حاڵی لە حاڵی ئەو شاعیرە دەچێ کە وتوویەتی: خۆزگە هەموو ئافرەتەکان دەبوون بە یەك ئافرەت.. ماچێکم دەکرد تا ئیسراحەتم بکردایە!"

ئەم قسەیەم خامۆشتری کرد.. زۆر بە دیقەت لێی ورد بوومەوە، ویستم بزانم چی لە ڕووخساریدا دەخوێنمەوە، لەو ساتەوەختەدا کە بیر لە مەرگو ئافرەت دەکەینەوە، چەندە کردمو کۆشام نەمتوانی، جگە لەو خەمە قووڵەی کە چاوەکانی پڕ کردبوو لە تەمو فرمێسك هیچم نەدەدی، ڕووخساری ئەو جۆرە کەسانە بوو کە زەحمەت بخوێندرێتەوە، سیمای لە ڕووبەری ئەو زەریایە دەچوو کە هەرگیز نەزانیت چی لە ژێرەوە شاردۆتەوە، لە ڕووخساری ئەو پیرە پیاوەدا خەمو خۆشی، گاڵتەو دڵگەرمی.. وەك هەتاوو سێبەری ڕۆژانی بەهار پێدزکەیان بەیەکدی دەکرد، دیسانەوە پێکەکەی بەرز کردەوە، کە وا بزانم چوڕێکی تێدا

www.dengekan.com

مابوو، بەڵام جگە لە من کەس هوشیار نەبوو، عەبە بەسەر ئەو دوو سەرینەدا کەوتبوو کە خستبوویە ژێر باڵی، لە شیرین خەودا بوو، شوان مەستو خەواڵوو چەند جارێك وەنەوزی دا، پیرەمێرد نیگای کردمو پڕ بە چاوان سوپاسی کردم کە تا ئەو حەڵە وەئاگامو هوشیاری خەمو دەردە دڵی ئەوم، هەڵیداو فەرمووی:

"لە چاوانت.. کە هێشتا زیتن.."

چۆڕی تێدا نەهێشت، کە وای وت خۆشی وەنەوزی دەدا.. بەو هەموو ساڵە زۆرەوە، بەوپەڕی نەزاکەتەوە داوای لێ کردم کە دەکرێ بەدەم قسەوە پاڵ بکەوێ.. پاشان وتی: "وا بکە ئەم دوو کوڕە لاوە بچنە سەر جێگاکانیان.." پاشان باوکانە سەیری کردمو.. وتی:

"ئەم قسانەم بە کەڵکی حەکایەتەکەی تۆ دێ؟"

بە پەلە وتم:

"زۆریش.. ئەمشەو تۆ جوانترین حەکایەتی عومرت بە من بەخشی"

هەناسەیەکی هەڵکێشاو بە داخو کەسەرێکەوە وتی:

"هێی ــ ڕۆڵە.. حەکایەتێك چییە.. تۆ بڵێ سەدەها حەکایەت لەنێو ئەو دڵو دەروونەی مندا خەوتوون.. لەوە دەترسم کە ئەو حەکایەتانە لەگەڵ مندا بخرێنە گۆڕەوە.. لەگەڵ هەموو بۆنو بەرامەو دەنگی خۆشی ئەو ژنە منگنانەی من شەیدایان بووم.. هیچە.. دونیایەکی پووچە.. ڕاستیان وتووە پێچی مێزەرێکە.. ئەم قسانەم شەوچەرەی میوانداری بوو.."

کە شوانو عەبە بێئاگابوون لەدوا بەندی قسەو خەیاڵو ختوورەکانی منو ئەو پیرە قەسابە، من بەتەنیا خۆم بەستەزمانو ئیفلیج بینییەوە، وەك ئەوەی لەبەردەمی حیکمەتەکانی حەکیمێکی بوودایی دانیشتبێتم، گەرەکم بوو بێداریان کەمەوە بڵێم ئەم حەکایەتە، بەو هەموو هەراو سۆزو هەڵچوونو داچوونەوە، بە شوێنو کاتو کارەکتەرەکانەوە، ئاخۆ لە کوێ جێی دەبێتەوە، لەناو کام شیعرو مۆسیقادا؟

من تا ئەو حەلە بەدوای رۆحی ئەو چیرۆکەدا دەگەڕام، ئیقاعی سۆزێك کە هاوسەنگی برینو حەسرەتو یادەکان ڕێ بکات، ئاوازێك تێکەڵ لە تاسەو سووتانو حەزو گریانو خەنین، تێکەڵ لە سۆزی دوێنێو ترسی سبەینێ کە هەموو حەکایەتەکانو جوانی پیرەمێردێك لە شەوێکی وادا کۆتایی بێ، کە جگە لە سێ کەسو لە شەوێکدا کە جگە لە ئێمە کەسێکی دیکە نایبیستێت، هەتا ئەو پیرەژنەش کە هەموو تەمەنی لەگەڵ ئەو پیرەقەسابەدا بەسەر برد بەو هەموو نهێنییە نازانێت.. بۆ عەقڵی ساوای من لەو ساتەوەختەو لەو سەربانەدا گومانێکی گەورەم هەبوو کە نە شیعر.. نە چیرۆك.. نە مۆسیقا.. هیچ هونەرێكو تۆمارێك نییە دەرەقەتی ئەو هەموو حەزو حەسرەتو خەونانە بێت، ئەو خەمە ناقۆلایە، سێ گەنجی سەرسامو کەم ئەزموون لەبەردەم پیرێکی دونیا دیتە، لە سێ کەڕو لاڵ دەچووین، دەمپرسی: ئاخۆ لە چ دەورو زەمانێکدا هەریەك لە ئێمە

بتوانێ ئەو دەردە دڵە.. ئەو هۆگربوونو گیرۆدەبوونەی رۆح بگێڕێتەوە.. بە چ زمانێك، چ ڕەنگو دەنگێك.. بە چ هەواو ئاوازێك.. بە کام سەرواو کێشێك؟ لە هەر هەمووی ناخۆشتر لای من حەکایەتی خنکاوو نەوتراوی ئەو ژنە منگنانە بوو کە پیرەی قەساب رۆژێك لە رۆژەکان ژوانی لەگەڵ گرتوون، ئەو ژنە تەنیاو بێ دۆستو شەرمنانەی کە تا دەمرن ناتوانن ڕازو نیازی دڵی خۆیان لای هیچ کەسێك بدرکێنن، ئەوانەی بەدزی ژیانەوە دەژین، کچانو ژنانی گیرۆدە بەدەست حەکایەتی حەرامو مەرگەوە، ئەوانەی کە حەکایەتەکانی نامورادی لەگەڵ خۆیان دەبەنە گۆڕەوە.. چونکە هەرگیز کەسێك نییە جوامێرانەو بە مروەتەوە باس لە جوانیو شەیداییان بکات، وەك ئەم قەسابە پیرە.. هەرگیز.. هەرگیز.. ئەو ژنانەی کە تەنها مەرگ وا دەکات عەباو پەچەو چوارشێوو نیقاب فڕێ بدەن تاوەکو کفن لەبەر بکەن.. ئەوانە کێ بوون؟ماڵەکانیان؟ ناویان چی بوو؟ لەکام گۆڕستان بەو هەموو نهێنییەوە نێژران؟ من لەو ئیفلیجتر بووم دەرەقەتی سیحرو نهێنیو ئازارو جوانی ئەو هەموو چیرۆکە لەگۆڕنراوە بێم، ئاخر ناوو ساڵی ژیانو مەرگو یەك دوو دێڕ شیعری هەتیوو نائومێدو ئایەتێکی نووسراو لەسەر کێلی ئەو ژنو کچانە هیچ نالێ.. هیچ.. هیچ.. تەنها شتێك لەو شەوەدا بۆ من کە حەکایەتی ئەو ئافرەتانە بگێڕێتەوە، لە هەموو شتێك پترو کوشندەتر، حەکایەتی ئەو ژنە شەرمنو منگنانە، تەنها شتێك ئەو جێ تیغو برینە سارێژ بووەکانی سەر دەستو مەچەك باسکی

خاڵـە مـەمۆ بـوو کـە لـەو کاتـەدا لـە تـەکما ڕاکـشابوو.. نەمـدەزانی ئـاخۆ تنـۆکی فرمێـسکە زۆرەکانـە یـان بـاقو بریقـــی ئەســـتێرەکانی ئاسمانـــە لـــە چـــاوانی ئـــەودا دەدرەوشانەوە، وەنەوزی دەدا یان لە ژێرەوە بەدەم ڕامان لـە ئەستێرەکانەوە دەگریا، چونکە گوێم لـە هەنـسکی خنکاوی بوو، هەردوو دەستی لە یەکدی گیر کردبوو، لەسەر سـینەی، دوو باسك بە سەد کۆنەبرینـەوە یەکـدییان بـڕی بـوو، ڕێـك وەك ئەو حاڵەتەی کە دوو باسکی مردوویـەك لەسـەر سـینە ئارام دەگرن، هەستم کرد دەیەوێ بنوێ.. مەستو مانـدوو.. گریـانو هەناسـە هەڵکێـشانو ترسـی مـەمۆ لـە مـەرگ پێـی دەوتـین ئـەو خانمانـەی نـاو خـەیاڵی ئـەو چـەندە زیبـاو چ نازدارێـك بـوون.. وەلێ ئەوانـە کـێ بـوون؟ نـاکرێ بەتـەنها چـەند ناوێـكو خـەیاڵێك بـن.. چـەند تارماییـەکی نـاو خەونەکان کـە بـەناو شـەوێکی وادا خێـراو ئاسان تێپـەڕن.. بەدەم هەنسك خەوەوە، لەناکاو، پرسی:

"ڕاکشایت.. تۆش.. بیر لە چی دەکەیتەوە؟"

غەمگین ماندووانە وتم:

"بیر لەو ژنە منگنانەی تۆ دەکەمەوە.. ناتوانم بنووم.."

نائومێدانە وتی:

"ئۆ هۆو.. ئێستا ئەوانیش یان مردوون.. یان وەك من پـیر بوون.. سـەیرە.. تـۆ کـوڕێکی بـە شـەرەفی لـەجیاتی منـیش بیریـان لێ دەکەیتـەوە.. ئێـستا کـە خـەوتم دێنـەوە خـەونم. هەمیشە خەونەکانی من پڕە لە مەڕو بزنی سـەربڕاو.. یـان

ژنـی مـنگن.. سـەیرە جـوانی بـۆ کـەس نـامێنێ.. هیـچە.. دونیایەکی هیچە ڕۆڵەکەم..!"

خامۆش‌و بێدەنگ، وەك ئێشگرێك بەدیارییەوە دانیشتم، تاوەکو شەکەت بووم، چاوەکانی لێکناو ئەستێرەکانیش لە چاوانی ئـەودا خـەوتن، لـە پێڵوەکـانی ڕادەمـام کـە بـەدەم خـــەوەوە دەفـــڕیو دەجـــوولاو پلـــی دەدا، دەمویـــست موعجیزەیـــەك قـــەرز بکـــەم‌و بـــچمە نـــاو خەونـــەکانی، سەفەرێکی درێژ بکەم بەناو خەیاڵ‌و ختوورەکانی.. شەرمم دەکـرد لەتـەك ئـەودا ڕابکێـشم، بـەو نیوەشـەوە تـەماعێکی هـیچ گرتبـوومی کـە برینـەکانی سـەر دەسـت‌و مەچـەك‌و باسکی بژمێرم، وەلێ تـاریکی شـەوو یەکـدی برینـی هـەردوو باسکی لەسەر سینەی وایکـرد مـەحاڵ بـێ ئـەو هـەموو جێ دەمە تیغ‌و کۆنە برینە بژمێرم کە زۆری لە من شاراوە بوو، وەك شاردنەوەی بەشێکی زۆری حەکایەتەکەی، ئەو بەشـەی کـە زۆر حەرامـەو مەحاڵـە کـەس بیـدرکێنێ‌و مەحاڵـە مـن لێـــرە بتـــوانم بینووســـم.. کـــە دواجـــار حەقیقـــەتی هـــەر حەکایەتێکیش لەو حەرامەدایە کە ناوترێ.. لەو بەشـەدایە کە هەمووومان بەدەستی ئەنقەست لە خۆمـانی دەشـارینەوە، وەك بڵێی خیانەت بێ لەو پیرەمێردە شەیداو سەوداسـەرە.. شـەرمنانەو بەدزییـەوە لەتەکیـدا ڕاکـشام.. ئـەو خـەوتبوو.. من گوێم لە هەناسـەی نـاڕێکی دەگـرت کـە جـار جارە ڕێـك دەبـۆوەو پاشـان تێکدەچـۆوە، وەك زینـدەگی خـۆی.. کـە ڕاکـشام هەسـتم کـرد مـن لەتـەك درێـژترین‌و گـەورەترین حەکایـەت ڕاکشاوم کـە نـەك سـەربانەکەی پـڕ کردۆتـەوە..

**بەڵکو رۆحی پـەژموودەو عاشـقانەی هـەر هـەموو شـارەکەی داگیرکردووە.. لەتەك ئەو حەکایەتە مەزنو خەوتووەدا من زۆر چکۆلەو گرگن بووم کە ناچار سوپاسی شـەوم کـرد کـە بـە میهرەبـانی خـۆی دەنیـو دڵـی تـاریکی خۆیـدا منێکـی چـــکۆلە.. چـــکۆلەو ئیفلـــیجو بـــێ بـــەهرە پـــەنا دەداو دەمشارێتەوە..**

(2006-1987)

**سلێمانی**

**سەرنجێك:**

**ڕەشنووسی یەکەمی ئەم نۆڤلێتە بۆ ساڵی (1987) دەگەڕێتـەوە، دوا داڕشتنەوەی هی ساڵی (2006)ە.**

www.dengekan.com